
## له ساڵوەگەڕی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا

# له ساتەوەختی چەخماخەی شۆڕشدا زەوی و ئاسمان بە یەک یاسا هەڵدەسووڕێن



**«وشەی شۆڕش تەنیا لەسەر ئەو شۆڕشانە پراکتیزە دەکرێت کە ئامانجیان ئازادییە. تێگەیشتن لە شۆڕش هاوشانە بە تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی و ئەزموونی دەستپێکێکی تازە، هەروەها لە بنەڕەتدا وشەی شۆڕش چەمکێکی گەردوونییە و لە میانەی کتێبەکەی کۆپەرنیکۆس سەبارەت بە (شۆڕشەکان لە فەزای ئاسماندا – De Revolutionibus Orbium Coelestium) بایەخێکی زۆری وەرگرتووە. کۆپەرنیکۆس لەم بەکارهێنانە زانستییەدا زۆر پارێزگاری بە مانا وردە لاتینەکەی کردووە و راشکاوانە ئەوەی خستۆتەڕوو کە جووڵەی ئاسایی بازنەیی ئەستێرەکان لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤە، ئەوا ناتوانرێت ئەو جووڵەیە رابگیرێت، هەر لەسەر ئەم بنەما زانستییەش وشەی شۆڕش هاتۆتە ناو سیاسەتەوە، بەو مانایەش بەکار هاتووە کە شۆڕش دەستی پێکرد، ئیدی هیچ هێزێک ناتوانێت رێگری لێ بکات. سەبارەت بەم لایەنە، گرنگە ئاماژە بەو دیالۆگە کورتەی نێوان لویسی شانزە و سەرۆکی پاسەوانەکانی بکەین، کە لە بەرەبەیانی چواردەی تەمموزی ١٧٨٩ هەواڵی پێگەیشت شۆڕشگێڕەکان قەڵای باستیل-یان ئازاد کرد، لویسی شانزە بە سەرۆکی پاسەوانەکەی وت: ئەمە یاخیبوونە و دەبێت دەستبەجێ سەرکوت**




### ● دروشمی شۆڕشەکان
### مانا و مەغزای ئامانجەکانی شۆڕشە

ئەو رووداوە گەورانەی شۆڕش لە ماوەیەکی کورتدا دروستیان دەکات، زۆر زیاترە لەوەی کە مێژووی مرۆڤایەتی پێشتر بەرهەمی هێناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ دەستپێکی شۆڕش مێژوو مانایەکی دیکە وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە نەتەوە تیایدا ئازاد بووە. بۆیە ئەگەر هەموو نەتەوەیەك مێژوویەکی هەبێت، ئەوا ئەو مێژووەی شۆڕش پێناسەی دەکاتەوە، رۆحی نەتەوەیەکی ئازاد پیشان دەداتەوە. لەم راستەوە بەپێی ئەو مانا مەجازییەی لە گەردوونەوە بۆ شۆڕش وەرگیراوە و لەناو سیاسەتدا بۆ رێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵگە دووبارە بەکارهێنراوەتەوە، شۆڕش وەك ئەوەیە کاری مرۆڤ نەبێت، بەڵکو پرۆسەیەکە کە ئیرادەی مرۆڤ ناتوانێت رێگەی پێبگرێت.

شۆڕش هێندەی گەڕانەوەیە بۆ لابردنی ئیرادەی داگیرکاری و زوڵم و زۆرداری لەسەر سروشتی ئازادی نەتەوە، هێندە هەوڵدان نییە بۆ ئەوەی مێژوویەکی جیاواز بۆ نەتەوە دروست بکرێت، بۆیە ئەگەر جووڵەی بازنەیی ئەستیرەکان کە بە رێکوپێکی بە درێژایی مانگ و ساڵ بەردەوامە و بەبێ ئەوەی ئیرادەی مرۆڤ بتوانێت رای بگرێت، ئەوا شۆڕش لە پێناوی ئازادی ئامانجی ئەوەیە ئەو ئیرادەیە تێکبشکێنێت کە جووڵەی ئازادی نەتەوەی راگرتووە و رێگەنادات لە فەلەکی بیرکردنەوەی نەتەوەیی خۆیدا وەك نەتەوەیەکی ئازاد خۆی نمایش بکات و هەڵبسووڕێت.

کەواتە کاتێك نەتەوەیەك شۆڕش دەکات، دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ پێش قۆناخی داگیرکاری، لەم پێناوەشدا کاتێك نەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە بێگەردەی نەتەوەکەی کە هێشتا رەفتاری بەدی داگیرکاری و چەوسانەوە پیسی نەکردووە، ئەگەر ئەم حاڵەتە لەسەر جۆشدانی نەتەوەیی کورد بەرجەستە بکەین، ئەوا زۆر راشکاوانە ئەو راستییە دەبینین ئێمەش لەسەر ئاستی مێژووی کۆن دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئیمپراتۆریەتی ماددەکان، واتە ئەو کاتەی



بکرێن، بەڵام لە وەڵامدا سەرۆکی پاسەوانەکانی پێی گوت: نەخێر، قوربان ئەمە (شۆڕشە)، ئەمەش مانای ئەوەیە کەس ناتوانێت شۆڕش دابمرکێنێتەوە. ئەمەش وەک ئەوەیە جووڵەی ئەستێرەکانی ئاسمان بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێک بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی مرۆڤ هاتبێتە سەر زەوی و کەوتبێتە سەرووی ئیرادەی مرۆڤەوە، کە ئەمەش سیفەتێکی دیاری مێژووە. لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئیشکالیەتێک لەسەر ئەوە هەبێت کە دەڵێن ئازادی بەرهەمی پێویستییە، ئەوا ئیشکالیەتەکە لەوە گەورەتر نابێت کە بڵێن ئاسمان و زەوی پێکهاتوون بۆ ئەوەی بە یەک یاسا بەڕێوە بچن.»

● هانا ئارنت . کتێبی (لەسەر شۆڕش)

کورد خۆی خاوەنی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی خۆی بووە، زۆر بە سادەیی ئەو کاتەی کە کورد ئازاد بووە و ژێردەستەی هیچ نەتەوەیەکی دیکە نەبووە، لە مێژووی نە زۆر دووریشدا هەموو تاکێکی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژووی شەڕی چاڵدیران، ئەمەش بەو مانایەی ئەو کاتەی نیشتمانی کوردستان یەك نیشتمان بووە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانیدا، لە مێژووی تازەشدا دیارە هەموو لایەك دەگەڕێتەوە بۆ پێش رێککەوتنی سایکس پیکۆ، کە تیایدا کوردستان بۆ چوارپارچە و بە سەر هەریەك لە ( عێراق، تورکیا، سووریا و ئێران) دابەشکرا.

لەم روانگەیەوە کاتێك بمانەوێت لە مانا و مەدلوولی شۆڕشەکانی کوردستان تێبگەین، ئەوا دەبینین کە ئامانجی هەموو شۆڕشەکان ئاوڕدانەوە بووە لە مێژووی پێش داگیرکاری و چەوسانەوە، بە دیوێکی دیکەدا گەڕانەوە بووە بۆ ئەو ئازادییەی کە پێشتر نەتەوەکەی هەیبووە و پاشان نەتەوە داگیرکارەکانی دیکە لێیان زەوت کردووە، هەر بۆیەشە ئامانجی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان ئازادی بووە، ئازادی بەو مانایەی کورد خۆی نەتەوەیەکی ئازاد بووە و ئازادییەکەی لێ زەوت کراوە و دەیەوێت ئازادییەکەی بۆ بگەڕێتەوە. ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە شۆڕشەکانی کوردستان لە پێناوی ئەوە نەبووە بارودۆخێکی تازە بەسەر ناوچەکە و نەتەوەکانی دەوربەریدا فەرز بکات، بەڵکو ئامانجی شۆڕشەکانی کوردستان گەڕانەوە بووە بۆ قۆناخی پێش داگیرکاری و زەوتکردنی ئازادی لە کورد و کوردستان.

ئەگەر لەم دەروازەیەوە سەیری هاوتاکردنی (ژیان بە ئازادی) و (مردن بە کۆیلەیەتی) بکەین، ئەوا کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان، دەبنیین پێش ئەوەی دروشمی شۆڕش ببێتە تەنیا دوو وشە (کوردستان یان نەمان) ئەوا دەبینین، بەشی هەرە زۆری سەرکردەی شۆڕشەکان لە پێناوی کۆماری ئازادیی کوردستاندا، مردنیان هەڵبژاردووە نەك ژیانێکی ژێردەستەیی، لەم پێناوەشدا دەیان سەرکردەی کورد وەك (شێخ عەبدولسەلامی

بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموودی حەفید و قازی محەمەد) چوونە بەرپەتی سێدارە و ژێردەستەییان قبوڵ نەکردووە. ئەمەش مانای ئەوەیە چۆن چەخماخەی شۆڕش کە دەستی پێکرد دەبێتە زنجیرەیەك شۆڕشی یەك بەدوای یەك و ئیدی هیچ داگیرکارێك ناتوانێت سەرکوت و خامۆشی بکاتەوە و وەك ئەوەیە نیشتمانی نەتەوەی داگیرکراو لەگەڵ ئاسمان ڕێککەوتبێت بەوەی مرۆڤ چۆن ناتوانێت جووڵەی ئازادانە و ڕێکوپێکی ئەستێرەکان ڕابگرێت، کاتێك شۆڕشیش دەستی پێکرد، ئەوا ئیرادەی هیچ داگیرکارێك ناتوانێت، جووڵەی نەتەوە بۆ ئازادی و گەڕانەوە بۆ پێش قۆناخی داگیرکاری و سەرکوتکردنی ئازادی ڕابگرێت. ئەوا بە هەمان شێوە و دوور لە ئیرادەی تەنانەت ئەو شۆڕگێڕانەشی کە دەبنە کۆڵەگەی سەرەکیی شۆڕشەکە، ئەوا دروشمی شۆڕشەکەش دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئامانجی شۆڕشەکە و ئەو وشانەی کە دەبنە دروشمی ئەو شۆڕشە، بێجگە لەو وشانەی لەو دروشمانەدا کۆدەبنەوە، هیچ وشەیەکی دیکە نابێتە هاوتای ئامانجی ئەو شۆڕشە.

سەبارەت بەم لایەنە مەحمود مستەفا عەقاد لە کتێبی (فەلسەفەی شۆڕش لە تەرازوودا) هەڵوەستەی لەسەر ئەوە کردووە کە دروشمی هەر شۆڕشێك پڕاوپڕ مانای شۆڕشەکەیە، لەم ڕاستەوە ئاماژەی بە دروشمی شۆڕشی فەرەنسا کردووە کە بریتی بووە لە (ئازادی و برایەتی و یەکسانی). عەقاد لەسەر ئەم دروشمە دەڵێت: کاتێك بە زمانی فەرەنسی گوێ لەم سێ وشەیە دەگرین، هەست دەکەین لەبەر ئەوەی ئەو سێ وشەیە هاوئاواز و قافیەن، بیرمان بۆ ئەوە دەچێت لەبەر هاوئاوازی و قافیەی وشەکان، ئەو سێ وشەیە هەڵبژێردراون، بەڵام کاتێك بە قووڵایی بەناو شۆڕشی فەرەنسادا ڕۆدەچین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت بێجگە لەم سێ وشەیە، هیچ وشەیەکی دیکە بۆ شۆڕشی فەرەنسا ناشێت، بەڵام ئەگەر سەیری دروشمی شۆڕشی چین بکەین بە سەرۆکایەتی (سن یات سن) دەبینین دروشمی شۆڕشی چین هیچ کام لە وشەکانی شۆڕشی فەرەنسای لەخۆی نەگرتووە، بەڵکو سێ وشەی جیاوازی دیکە بۆتە دروشمی شۆڕشەکەیان کە دەربڕی ئامانجەکانی شۆڕشی چین بووە کە بریتی بوون لە (پرانسیپی نەتەوەیی، دیموکراتی، سۆشیالیستی نەتەوەیی) ئەم سێ وشەیەش لە زمانی چینیدا هاوئاواز و قافیەن، بەڵام هەموو ئامانجەکانی شۆڕشەکەی لەخۆی گرتووە.

لێرەوە ئەگەر وەك بەراوردکارییەك لەگەڵ دروشمی شۆڕشی ئەیلول وەك شۆڕشی نەتەوەیەکی داگیرکراو بەراوردی بکەین، دەبینین دروشمی ئەم شۆڕشە مەزنە کە تەنیا دوو وشەیە و بریتییە لە (کوردستان یان نەمان)، ئەوا نەك هیچ وشەیەکی لە دروشمی شۆڕشەکانی جیهان ناچێت، بەڵکو دەربڕی ئیرادەی نەتەوەیەکە بۆ ئازادی و لەم دروشمەدا ژیانی هاوتای ئازادی و مردنیشی هاوتای چەوسانەوە کردووە. ئەم دروشمەی شۆڕشی ئەیلولیش داهێنانی هیچ کەسێکی بەشداربووی شۆڕشەکە نییە، بەڵکو هەڵقوڵاوی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی تاکی کوردستانە بۆ تێگەیشتن لە ئازادی و گەڕانەوە بۆ ئەو مێژووەی کە کورد خۆی خاوەنی دەوڵەت و ئازادیی خۆی بووە و لەو پێناوەشدا شۆڕشی کردووە بۆ ئەوەی کۆتایی بە داگیرکاری و چەوسانەوە بهێنێت. خاڵی گرنگ لەم دروشمەی شۆڕشی ئەیلول کە دەڵێین گەڕانەوەیە بۆ مێژووی پێش داگیرکاری و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد، دیوێکی دیکەی تێگەیشتنی کورد بۆ ئازادی بەرجەستە دەکات، کە ئەویش ئەوەیە کورد نایەوێت تۆڵە بکاتەوە و خاکی نەتەوەیەکی دیکە داگیربکات، بەڵکو دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی کە هیچ نەتەوەیەك لە نەتەوە داگیرکارەکانی کوردستان، هێشتا کوردستانی داگیر نەکردووە. ئامانجی شۆڕشی مەزنی ئەیلول ئەوە بەرجەستە دەکات، کورد و کوردستانییەکان بە ئازادی بژین و نەتەوە داگیرکارەکانی دوێنێیش وەك نەتەوەیەکی ئازاد بژین.

**● شۆڕشی ئەیلول**

**پێکەوە گرێدانەوەی جوگرافیا و مێژووی کوردستان**

نیکۆلاس کۆپەر نیکۆس کە بە هێما و سیمبولی دەستپێکی ڕێنیسانس و سەرەتای کۆتایی سەردەمی تاریکی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا و داهێنەری چەمکی شۆڕش هەژمار دەکرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی شۆڕشەکەی لە فەزای ئاسماندا دەستپێدەکات، ئەمەش بەو مانایەی یاساکانی گەردوون لە ئاسماندا لە ژێر تەفسیری پیاوانی ئایینی ڕزگار دەکات.

کۆپەر نیکۆس لە ساڵی ١٥٤٣ ئەم ڕاستییەی وەك تیۆر سەلماند، بەڵام نزیکەی ٧٣ ساڵ دوای مردنی کۆپەرنیکۆس، دوای ئەوەی گالیلۆ وەك زانایەکی فیزیا ئەم ڕاستییەی بە ڕێگەی تەلسکۆب سەلماند، کەنیسە هەوڵیدا جارێکی دیکە دەست بخاتەوە ناو یاساکانی گەردوون، گالیلۆ دەیزانی ئەو قسانەی کەنیسە هیچ بایەخێکی بۆ یاساکانی گەردوون نییە، بۆیە لە دادگاییکردنەکەیدا کە بە پەشیمانبوونەوە لە قەڵەم دەرێت، بە کەنیسەی ڕاگەیاند مادام ئێوە

**سەرۆک مسعود بارزانی وەک درێژەپێدەری فیکری مستەفا بارزانی، هەموو ئامانجی ئەوەیە دیالۆگی برایانە لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب و فارس و تورک بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی هەموو لایەک تێبگەن ئازادی مانای چییە**

**لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول زۆر جار ڕژێمەکانی عێراق هەوڵیاندا شۆڕشی کوردستان بە یاخیبوون لەقەڵەم بدەن، بۆ ئەوەی کوشتنی کورد حەلاڵ بکەن، بەڵام مێژوو فەتواکەی سەماحەتی موحسین حەکیم- مان بیردەهێنێتەوە کە ڕاشکاوانە گوتی: ئەوە شۆڕشە و یاخیبوون نییە و کورد لە پێناوی ئازادی شۆڕشی بەرپاکردووە**

**ئەیلوول فێری کردین کاتێک شۆڕش بە مانای ڕاستەقینەکەی خۆی و لە پێناوی ئازادی هەڵدەگیرسێت، ئەوا هیچ ئیرادەیەکی داگیرکاری ناتوانێت بە (یاخیبوون، یان هەڵگەڕاوە) پێناسەی بکات، یان قەناعەت بە نەتەوەی سەردەست بکات**

پێتانوایە زەوی خڕ نییە و بە دەوری ڕۆژدا ناسووڕێتەوە، با قسەی ئێوە بێت، بەڵام زەوی هەر خڕە و بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە، لەو کاتەدا کەنیسە پێیوابوو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و ئێدی نە زەوی خڕە و نە بە دەوری خۆریشدا دەخولێتەوە، بەڵام ئەو قسانە بۆ ماوەیەکی کورت نەبێت، هیچ بایەخێکی نەبوو. واتە پاش ماوەیەکی کورت و دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی لە ئەورووپا لە ساڵی ١٦٤٨ و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ویستفالیا، دوای ئەویش قۆناخی ڕۆشنگەی کە لە چوارچێوەی (شۆڕشی شکۆمەندی - Glorious Revolution) دەستپێدەکات، ئیدی نەک پرسی ئەوەی زەوی خڕە، یان خڕ نییە، کۆتایی دێت، بەڵکو کۆتایی بەوەش دێت کە چیدیکە بڵێن سەرچاوەی دەسەڵاتی پاشاکان لە خوایەوە، واتە ئەو ڕوانگەیە گۆڕا بۆ ئەوەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، لەم بەروارە بەدواوە، ئیدی ئیرادەی نەتەوە بۆ ئازادی وەك جووڵەی ئەستێرەکان لە سەر بازنەی ئاسایی خۆی چووێنراوە و هەر کەسێك ویستبێتی ئیرادەی نەتەوەیەك ملکەچ بکات، سەرەنجام وەك پیاوانی کەنیسەکانی سەدەی ناوەڕاستی بەسەر هاتووە.

ئەگەر لەم پێگەوە گرێدانەوەی ئازادیی جووڵەی ئەستێرەکان لە ئاسمان و مافی هەر نەتەوەیەك کە دەبێت بە ئازادی بژی و خاوەنی سەروەریی خۆی بێت، شۆڕشی مەزنی ئەیلول دووبارە پێناسە بکەینەوە، ئەوا بە حوکمی ئەوەی مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلولی کردووە و، خۆی لەماوەی ١٩١٩ – ١٩٦١ بەشداری هەموو شۆڕشەکانی کوردستانی پێش شۆڕشی ئەیلولی کردووە، هەر لە (شۆڕشی شێخ مەحمود و شۆڕشی یەکەمی بارزان و شۆڕشی دووەمی بارزان و شۆڕشی پێشەوا و پاشانیش پەڕینەوەی لە ئاوی ئاراس و چوونی بۆ سۆڤیەت کە ئەمیشیان شۆڕشێکی دیکە بووە)، ئەوا ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییە دەبینین کە چۆن کۆپەرنیکۆس لە فەزای ئاسمانەوە پێناسەی شۆڕش دەکات، بە هەمان شێوە مستەفا بارزانی لەناو فەزای هەموو مێژوو و جوگرافیای کوردستاندا دووبارە پێناسەی مێژوو دەکاتەوە و ڕۆژی ١١ی ئەیلول دەبێتە ئەزموونی دەستپێکی نوێ لە شێوازی بیرکردنەوەی بیری نەتەوەیی و دووبارە پێناسەکردنەوەی جوگرافیای کوردستان وەك نیشتمانی هەموو ئەو پێکهاتە و نەتەوە جیاوازانەی لەناو ئەو نیشتمانە و دووبارە گرێدانەوەی مێژووی دوور و نزیکی نەتەوە وەك ئەستێرەیەك تیشك دەداتەوە.

لایەنێکی دیکە لە چەخماخەی شۆڕشی ئەیلول، دروست وەك ئەوەیە کە یاساکانی ئاسمان هاتبنەخوارەوە بۆ سەر زەوی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەرواری ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ کە دەبێتە ڕۆژی هەڵایسانی ئەو شۆڕشە مەزنە، بەروارێك نییە حزبێکی سیاسی، یان تەنانەت ڕێبەری شۆڕشیش ئەو ڕۆژەی بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشەکە دیاری کردبێت، بەڵکو ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ ئەو ساتەوەختەیە کە گەلی کوردستان بڕیاریدا وەك ئەستێرەکانی ئاسمان بە ئازادی و دوور لە ئیرادەی داگیرکاران لە فەزای شۆڕشدا خۆی نمایش بکات.

سەبارەت بەم بەروارەی دەستپێکی چەخماخەی شۆڕشی ئەیلول، مسعود بارزانی لە کتێبی (مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە مستەفا بارزانی پێی باش بووە چەند مانگێکی دیکە ڕاگەیاندنی شۆڕش دوابخرێت، هەتا ئامادەباشی زیاتر دەکرێت و ناوچەیەکی فراوان بۆ شۆڕش ئازاد دەکرێت، بەڵام کە گەل لە ١١ی ئەیلول بڕیاریدا شۆڕش دەست پێبکرێت، مستەفا بارزانی فەرمانی گەلەکەی جێبەجێ کرد و ڕێبەرایەتی شۆڕشەکەی خستە سەرشانی خۆی.

ئەگەر لەسەر ئەم تێگەیشتنەی بارزانیی مستەفا بۆ شۆڕش هەڵوەستەیەك بکەین، ڕاشکاوانە ئەوە دەخوێنینەوە کە لە فیکری ئەو ڕێبەری شۆڕشەدا، شۆڕش مانای ئیرادەی گەل وەردەگرێت، نەك حزبێکی سیاسی، یان تەنانەت ڕێبەری شۆڕشەکەش، ڕەنگدانەوەی ئەم فیکرەش لەناو ڕەفتاری شۆڕشگێڕی بارزانی-ی نەمردا هەموو کات لە چەند وشەیەکی زۆر سادە ڕەنگی داوەتەوە، ئەویش ئەوەیە (ئەگەر گەلی کوردستان یەکڕیز و یەکگرتوو بێت، ئەوا ئەو توانایەی هەیە داگیرکەرانی کوردستان بکاتە خزمەتکاری خۆی)، ئەم دێڕە کە دیسان پێکەوە گرێدانەوەی مێژووی دووری نەتەوەیە بە مێژووی ئەو کاتەی بارزانی مستەفا ئەو قسەی تێدا کردووە، دیسان ئەمە دەبێتەوە بە دیرۆکێك بۆ تێگەیشتنی کورد لە چەمکی ئازادی لە مێژووی کۆن و تازەدا. ئەم شێوازی بیرکردنەوەی بارزانی مستەفا بۆ شۆڕش و ئازادی و سەربەخۆیی، ئێستا بەهەمان شێوە بۆتە نەخشەڕێگەی بیرکردنەوەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و هەموو داواکاری و هەوڵەکانیشی وەك بارزانیی مستەفا بۆ ئەوەیە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی گەلی کوردستان بپارێزرێت، تەنانەت ئەگەر پاراستنی ئەم یەکڕیزی و

**ئامانجی شۆڕشی ئەیلوول ئەوەبووە کە کورد بگاتە ئازادی و لە ژێردەستەیی ڕزگاری بێت، بەهەمان شێوە نەتەوەکانی دیکەش بگەنە ئازادی و لە داگیرکاری ڕزگاریان بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نەتەوەیەک ئازاد نییە، ئەگەر نەتەوەیەکی دیکە داگیر بکات**

**لە فیکری مستەفا بارزانی شۆڕش یەک شۆڕشە، شۆڕشەکان هەر یەکەیان شۆڕشەکانی پێش خۆیان تەواو دەکات و ئامانجی هەموو شۆڕشەکانیش یەک ئامانجە، بۆیە هەر شۆڕشێک خۆی لە شۆڕشەکانی دیکەی کوردستان جیابکاتەوە و بیەوێت شتێکی دیکە پیشانی نەتەوەکەی بدات، ئەوە شۆڕش نییە و دژە شۆڕشە**

**شۆڕش کە دەستی پێکرد، زنجیرەیەک شۆڕشی یەک لەدوای یەک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە ئەگەر داگیرکاران بتوانن لە سەردەمێکدا لە ڕووی سەربازییەوە شۆڕش سەرکوت بکەن، ئەوا لەو کاتەدا سەرلەنوێ ئیرادەی نەتەوە شۆڕشێکی دیکە دەست پێدەکاتەوە**

**ئەزموونی بارزانیی مستەفا لە شۆڕشی ئەیلوولدا فێرمان دەکات، نەتەوە بۆ ئازادی شۆڕش دەکات، نەک حزب و سەرکردە، شۆڕش کە یەکەم چەخماخەی دەستی پێکرد، پیشاندانی ئیرادەی گەلە و هیچ هێزێک ناتوانێت ئەو ئیرادەیە کپ بکاتەوە، هەتا بە دوایین ئامانجی خۆی نەگات، کە ئەویش ئازادییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییدا**

**ئەگەر پێش ٤٠٠ساڵ لە ئێستا فاکتەری لاواز لە نەخشەڕێگەی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی نەبوونی یەکریزی و یەکهەڵوێستی هەموو خەڵکی کوردستان بوو بێت، ئێستاش ئەم فاکتەرە نەگۆڕە خاڵی هەرە لاوازی هەمان نەخشەڕێگەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و سەفرازی یەکجارەکی نەتەوەی کورد**

**شۆڕشی کوردستان ئامانجی ئازادییە، ئەمەش نەک بەمانای ئازادی بۆ گەلی کوردستان و ژێردەستەیی بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە ناوچەکە لەگەڵیدا دەژین، بۆیە ئەیلوول فێری کردووین کە دژی ئەو دەسەڵاتە داگیرکارانە بین کە لە یەک کاتدا نەتەوەی کوردی کردووە بە داگیرکراو و نەتەوەی بەرامبەری کردووە بە داگیرکار**

یەکهەڵوێستییەی گەلی کوردستانیش لەسەر حیسابی خودی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بێت.

لایەنێکی دیکە لە پێکەوەگرێدانەوەی جوگرافیا و مێژووی کوردستان و چەمکی شۆڕش کە لە فیکری مستەفا بارزانی-یەوە فێری دەبین، ئەوەیە کاتێك شۆڕش دەست پێدەکات ئیدی زنجیرەی شۆڕشە یەك لەدوا یەکەکان لە هەموو کوردستانی گەورە دەستپێدەکات، لەوانەیە هێزێکی داگیرکاری لە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووییدا بتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، ئەویش تەنیا لە رووی سەربازییەوە بزووتنەوەیەکی چەکداری سەرکوت بکات، بەڵام ئەو کاتەی شۆڕشێك سەرکوت دەکرێت، سەرەتای شۆڕشێکی دیکە دەست پێدەکاتەوە، ئەو شۆڕشەی دووبارە دەستپێدەکاتەوە نابێتە شۆڕشێکی نوێ، وەك زۆر جاران بۆ مەرامی حزبایەتی تەسك ئەم وشەیە بەکار دەهێنین، بەڵکو شۆڕشی کۆن و نوێی نییە و هەر شۆڕشێك درێژەپێدەری شۆڕشەکەی پێش خۆیەتی، لەمەش زیاتر شۆڕش بۆ ئامانجەکانی هێندەی بۆ مێژووی شکۆی نەتەوەکەی دەگەڕێتەوە و دەیەوێت نەتەوەکەی بگێڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی دەستی داگیرکاری خاکەکەی داگیر نەکردووە، هیچ ئامانجی لەوە نییە جوگرافیایەکی تازە، یان مێژوویەکی تازە دروست بکاتەوە، شۆڕش دووبارە مێژوو و جوگرافیا بە مانا راستەقینەکەی خۆی پێناسە دەکاتەوە و دەبێتە دەستپێکی ئەزموونێکی نوێ بۆ گێڕانەوەی راستییەکان بۆ جێگەی خۆی، بەڵام هەرگیز مێژوویەکی جیاواز، یان جوگرافیایەکی جیاواز بۆ نەتەوەکەی دروست ناکات. راشکاوانەتر ئامانجی راستەقینەی شۆڕشی کوردستان ئەوە بووە، ئەو پەڵە ناشیرینانەی دەستی داگیرکاری لەسەر جوگرافیا و مێژووی کوردستان دروستی کردووە، جارێکی دیکە ئەو پەڵە ناشیرینانە بسڕێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەو جوگرافیا و مێژوویەی پەروەردگار بە گەل و نەتەوەی کوردستانی بەخشیوە، وەك خۆی بدرەوشێتەوە، هەروەك چۆن کۆپەر نیکۆس دەیویست جوانی و درەوشاوەیەی ئەستێرەکانی ئاسمان لە پەڵەی ناشیرینی تەفسیری کەنیسە بۆ گەردوون پاك بکاتەوە.

### ● خوێندنەوەی شۆڕشی ئەیلول بۆ ئێستامان نەك وەك رووداوێك لە رابردوودا

زۆر جاران کە باسی شۆڕشەکانی کوردستان بەگشتی و شۆڕشی ئەیلوول بەتایبەتی دەکەین، لەهەندێك لەوانەی بە مانا قووڵەکەی شۆڕش لە چەمکی شۆڕش تێنگەیشتوون، گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەور و زەمان گۆڕاوە و شۆڕشەکانی کوردستان دەبێت وەك بەشێك لە مێژوو سەیر بکرێن، نەك بۆ ئێستامان دووبارە سوودی لێوەربگرینەوە و ژیانی خۆمانی لەسەر رێکبخەینەوە.

لەوەڵامی ئەوانەی پێیانوایە دەور و زەمان گۆڕاوە و چەمکی شۆڕش و ئازادییش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەوا ئەگەر چەمکی شۆڕش وەك چەمکێکی فەلسەفی دووبارە راڤە بکەینەوە و ئازادی وەك پێویستییەك بۆ مرۆڤایەتی پێناسە بکەینەوە، بێگومان دەبینین نە شۆڕش وەك چەمکێکی فەلسەفی کۆن و تازەی هەیە، نە لە هیچ دەور و زەمانێکیش ئازادی لە بازنەی پێداویستیی نەتەوەکان دێتەدەرەوە، کەواتە نە مانا و چەمکی شۆڕش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، نە ئازادییش وەك پێداویستییەك بۆ ژیانی نەتەوەکان کۆتایی دێت.

ئەم ئاراستەیە دەروازەیەکی دیکەمان بۆ دەکاتەوە سەبارەت جیاوازیی نێوان شۆڕشەکانی کوردستان و ئەگەر بپرسین ئایا جیاوازی لەنێوان ئامانجەکانی شۆڕشەکانی کوردستاندا هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا فیکری مستەفا بارزانی وەك کەسێك کە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بەشداری زۆربەی شۆڕشەکانی کوردستانی کردووە، ئەوا پێمان دەڵێت: ئامانجی شۆڕشەکانی کوردستان نەك تەنیا لە ماوەی تەمەنی مستەفا بارزانی، بەڵکو بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێی کوردستان، شۆڕشەکان تەنیا یەك ئامانجیان هەبووە، ئەویش گەیشتن بووە بە ئازادی و شەبەنگی ئازادییش لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا پڕشنگ دەداتەوە. بەڵام هەر لەچوارچێوەی ئەم تێگەیشتنە بۆ شۆڕش و ئازادی، ئەگەر شۆڕش و ئازادی دوو توخمە نەگۆڕەکەی مێژووی خەباتی هەر نەتەوەیەك بن، ئەوا لەناو مێژووی مقاوەمەت و قوربانیدان بۆ شۆڕش و گەیشتن بۆ ئازادی کۆمەڵێك توخمی گۆڕاویش هەن. ئایا توخمە گۆڕاوەکان کاریگەرییان لەسەر توخمە نەگۆڕەکان نییە کە شۆڕش و ئازادیین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دیسان ئەزموونی مستەفا بارزانی لەچەندین شۆڕشدا پێمان دەڵێت: توخمە گۆڕاوەکان بۆ مقاوەمەت و سەرخستنی شۆڕش، پەیوەستن بە دەور و زەمانەوە و پەیوەستن بەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئاستی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی هەموو نەتەوەکانی جیهان روودەدەن، بەڵام ئەم توخمە گۆڕاوانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر توخمە نەگۆڕەکان نابێت کە مانای شۆڕش

و ئازادییە. هەر بۆ نموونە: لەوانەیە باب و باپیرانی ئێمە سەدان ساڵ پێش ئێستا لە پێناوی ئازادیدا شۆڕشیان بەرپا کردبێت، بۆ سەرخستنی ئەم شۆڕشەش لەوانەیە چەکی ئەو سەردەمە چی بووبێت، ئەو چەکەیان بەکارهێناوە، هاوکێشەی هێز چۆن بووە بەو جۆرە مامەڵەیان کردووە، بەڵام هەموو تەنیا بۆ یەك ئامانج بووە کە ئەویش ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بووە.

لەم راستەوە ئەگەر وانەکانی شۆڕشی ئەیلوول وەك درێژەپێدەری تەواوی شۆڕشەکانی پێش خۆی بکەینە نەخشەڕێگەی سەربەخۆیی بۆ ئێستای کوردستان، ئەوا جیاوازی نێوان نەخشەڕێگەی شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری لەگەڵ ئەو نەخشەڕێگەی کە ئێستا مسعود بارزانی بۆ هەمان ئامانج لەسەری دەڕوات، وەك جیاوازی ئەو نەخشەیەی گۆی زەوییە کە کریستۆڤەر کۆلومبوس ئەمریکای پێ دۆزییەوە، لەگەڵ ئەو نەخشەیەی کە ئێستا فڕۆکەوانێك فڕۆکەی F35 بەخێرایی هەزاران کیلۆمەتر لە ئاسماندا پێ لێدەخوڕێت. کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت چۆن نەخشەی گۆی زەوی لە سەردەمی کریستۆف کۆلۆمبوس چۆن بووە، ئێستاش هەمان نەخشەیە، ئەوا بەهەمان شێوە ئەو نەخشەیەی هەموو سەرکردەکانی پێش مسعود بارزانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەسەری ڕۆیشتوون، ئێستا ئەویش لەسەر هەمان نەخشەو بۆ هەمان ئامانج هەمان ڕێگە تەواودەکات، بەڵام ئەگەر بڵێین توخمەکانی سەردەمی شێخ عوبێدوڵای نەهری بۆ جۆشدانی شۆڕش و شێوازی گرێدانی پێوەندی لەگەڵ دۆستانی کورد و دەوڵەتانی جیهاندا، هەمان ئەو توخمانەن کە ئەمڕۆ سەرۆك مسعود بارزانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، بێگومان نەك هەر هەمان توخم نین، بەڵکو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتووە کە بەراورد ناکرێن، بەڵام خاڵی نەگۆڕ لەنێوان ئەم دوو سەردەمە جیاوازەدا ئەوەیە کە نە چەمکی شۆڕش و ئازادی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، نە پرانسیپە نەگۆڕەکانی جۆشدانی شۆڕشیش کە (یەکهەڵوێستی و یەکڕیزیی خەڵك و تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەگەر پێش ٤٠٠ساڵ لە ئێستا فاکتەری لاواز لە نەخشەڕێگەی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هەموو خەڵکی کوردستان بووبێت، ئێستاش ئەم فاکتەرە نەگۆڕە خاڵی هەرە لاوازی هەمان نەخشەڕێگەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و سەفرازی یەکجارەکی نەتەوەی کورد.

گرنگیی شۆڕشی ئەیلوول لە مێژووی مقاوەمەت و تەواوی شۆڕشەکانی کوردستاندا بۆ ئێستامان ئەوەیە، شۆڕشی ئەیلوول ئەزموونی کۆکراوەی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان و کەڵەکەبوونی لایەنە ئیجابییەکانی هەموو شۆڕشەکانی پێشووە لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا و پەرەپێدانی توخمە گۆڕاوەکان بۆ زیاتر ڕێکخستن و کۆکردنەوەی هەموو تواناکانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی ئیرادەی نەتەوەیی لە شۆڕشدا ڕەنگدانەوەی گەورەتر و بەرهەمداری هەبێت.

لێرەوە ئەگەر دیسان بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی مستەفا بارزانی لە پەرەپێدانی توخمە گۆڕاوەکان بۆ زیاتر جۆشدانی تواناکانی نەتەوە لە شۆڕشدا، دەبینین تەنانەت لە مێژووی بەشداری مستەفا بارزانی لە شۆڕشە جیاوازەکانی کوردستاندا، توخمە گۆڕاوەکان گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە. هەر بۆ نموونە لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا کە لە ساڵی ١٩٤٣ هەر مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی کردووە، دەبینین پارتێکی سیاسی بەو مانایە نەبووە کە نوێنەرایەتی هەموو خەڵك و چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان بکات، ڕاستە پارتی سیاسیی خەباتگێڕ و تێکۆشەر پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوونیان هەبووە و پشتگیری تەواوی شۆڕشی دووەمی بارزانیشیان کردووە، بەڵام لەدوای شۆڕشی دووەمی بارزان و ئەزموونی بارزانیی مستەفا لەبەشداریکردنی لە کۆماری کوردستاندا، پارتێکی سیاسی کە نوێنەرایەتی سەرجەم پارتە سیاسییەکانی پێش خۆی و تەواوی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکات، بە پێویستیەکی گەورەی زانیوە بۆ ئەوەی پەتای ٤٠٠ساڵ لێکترازان و پارچەپارچەبوونی ڕیزەکانی گەلی کوردستانی پێ چارەسەربکات، ئەمەشی لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەرجەستە کردووە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان جیاواز لەهەموو ئەو پارتە سیاسییانەی لە مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان دروست بوون، جیاواز لەهەموو ئەو پارتە سیاسییانەی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی پێش دامەزراندن و دوای دامەزراندنی پارتی دروست بوون، بۆ ئەوە دانەمەزرا کە بیروبۆچوونێکی تازە، یان جیاواز پیشانی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بدات، بەڵکو ئامانجی دامەزراندنی پارتی بۆ ئەوە بوو، هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوە و ئیرادەی گەلی کوردستان بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی و جیاوازی چینایەتی بکاتە یەك ئیرادە، ئەو ئیرادەیەی کە هەمووکات وێردی سەرزاری

**شێوازی بیرکردنەوەی بارزانیی مستەفا بۆ شۆڕش و ئازادی و سەربەخۆیی، ئێستا بەهەمان شێوە بۆتە نەخشەڕێگەی بیرکردنەوەی سەرۆک مسعود بارزانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و هەموو داواکاری و هەوڵەکانیشی وەک بارزانی مستەفا بۆ ئەوەیە یەکریزی و یەکهەڵوێستی گەلی کوردستان بپارێزێت، تەنانەت ئەگەر پاراستنی ئەم یەکریزی و یەکهەڵوێستییەی گەلی کوردستانیش لەسەر حیسابی خودی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بێت**

**لەوانەیە هێزێکی داگیرکاری لە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژوویدا بتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، ئەویش تەنیا لە ڕووی سەربازییەوە بزووتنەوەیەکی چەکداری سەرکوت بکات، بەڵام ئەو کاتەی شۆڕشێک سەرکوت دەکرێت، سەرەتای شۆڕشێکی دیکە دەست پێدەکاتەوە، ئەو شۆڕشەی دووبارە دەستپێدەکاتەوە نابێتە شۆڕشێکی نوێ، وەک زۆر جاران بۆ مەرامی حزبایەتی تەسک ئەم وشەیە بەکار دەهێنین، بەڵکو شۆڕشی کۆن و نوێی نییە و هەر شۆڕشێک درێژەپێدەری شۆڕشەکەی پێش خۆیەتی**

مستەفا بارزانی بووە، ئەگەر ئەو ئیرادەیە دروست بوو، ئەوا ئەو توانایەش دەبێت هەموو داگیرکارانی کوردستان چۆك دابدەن.

کەواتە ئەگەر لێرەوە سەیری چەمکی پارتی سیاسی لە فیکری مستەفا بارزانی بۆ شۆڕش و ئازادی بکەین، دەبینین پارتی توخمێکی گۆڕاوی شۆڕشە و ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی توخمێکی دیکە کە نەك ئەو توخمە نەگۆڕە، بەڵکو پێویستە نەگۆڕ بێت و هەر بە نەگۆڕیش بمێنێتەوە، کە ئەویش بەرهەمهێنانی ئیرادەی یەکگرتووی نەتەوەی کورد و تەواوی گەلی کوردستانە.

لەم راستەوە ئێستاش کە سەرنج لە هەوڵەکانی سەرۆك مسعود بارزانی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، بەشێك لە ئەندامان و بەتایبەتی کادرانی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان راشکاوانە هەست دەکەن، شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆك مسعود بارزانی لەگەڵ پارتی، هێندەی غەدرکردنە لە پارتی، هێندە خزمەتکردن بە پارتی نییە. ئەم غەدرکردنە لە چاوی ئەندام و کادرانی پارتییەوە، لە بیرکردنەوەی مسعود بارزانی بە هاوشێوەی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی، پارتی وەك توخمێکی گۆڕاو تەنیا ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنانەوەی توخمێکی نەگۆڕ کە ئەویش یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی نێوان هێزە سیاسییەکان و تەواوی خەڵکی کوردستانە، تەنانەت لەو کاتانەشی کە هێرشێکی زۆر ناڕەوا کراوەتە سەر پارتی و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەموو ئەندام و کادرانی پارتی تا سەرئێسسقان ئازاریان پێگەیشتووە، دەبینین پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ ئۆرگانەکانی پارتی و یەکەیەکەی ئەندام و لایەنگرانی پارتی ئەوە بووە، تەنیا بۆتان هەیە هەڵەکان راست بکەنەوە و راستییەکان بە خەڵك بڵێن، بەڵام نابێت بەرگری لە پارتی بکەن و بەهەمان شێوەی ئەوان غەدریان لەپارتی کردووە، ئێوە غەدر لە لایەنەکانی دیکە بکەنەوە، دیارە زۆر جاریش ئەندام و کادرانی پارتی نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی خۆیان بکەن و لە دەرەوەی بازنەی پەیامەکەی بارزانی بەرگرییان لە پارتی کردووە، بەڵام کە هاتۆتە سەر ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکرێت، سەرۆك مسعود بارزانی داکۆکی لە بەرگریکردنی ئەو ئەندام و لایەنگرانەی پارتی نەکردووە، دیسان بۆ ئەوەی کێشەکە کۆتایی بێت، لایەنی بەرامبەری بە سەر پارتیدا فەرزکردووە و هەموو حزبەکانی کوردستانیش شاهیدی بۆ ئەم راستییە دەدەن، هەر بۆیەشە ئەندام و کادرانی پارتی چ لە هۆیەکانی راگەیاندن، یان تەنانەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش ناتوانن بە هەمان شێوەی ئەندام و کادرانی حزبەکانی دیکە قسە بکەن، یان تەنانەت ناتوانن بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانیش وەك ئەوان بە هەمان زمان قسە بکەن، باشترین نموونەش ئەو هێرشە ناڕەوایانەی بەم دواییە راستەوخۆ لە هۆیەکانی راگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕانەوە کرایە سەر شەخسی سەرۆك و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم هێرشە لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەندام و کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تووڕە و بێزار کرد، بەڵام پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ پارتی و ئەندامەکانی ئەوە بوو، نەك بەرگری لە پارتی نەکەن، بەڵکو نابێت لەسەر خۆیشی کەس وەڵام بداتەوە. دیارە لە بارودۆخی لەو جۆرەدا هەموو ئەندامێکی هەڵچوو و هەرزەکاری ناو پارتی وەك خۆی کۆنترۆڵ ناکرێت، بۆیە ئەو هەرزەکارە هەڵچووانەشی لە رێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە بە جۆرێك قسەیان کردبێت کە لەگەڵ پەیامەکەی سەرۆك پێچەوانە بوویێتەوە، مەکتەبی سیاسی و دەزگای رۆشنبیری راگەیاندنی پارتی هۆشداری توندی بڵاوکردۆتەوە و هەوڵیداوە ئەو لاپەڕانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دابخات، یان ئەو کەسانەی بەو کارە هەستاون، سزای توند دراون. هەر بۆیە ئەگەر دیسان هەڵوەستە لەسەر تێڕوانینی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، دەبینین هەمان تێڕوانینی مستەفا بارزانیی نەمرە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پارتی، چۆن مستەفا بارزانی بەرژەوەندی پارتی لا گرنگ نەبوو لە پێناوی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد، چۆن پارتی ماڵی هەموو تاکێکی کوردستان بوو، بەوانەشی کە تا سەر ئێسقان غەدریان لە کورد و پارتی کردبوو، ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی بە هەمان نەفەس مامەڵە لەگەڵ پارتی دەکات و تەنیا وەك ئامرازێك سەیری دەکات کە بکەوێتە خزمەتی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی تەواوی خەڵکی کوردستانەوە.

ئەم خوێندنەوەیە ئەوەمان پێدەڵێت، ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی وەك پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلوول و پاشانیش وەك پێشمەرگەیەکی شۆڕشی گوڵان بە درێژایی زیاتر لە ٥٠ ساڵ لە پێشمەرگایەتی، چۆن بیر لە توخمە نەگۆڕەکانی شۆڕش و ئازادی

**لەو کاتانەش کە هێرشێکی زۆر ناڕەوا کراوەتە سەر پارتی و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەموو ئەندام و کادرانی پارتی تا سەرئێسسقان ئازاریان پێگەیشتووە، پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ ئۆرگانەکانی پارتی و یەکەیەکەی ئەندام و لایەنگرانی پارتی ئەوە بووە، تەنیا بۆتان هەیە هەڵەکان راست بکەنەوە و راستییەکان بە خەڵک بڵێن، بەڵام نابێت بەرگری لە پارتی بکەن و بەهەمان شێوەی ئەوان غەدریان لەپارتی کردووە، ئێوە غەدر لە لایەنەکانی دیکە بکەنەوە**

**ئامانجی راستەقینەی شۆڕشی کوردستان ئەوە بووە، ئەو پەڵە ناشیرینانەی دەستی داگیرکاری لەسەر جوگرافیا و مێژووی کوردستان دروستی کردووە، جارێکی دیکە ئەو پەڵە ناشیرینانە بسڕێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەو جوگرافیا و مێژوویەی پەروەردگار بە گەل و نەتەوەی کوردستانی بەخشیوە، وەک خۆی بدرەوشێتەوە، هەروەک چۆن کۆپەر نیکۆس دەیویست جوانی و درەوشاوەیەی ئەستێرەکانی ئاسمان لە پەڵەی ناشیرینی تەفسیری کەنیسە بۆ گەردوون پاک بکاتەوە**

و سەربەخۆیی و یەکریزی و یەکهەڵوێستی نەتەوەی کورد و تەواوی گەلی کوردستان دەکاتەوە، چۆن توخمە گۆڕاوەکانی ئەم پەنجا ساڵەی خەباتی پێشمەرگایەتییەکەی پێکەوە گرێدەداتەوە و هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە ئەو ئامانجەی سەرکردەکانی پێش خۆی قوربانییان لە پێناو دا و پێی نەگەیشتن، ئەو ئەمرۆ هەمان رێگە تەواوبکات و ئامانجی ئەوان و تەواوی خەڵکی کوردستان بەدیبهێنێت، لەم پێناوەشدا و لە پێناوی توخمە نەگۆڕەکاندا ئامادەیە لەگەڵ هەموو توخمە گۆڕاوەکاندا بۆ خزمەتی ئامانجی ئازادی و سەربەخۆیی هەموو قوربانییەك بدات.

## ● ئەزموون و فیکری مستەفا بارزانی لە شۆڕشدا چی فێرکردین؟

شۆڕشی ئەیلوول تەنیا یەکێکە لەو شۆڕشانەی کە مستەفا بارزانی بەشداری تێدا کردووە، یان راستەوخۆ رێبەرایەتی کردووە، بەڵام جیاوازی نێوان شۆڕشی ئەیلوول و ئەو شۆڕشانەی دیکە کە بەشداری تێدا کردووە، یان راستەوخۆ رێبەرایەتی کردووە، ئەوەیە کە مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئەزموونی زیاتری لا کەڵەکە بووە، هەروەها لە سەرکردەیەکی کوردستانییەوە ببووە سەرکردەیەکی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان وەك رێبەرێکی کاریزمای هەموو کوردستان سەیردەکرا و مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. بۆیە ئەزموون مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لوتکەی رەنگدانەوەی فیکری بارزنی-یە بۆ تێگەیشتن لە شۆڕش و ئازادی و پیشاندانی ئیرادەی گەلی کوردستان وەك ئیرادەی نەتەوەیەکی ئازادیخواز (نە داگیرکراو، نە داگیرکار) بە هەموو جیهان، بۆیە لەم راستەوە دەکرێت ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین:

١. ئەزموونی بارزانیي مستەفا لە شۆڕشی ئەیلوولدا فێرمان دەکات، نەتەوە بۆ ئازادی شۆڕش دەکات، نەك حزب و سەرکردە، شۆڕش کە یەکەم چەخماخەی دەستی پێکرد، پیشاندانی ئیرادەی گەلە و هیچ هێزێك ناتوانێت ئەو ئیرادەیە کپ بکاتەوە، هەتا بە دوایین ئامانجی خۆی نەگات، کە ئەویش ئازادییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییدا.

٢. شۆڕش کە دەستی پێکرد، زنجیرەیەك شۆڕشی یەك لەدوای یەك بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە ئەگەر داگیرکاران بتوانن لە سەردەمێکدا لە رووی سەربازییەوە شۆڕش سەرکوت بکەن، ئەوا لەو کاتەدا سەرلەنوێ ئیرادەی نەتەوە شۆڕشێکی دیکە دەست پێدەکاتەوە.

٣. لە فیکری مستەفا بارزانی شۆڕش یەك شۆڕشە، شۆڕشەکان هەر یەکەیان شۆڕشەکانی پێش خۆیان تەواو دەکات و ئامانجی هەموو شۆڕشەکانیش یەك ئامانجە، بۆیە هەر شۆڕشێك خۆی لە شۆڕشەکانی دیکەی کوردستان جیابکاتەوە و بیەوێت شتێکی دیکە پیشانی نەتەوەکەی بدات، ئەوە شۆڕش نییە و دژە شۆڕشە.

٤. شۆڕشی کوردستان ئامانجی ئازادییە، ئەمەش نەك بەمانای ئازادی بۆ گەلی کوردستان و ژێردەستەیی بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە ناوچەکە لەگەڵیدا دەژین، بۆیە ئەیلوول فێری کردووین کە دژی ئەو دەسەڵاتە داگیرکارانە بین کە لە یەك کاتدا نەتەوەی کوردی کردووە بە داگیرکراو و نەتەوەی بەرامبەری کردووە بە داگیرکار، ئامانجی شۆڕشی ئەیلوول ئەوەبووە کە کورد بگاتە ئازادی و لە ژێردەستەیی رزگاری بێت، بەهەمان شێوە نەتەوەکانی دیکەش بگەنە ئازادی و لە داگیرکاری رزگاریان بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نەتەوەیەك ئازاد نییە، ئەگەر نەتەوەیەکی دیکە داگیر بکات، بۆ ئەمەش هەتا ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی وەك درێژەپێدەری فیکری مستەفا بارزانی، هەموو ئامانجی ئەوەیە دیالۆگی برایانە لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب و فارس و تورك بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی هەموو لایەك تێبگەن ئازادی مانای چییە.

٥. ئەیلوول فێری کردین کاتێك شۆڕش بە مانای راستەقینەکەی خۆی و لە پێناوی ئازادی هەڵدەگیرسێت، ئەوا هیچ ئیرادەیەکی داگیرکاری ناتوانێت بە (یاخیبوون، یان هەڵگەڕاوە) پێناسەی بکات، یان قەناعەت بە نەتەوەی سەردەست بکات، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول زۆر جار رژێمەکانی عێراق هەوڵیاندا شۆڕشی کوردستان بە یاخیبوون لەقەڵەم بدەن، بۆ ئەوەی کوشتنی کورد حەلاڵ بکەن، بەڵام مێژوو فەتواکەی سەماحەتی موحسین حەکیم- مان بیردەهێنێتەوە کە راشکاوانە گوتی: ئەوە شۆڕشە و یاخیبوون نییە و کورد لە پێناوی ئازادی شۆڕشی بەرپاکردووە.

٦. شۆڕشی ئەیلوول فێری کردین، ئازادی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆیی نەتەوەیی بەرجەستە دەبێت، لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا ئیرادەی نەتەوە دەگاتە ئاستی ئەو هێزەی ئەستیرەکان لەسەر بازنەی خۆی لە ئاسماندا دەجوولێنێت، بۆیە هەتا کوردستان نەگاتە سەربەخۆیی کوردستانیەکان ناتوان وەك ئەستیرەکانی ئاسمان لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی خۆیاندا بە رێکوپێکی بجوولێن و داهێنان دروست بکەن و نەتەوەی خۆیان بگەینە هاوشانی نەتەوەکانی دیکەی جیهان.

**خاڵی گرنگ لەم دروشمەی شۆڕشی ئەیلوول کە دەڵێین گەڕانەوەیە بۆ مێژووی پێش داگیرکاری و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد، دیوێکی دیکەی تێگەیشتنی کورد بۆ ئازادی بەرجەستە دەکات، کە ئەویش ئەوەیە کورد نایەوێت تۆڵە بکاتەوە و خاکی نەتەوەیەکی دیکە داگیربکات، بەڵکو دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی کە هیچ نەتەوەیەک لە نەتەوە داگیرکارەکانی کوردستان، هێشتا کوردستانی داگیر نەکردووە**

**پێش ئەوەی دروشمی شۆڕش ببێتە تەنیا دوو وشە (کوردستان یان نەمان) ئەوا دەبینین، بەشی هەرە زۆری سەرکردەی شۆڕشەکان لە پێناوی کۆماری ئازادی کوردستاندا، مردنیان هەڵبژاردووە نەک ژیانێکی ژێردەستەیی، لەم پێناوەشدا دەیان سەرکردەی کورد وەک (شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموودی حەفید و قازی محەمەد) چوونە بەرپەتی سێدارە و ژێردەستەییان قبوڵ نەکردووە**



کریستەر دیلان ناپ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری مێژوو لە کۆلێژی بۆستن بەدەست هێناوە، حاڵی حازر وانەبێژە لە زانکۆی واشنتۆن لە شاری سانت لویس، پێشتریش توێژەر بووە لە سەنتەری چارلس وارێن لە زانکۆی هارڤارد، تایبەتمەندە لە بواری مێژووی کەلتووری و رۆشنبیری ئەمەریکا، هەروەها لە بواری دیراساتی ئەمنی و ناکۆکی.
بۆ شرۆڤەکردنی هەل و مەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە، هەروەها بۆ هەڵوەستەکردن لەبارەی رۆڵی ئێران لەم ناوچەیەدا و پرسی کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان و گۆڕانی سنووری وڵاتانی ناوچەکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازد و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی خۆی کرد.

## کریستەر دیلان ناپ

### پسپۆڕی دیراساتی ئەمنی بۆ گوڵان:

# کوردستان ئێستا دەوڵەتی ئەمری واقیعە و کەیسێکی بەهێزە بۆ سەربەخۆیی

*** ئاشکرایە لە ئێستادا نائارامی و ناسەقامگیری باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، وڵاتانی ئەم ناوچەیە بە دەست قەیران و تەنگژە و داڕووخانەوە دەناڵێنن، تێڕوانینی ئێوە چییە لەسەر هەل و مەرجی ئێستای ئەم ناوچەیە و چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن؟**

- لە راستیدا لە دوای بەهاری عەرەبییەوە بارودۆخی ئەمنی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کردووە، شەڕە ناوخۆییەکانیش سەریانکێشاوە بۆ دروستبوونی نائارامی و ناسەقامگیری و بێ ماڵ و حاڵ بوونی ژمارەیەکی بێ پێشینەی خەڵك و برسێتی، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەك سووریا، هەروەها لە عێراقیشدا، کەواتە نیگەرانییەکی روو لە زیاد هەیە لەبارەی ژیان و سەلامەتی هاووڵاتیانەوە لەم وڵاتانەدا. ئەوەی پەیوەست بێت بە تورکیاوە، ئەوا پێوەندییەکانی نێوان کوردی ئەو وڵاتە و حکومەتی تورکیا بە رادەیەکی زۆر بەرەو ئاڵۆزی زیاتر چووە لە دوای هەوڵی کودەتاکەوە و کودەتای پێچەوانەوە لە مانگی تەمموزی رابردووەوە. لە لیبیاشدا بارودۆخەکە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو بەرەوپێش چووە، بەڵام هێشتا هەلومەرجەکە لە بنبەستدایە، بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە خراپە، ئەوەتا دەبینین کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك هەوڵی ئەوە دەدەن لە باکووری ئەفریقیاوە

دەریای سپی ناوەڕاست ببرن بەرەو وڵاتی ئیتالیا و یۆنان کۆچ بکەن. ئەگەر باسی دۆخی سعودیەش بکەین، ئەوا لە دوای دابەزینی نرخی نەوتەوە بار و گوزەرانی خەڵکی ئەو وڵاتەش پاشەکشەی کردووە و حکومەتی ئەو وڵاتە ناچاربووە ریفۆرم بکات و دەست لە پێدانی هەندێ ئیمتیاز هەڵبگرێت کە بە چینی ناوەڕاستی دەبەخشی، لە ئێستاشدا بارگرژییەکی روو لە زیاد هەیە لە نێوان نوخبەی حوکمڕانی پاشایەتی ئال سعود و پیاوانی ئایینی رەوتی وەهابی لەو وڵاتەدا و پێوەندییەکی دژوار و قورس هەیە لە نێوانیاندا، کەواتە بارودۆخی سعودیەش بە بەراورد بە رابردوو خراپتر بووە. لەلایەکی دیکەوە بارودۆخێکی زۆر دژوار لە یەمەن دەگوزەرێت و هیچ ئاماژەیەك لە ئارادا نییە کە گۆڕانکاری تێدا بەدی بێت. راستە لەم ناوچەیە هەندێ وڵات هەیە وەك ئەردەن سەقامگیرن، بەڵام ئەم وڵاتەش بارگرانییەکی زۆری کەوتۆتە ئەستۆ بەهۆی ئاوارەکانی سووریاوە و چیتر ناتوانێت بەرگەی ئەو دۆخە قورسە بگرێت، راستە مەلیك عەبدوڵا هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ پاراستنی بارودۆخەکە، بەڵام هێشتا هەل و مەرجەکە لەرزۆکە. کەواتە ئەوە راستییەکە کە نائارامی و ناسەقامگیری باڵی کێشاوە بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەگەر بێتو باسی عێراقیش بکەین، ئەوا وڵاتێکە بە دەست دابەشبوونێکی زۆرەوە دەناڵێنێت.

*** هەندێ لە چاودێران پێیانوایە ئەمەریکا پاشەکشەی کردووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و چیتر هێزێکی دەستڕۆیشتوو نییە لەم ناوچەیەدا، ئایا هاوڕان لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، ئایا ئاکامەکانی ئەم دوورکەوتنەوەیەی ئەمەریکا لەسەر ئایندەی ئەم ناوچەیە چی دەبێت؟**

- پرسی کشانەوەی رۆڵی ئەمەریکا لەم ناوچەیە پرسێکی جێی بایەخ و لە رادەبەدەر گرنگە، بەڵام هاوڕام کە لە هەندێ رووەوە ئەم دوورکەوتنەوەیە روویداوە، بەڵام نەك بە شێوەیەکی یەکجاری، چونکە ئەو تێڕوانینە لە ئارادایە کە دووبارە بایەخدانەوەی ئیدارەی ئۆباما بە ئاسیا لەسەر حیسابی گرنگیدان بووە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش لە بنەڕەتدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەرپرسانی نێو ئیدارەی ئۆباما دووبارە پێداچوونەوەیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە، هەروەها پێداچوونەوەیان بە پرسی چۆنیەتی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەدا کردووە. بۆ نموونە ئەمەریکا بەرژەوەندییەکی زۆری هەیە لەگەڵ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە ناوچەکەدا، رەنگە پشتیوانی ئەمەریکا بۆ سعودیە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئۆپێکدا کار لەسەر چارەسەرکردنی نرخی نەوت بکەن لە جیهاندا، ئەمەش لەگەڵ ئامانجی ئیدارەی ئۆبامادا یەکدەگرێتەوە کە دەیەوێت رێگری لە تێکدان و زیانگەیاندن بە ژینگەی ئەمەریکا بکات. لەبەر ئەوە باوەڕم وا نییە کە بەرژەوەندی ئەمەریکا بۆ زامنکردن و مسۆگەرکردنی دەستکەوتنی نەوتی هەرزان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت. هەروەها پێموانییە بەرژەوەندی ئەمەریکا بە بایەخدان بە پاراستنی ئاسایشی ئەم ناوچەیەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، بەڵکو ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت بریتییە لە دووبارە تەرکیزکردنەوەی ئەمەریکا لەسەر تێکشکاندنی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و ئەلقاعیدە و ئەوانی پێشتر سەر بە ئەلقاعیدە بوون وەك بەرەی نوسرە، بەڵام سەرەڕای تەرکیزکردن لەسەر تێکشکاندنی تیرۆریزم لەم ناوچەیەدا، ئەوا بە تێڕوانینی من ئەوەی غائیبە سەرکردایەتی ئەمەریکایە لەم ناوچەیەدا، ئەوەی روونە بەلای من و زۆرێك لە سیاسەتدارێژەرانەوە ئەوەیە کە ئیدارەی ئۆباما زیاد لە پێویست هەوڵیدا ئەو بارە راست بکاتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وەك پێویست زوو دەستێوەردان نەکات، یان بەشێوەیەکی کارا دەستێوەردان نەکات لە شەڕی ناوخۆیی سووریادا، لە ئێستاشدا لە دوای ٥ ساڵ ئاکام و دەرئەنجامەکانی زوو دەستێوەرنەدانی ئەمەریکا بەدی دەکەین. راستە ئێمە هەندێ هێزی تایبەت و راوێژکارمان هەیە لەسەر زەوی و پشت بە هەندێ هێز دەبەستین، لە سووریا کە کاراترینیان یەپەگەیە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ناکۆکبوونی سیاسەتەکانە، چونکە لەم پرۆسەیەدا ئەمەریکا پێویستی بە تورکیایەوە و تورکیاش پتر بایەخ بە ئیحتیواکردنی یەپەگە دەدات لەسەر سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەی لەگەڵ سووریادا. کەواتە لە ئێستادا سیاسەتی ئەمەریکا بە دەست دژیەکییەوە دەناڵێنێت، لەلایەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی داعش دەکات، لەلایەکیشەوە دەستێوەردان لە شەڕی سووریادا ناکات، کە پێموایە ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەگەر هاتوو هیلاری کلینتۆن بووە سەرۆکی ئەمەریکا، چونکە ئەو پتر بایەخ بە سیستمێکی نێودەوڵەتی دەدات کە تێیدا سوپای ئەمەریکا هاوکار بێت و رۆڵ ببینێت لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا.

*** ئێوە لە وەڵامەکەتاندا تا رادەیەك رەخنەتان لە ئیدارەی ئۆباما گرت، ئایا پێتانوایە ئەو ستراتیژیەتەی ئێستا ئیدارەی ئەمەریکا گرتوویەتیەبەر بۆ تێکشکاندنی**

**سیاسەتی ئیدارەی جۆرج بوش و سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا –ئیدارەی ئۆباما- بریتی بوو لە پێداگیری لەسەر پاراستنی سنوورەکانی سایکس-پیکۆ بکات، خۆ ئەگەر هیلاری کلینتۆنیش ببێتەسەرۆکی ئەمەریکا ئەوا درێژە بە هەمان سیاسەت دەدات**

**ئەو بەڵگانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا کەڵەکەبوون، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران کاریگەری و دەستڕۆیشتویی هەبووە بەسەر هەر ناکۆکییەکدا کە لەم ناوچەیەدا روویدابێت، لەم رووەشەوە رۆڵی تێکدانی سەقامگیری بینیوە**

**داعش پتر تەرکیز لەسەرلایەنی سەربازی ئەم شەڕە دەکاتەوە و لایەنە سیاسییەکەی نادیدە گرتووە، چونکە ئێمە دەزانین ئەوە سیاسەتە تایفەگەرییەکانی رژێمی سووریا و عێراق بوون کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی گروپێکی وەك داعش، ئایا نابێت هۆکارە سیاسییەکان چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی گروپی هاوشێوەی داعش دووبارە دروست نەبنەوە؟**

- من لەو باوەڕەدام ئەمەریکا ستراتیژیەتێکی سیاسی هەیە، بەڵام ستراتیژیەتی سیاسیش بێ بوونی ستراتیژیەتێکی سەربازی تۆکمە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. بەڵام ئەوەش راستە کە لە کۆتاییدا چارەسەری سیاسی دەبێتە هۆی یەکلاکردنەوەی شەڕی ناوخۆیی و ناسەقامگیری لە عێراقدا، ئەمەش پێویستی بە بوونی کاراکتەری سیاسی —مەحەلی- دەکات کە لە کۆتاییدا ئەمە خێڵە عەرەبە سوننەکان لەخۆدەگرێت، کە لە ئێستادا تا رادەیەك کار لەگەڵ داعش دەکەن لە عێراق و تا رادەیەکیش لە سووریادا. هەروەها دەمەوێت لێرەدا من بە حەزەر بم، چونکە کاتێك رەخنە لە سیاسەتی گشتی ئیدارەی ئەمەریکا دەگرم، ئەوا پشتیوانی لە سیاسەتی ئەمەریکا دەکەم بۆ تێکشکاندنی داعش، چونکە لە روانگەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکاوە پێویستە و ئەوەندەی دەکرێت دەبێت داعش لاوازبکرێت و تێکبشکێنرێت، یاخود بەلای کەمەوە پاشەکشەی پێ بکرێت تا ئەو رادەیەی دەبێتە رێکخراوێکی تیرۆریستی بچووك و ئەو خاکانەی ژێر دەستی لێ وەردەگیرێتەوە. بەڵام کێشەی ئەمەریکا ئەوەیە کە ئەمەی کردۆتە ئەولەوییەت لەسەر حیسابی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرئەنجامەکانی شەڕی ناوخۆیی سووریادا. واتە لە کاتێکدا دەبێت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جۆن کێری ستایش بکرێت بۆ ئەو هەموو هەوڵە دیپلۆماسییەی خستیەگەڕ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی لە سووریادا، بەڵام ئەو هەوڵانە ئاکامیان نابێت ئەگەر ئەمەریکا حزوورێکی بەهێزتری نەبێت لەسەر زەوی و لە پێگەیەکی بەهێزەوە گفتوگۆ نەکات.

*** ئایا پێتوایە ئێران رۆڵی هەیە لە ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی ناوچەکە و لەو باوەڕەدان ئەگەر ئێران سەرکەوتوو بێت لە سەپاندنی هەژموون و دەستڕۆیشتوویی خۆی بەسەر وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، ئەوا ململانێ و ناکۆکییە تایفەگەرییەکە قووڵتر دەبێتەوە و بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاش دەکەوێتەوە مەترسییەوە؟**

- پرسی پەیوەست بە رۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا پرسێکی ئاڵۆزە، ئەو بەڵگانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا کەڵەکەبوون، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەبووە بەسەر هەر ناکۆکییەکدا کە لەم ناوچەیەدا روویدابێت، لەم رووەشەوە رۆڵی تێکدانی سەقامگیری بینیوە. لەم رووەوە من پتر هاوسۆزم لەگەڵ سعودیەدا کە لەوە تێدەگات ئێران چالاکانە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکانی دەدات- هەر لە ساڵی ١٩٧٩ـەوە، لەبەر ئەوە سعودیە هەوڵدەدات پارسەنگییەك بۆ ئەم رۆڵەی ئێران پێکبهێنێت. هەروەها ئێران یەکێك بوو لە براوەکانی شەڕی عێراق و حکومەتێکی هاوسۆز بە ئێران لە بەغدا لە ئارادایە و ئێرانیش زۆر کاریگەر بووە لە هێشتنەوەی بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتی سووریا، هەروەها ئەگەرچی رۆڵێکی کەمتر لە یەمەندا دەگێڕن، بەڵام رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ناسەقامگیرکردنی بارودۆخەکە، کەواتە ئەمە رۆڵی ئێرانە لەم سێ وڵاتەدا. لەبەر ئەوە لە روانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئێران دەستێوەردان لە کاروباری ناوچەکەدا دەکات و هەوڵ دەدات کاریگەری سلبی هەبێت بەسەر رەوتی روداوەکانەوە و بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکانی بڵاوبکاتەوە، کەواتە ئەو ململانێ تایفەگەرییەی لە نێوان شیعە و سوننەدا هەیە و چەندین دەیە درێژەی کێشاوە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر ناوچەکە و بۆتەهۆی ناسەقامگیرکردنی هەل و مەرجەکە.

*** واتە پێتانوایە ئێران توانیویەتی ببێتە ئەو هێزەی کە دەبێت حیسابی بۆ بکرێت لە دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکە لە ئایندەدا؟**

- ئەوە هیچ گومان هەڵناگرێت، چونکە ئەگەرچی دەبێت سەرۆکی ئەمەریکا ستایش بکرێت لەسەر گەیشتن بە رێککەوتنە ئەتۆمیەکە لەگەڵ ئێراندا، لەبەر ئەوەی ئەو رێککەوتنە دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ جۆن کێری و سەرۆکی ئەمەریکا و خودی ئەمەریکا و سیاسەتی رۆژئاوا، چونکە توانییان چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بخەنەژێر چاودێرییەوە بۆ ماوەی ١٥ بۆ ٢٠ و تەنانەت ٢٥ ساڵ، ئەوەش بەندە بەوەی چۆن رێککەوتنەکە دەخوێنیتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر لە رووی سیخوڕی و هەواڵگری و شەڕی تەقلیدی و پشتیوانی ئێران بۆ گروپە وەکیلەکانی- وەك حزبوڵا- لە هەڵسوکەوتەکانی ئێران بڕوانیت، ئەوا ئێران بۆتە هێزێك کە دەبێت بە شێوەیەك لە شێوەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت. ئەگەر لە دۆخی سووریاش بڕوانین، ئەوا دەبینین کە رووسیا بوونی هەیە لەو وڵاتەدا، هەروەها ئێران و حزبوڵاش بوونیان هەیە، لە هەمان کاتدا ئەمەریکاش بوونی هەیە لە سووریادا، بەڵام بە ئاست و ئەندازەی ئەو سێ لایەنە نا، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە

**لە کاتێکدا دەبێت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جۆن کێری ستایش بکرێت بۆ ئەو هەموو هەوڵە دیپلۆماسییەی خستیەگەڕ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی لە سووریادا، بەڵام ئەو هەوڵانە ئاکامیان نابێت ئەگەر ئەمەریکا حزوورێکی بەهێزتری نەبێت لەسەر زەوی و لە پێگەیەکی بەهێزەوە گفتوگۆ نەکات**

**روانگەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکاوە پێویستە و ئەوەندەی دەکرێت دەبێت داعش لاوازبکرێت و تێکبشکێنرێت، یاخود بەلای کەمەوە پاشەکشەی پێ بکرێت تا ئەو رادەیەی دەبێتە رێکخراوێکی تیرۆریستی بچووك و ئەو خاکانەی ژێر دەستی لێ وەردەگیرێتەوە**

ئەمەریکا لەبەر فاکتەری سیاسی ناوخۆیی خۆی لە تێوەگلان لە شەڕێکی دیکە بە دوور گرت، بەڵام ئەو ڕاستییەی فەرامۆش کرد کە بژاردەی سەربازی هەیە لە نێوان خووبەدوورگرتن لە ئەنجامدانی هیچ کردەوەیەك و پەنابردنەبەر داگیرکردنی –ئەو وڵاتە- لەلایەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە.

*** لەم ساتەوەختەدا کە ناوچەکەی پێیدا تێدەپەڕێت، هەرێمی کوردستان توانیویەتی بە شێوەیەکی کارا شەڕی تیرۆریستانی داعش بکات و خۆی بەدوورگرتووە لە تێوەگلان لە توندوتیژی و ناکۆکییە تایفەگەرییەکەی نێوان شیعە و سوننە، بەڵام ئەم هەرێمە باوەڕی وایە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و سەروەری تاکە ڕێگایە بۆ ئەوەی خۆی لە کێشە و ئاژاوەکانی ناوچەکە بپارێزێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە باسی کوردستان لە ناوچەیەکی بچووکدا دەکەین، وەك ئەو هەرێمەی کە لە عێراقدا هەیە –ئەو عێراقەی لە دوای ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ دروست بوو-، یان باسی ئەو کوردستانە دەکەین کە چەند بەشێکی سووریا و ئێرانیش لە خۆبگرێت- و ڕەنگە بۆ ناوچەی قەوقازیش درێژ ببێتەوە-، چونکە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت کوردستان وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع بوونی هەیە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لە ماوەی ٥٠ بۆ ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، یاخود بەلای کەمەوە لە دوای تێوەگلانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا لە سەردەمی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئەمەریکا هەرگیز پشتیوانییەکی تەواوی ئەو بیرۆکەکەی نەکردووە، ئەمە لە کاتێکدا زۆر زەحمەتە بۆ کورد کە پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی پشتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە بێ پاڵپشتی ئەمەریکا.

*** ئێوە لە وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان بە ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ کرد، ئایا پێتانوایە تەواوی ئەم ڕێککەوتنە داڕووخاوە و دەبێت سەر لەنوێ ناوچەکە ڕێکبخرێتەوە و ئەو ڕێکخستنەوەیەش گۆڕینی سنوورەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە لە خۆبگرێت؟**

- ئەمە پرسێکی زۆر ئاڵۆزە و جێی بایەخە، سیاسەتی ئیدارەی جۆرج بوش و سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا –ئیدارەی ئۆباما- بریتی بوو لە پێداگیری لەسەر پاراستنی سنوورەکانی سایکس-پیکۆ بکات، خۆ ئەگەر هیلاری کلینتۆنیش ببێتەسەرۆکی ئەمەریکا ئەوا درێژە بە هەمان سیاسەت دەدات و هەوڵ دەدات جۆرێك لە دەوڵەتی نیشتمانی لە سووریا و عێراقدا بهێڵێتەوە، پێموایە دەستپێشخەرییە دیپلۆماسی و سەربازییەکان لە دژی داعش – لە عێراق و سووریا-، هەروەها هەوڵە دیپلۆماسییەکانی جۆن کێری بۆ هێنانەئارای ئاشتی لە سووریادا، یاخود بەلای کەمەوە بۆ هێنانەئارای ئاگربەست و جۆرێك لە سەقامگیری بە ئامانجی ئەوەن سووریا و عێراق وەك خۆیان بمێننەوە و سنوورەکانی بە بێ دەستکاری بمێننەوە و لە ئێستادا هیچ لایەك بە گومانەوە لەو سنوورانە ناڕوانێت جگە لە کوردی سووریا نەبێت. کەواتە سیاسەتی ڕەسمی ئەمەریکا ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتانە وەك خۆیان و بەم سنوورانەی ئێستایانەوە بمێننەوە. بەڵام لەگەڵ هەمموو ئەوانەشدا، هەلومەرج و واقیعەکەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد کورد لە ئێستادا کەیسێکی بەهێزی هەیە بۆ سەربەخۆیی- هەرچەندە قەبارەی ئەو دەوڵەتە بە ناڕۆشنی دەمێنێتەوە-، خۆ ئەگەر ئەو سەربەخۆییەش بەدەست بهێنن، ئەوا ئەو عێراقەی ئێستا لەبەریەك هەڵدەوەشێت و ئەو کاتەش دەبێت سنوورەکان دابڕێژرێنەوە و ڕەنگە سێ دەوڵەتی لێبکەوێتەوە، کورد لە باکوور و سوننە لە ناوەڕاست و شیعەش لە باشوور، کە ڕەنگە ئەمەش لە کۆتاییدا سەرکەوتوو نەبێت، لەبەر ئەوەی –ئەگەرچی عەرەبەکانی ناوچەکە سەرەتا خۆیان وەك عەرەب و موسڵمان دەناسێنن، نەك وەك عێراقی یان سووری-، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانەی ئێستا بۆ ماوەی سەد ساڵە بوونیان هەیە، واتە ئەگەرچی لەلایەن ڕۆژئاواوە دروستکراون و ئەگەرچی دەوڵەتی دەستکردن و ئەگەرچی خێڵی عەرەبی سوننە هەن کە بە هۆی سنووری عێراق و سووریاوە دابەش بوون، بەڵام ئەم وڵاتانە لە سەرەتادا بنەماڵەیەکی پاشایەتی بەڕێوەی دەبردن و دواتر سەرکردەیەکی سیاسی و ئێستاش لە عێراقدا حکومەتێکی دیموکراسی هەیە، کەواتە باش بن، یان خراپ، ئەوا ئەم دەوڵەتانە بوونیان هەیە، چونکە لە ئێستادا ناسنامەیەك هەیە پێی دەوترێت عێراقیبوون یان سووریبوون، سەرەڕای ئەوەی خۆیان بە کورد، یان شیعە، یان بە عەرەب بزانن، لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەو سنوورانەدا بکەین. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنن و پتر بەرەو حوکمڕانی هەنگاو بنێن، کە ئێستا هەرێمەکەیان دەوڵەتی ئەمری واقیعە، کە خزمەتی بەرچاوی پێکردوون. بەڵام تاوەکو ئەمەریکا لە ناوچەکەدا دەستڕۆیشتوو بێت، ئەوا فشار دروست دەکات بۆ پاراستنی سەقامگیریی ئەو سنوورانەی سەد ساڵ پێش ئێستا داڕێژراون، ئەگەرچی ئەمە خزمەت بە گروپە جیاوازەکانی نێو ئەو سنوورانەش نەکات.

**ئێمە هەندێ هێزی تایبەت و ڕاوێژکارمان هەیە لەسەر زەوی و پشت بە هەندێ هێز دەبەستین، لە سووریا کە کاراترینیان یەپەگەیە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ناکۆکبوونی سیاسەتەکانە، چونکە لەم پرۆسەیەدا ئەمەریکا پێویستی بە تورکیایەوە و تورکیاش پتر بایەخ بە ئیحتیواکردنی یەپەگە دەدات**

**بەرپرسانی نێو ئیدارەی ئۆباما دووبارە پێداچوونەوەیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە، هەروەها پێداچوونەوەیان بە پرسی چۆنیەتی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەدا کردووە**



### ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
### لەسەروبەندی وەرچەرخانێکی گەورەی مێژووییدا

# کوردستان توخمێکی کاریگەر لەناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆز و ناجێگیردا



**لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا کاتی ئەوە نییە ئۆباڵی نەزانی و کەم ئەزموونی و خۆبەزلزانینی لایەک بکرێتە پارسەنگی ئەو شکستەی کە بەچاوی خۆمان دەیبینین، لەبری ئەمە گرنگە بە دیدێکی رەخەگرانە لایەنی کورد لە هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جارێکی دیکە خۆی بخوێنێتەوە و ئەو پرسیارە لەخۆی بکات: «ئایا لە کوێدا هەڵەمان کردووە؟»**

**جیا لەوەی سەرۆک بارزانی رۆڵێکی هێجگار کارای هەبووە لە پێشخستنی پرۆسەی کرانەوە و ئاشتی لە تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتە، لەهەمانکاتدا سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئامەد و هەڵواسینی ئاڵای کوردستان لە کۆبوونەوەی شارەوانی ئامەد لەگەڵ بارزانی، بووە هاندەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی کوردی باکوور هەموویان دەنگ بۆ ئەوە بدەن، پارتێکی کوردی لە پەرلەمانی تورکیا نوێنەرایەتییان بکات**

**پەیەدە کەوتە ژێر کاریگەری سیاسەتی پەکەکە و نەیتوانی لەو نەخشەرێگەیەی بارزانی لە چوارچێوەی رێککەوتنی هەولێر و دهۆک بۆی دیاریکردبوون، هەنگاو هەڵبگرن، بەمەش پەیەدە نەیتوانی نموونەیەکی دیموکراتی و فرەیی سەرنجڕاکێش پیشانی جیهان بدات، ئەوا ئێستا کە باسی سووریا دوای داعش دەکرێت، یەکپارچەیی خاکی سووریا دەکرێتە هێڵی سوور**

ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستمی نوێی جیهان» و جۆرج بوشی باوك دوای ساڵی ١٩٩١ رایگەیاند، ئەگەر لەهەموو جیهانیشدا بەتەواوەتی کۆتایی نەهاتبێت، ئەوا ئێستا ئەم سیستمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مردووە، ئەمەش بەو مانایەی سیستمە کۆنەکە مردووە و هێشتا سیستمە تازەکە لەدایك نەبووە. سەبارەت بەم لایەنە زۆربەی بیرمەندان لەو باوەڕەدان ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی پێشتر لەسەردەمی شەڕی سارد و لە ٢٥ ساڵی رابردووی سیستمی نوێی جیهاندا بینیومانە، کۆتایی هاتووە و جارێکی دیکە ئەم ناوچەیە وەك ساڵانی پێشووی لێ نایەتەوە، پێشتر و لە ١٠-١٥ ساڵی رابردوودا دەوڵەتی لاواز و فاشیل وەك هۆکاری سەرەکیی ئاژاوە و ناسەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەقەڵەم دەدران، بەڵام پاش ئەوەی کەوانەی ناسەقامگیری تیرۆریستانی داعش (Arc of ISIS terrorism) لە پاکستانەوە تا نەیجیریا دەرکەوت، ئیدی خوێندنەوەکان لەوە دەرچوون ئۆباڵی ناسەقامگیری بخرێتە ئەستۆی دەوڵەتێك، یان دوو دەوڵەتی لاواز و فاشیل، بەڵکو دەرکەوت لەم کەوانەی تەنگژەی تیرۆریستانی داعشدا، تەواوی سیستمی دەوڵەتانی ناوچەکە لاوازە و هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردۆتە ناوچەیەکی فاشیل، بۆیە کاتێك بیرمەندان و چاودێرانی سیاسی و سیاسەتسازان بیر لەوە دەکەنەوە سەقامگیری و تەناهی بۆ ناوچەکە بگێڕنەوە، ئەوا تەنیا بیر لە کێشەی دەوڵەتێك و دووان ناکەنەوە، بەڵکو بیر لەوە دەکەنەوە چۆن جارێکی دیکە سەقامگیری و تەناهی لە کەوانەی تەنگژەی تیرۆریستانی داعشدا دروست بکەنەوە، یان چۆن بتوانن کۆتایی بەو شەڕ و تەنگژانەی ئەم ناوچەیە بهێنن، کە لە شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی لە ئەوروپا دەچێت. ئەم وێکچوونەی شەڕی نێوان سوننە و شیعە، یان شەڕی نێوان داعش و دەوڵەتانی ناوچەکە، لەگەڵ شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی لە ئەوروپا هەنگاو بەرەو چارەسەرێکی هاوشێوەی رێککەوتنی ویستفالیا لە سەدەی پانزەیەمی ئەوروپا هەڵدەگرێت، کە سەرەنجام بە دووبارە کێشانەوەی نەخشەی ناوچەکە و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ کێشەکان چارەسەر کران. لەم چوارچێوەیەدا هەلێکی مێژوویی و گرنگ بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە و کوردستان خۆیشی توخمێکی کاریگەری ناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆز و ناجێگیرەیە، بۆیە مامەڵەکردنی کورد لەناو ئەم هاوکێشەیە وەك رۆیشتنی سێرکمانێکە لەسەر پەتێکی باریك و دەبێت هەموو هەنگاوەکانی جیا لەوەی بە حیساب بێت، لە هەمان کاتدا دەبێت بە وریاییەکی زۆرەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر رەچاوی ئەم هەستیارییە نەکات، ئەوا لە پەتەکە دەکەوێتە خوارەوە و لە گەمەکەشدا رەنج بەخەسار دەبێت.

## ● جەمسەربەندیی هێزەکان تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان

هەتا ئێستاش ستراتیژیەتی ئاشکرای ئەمریکا وەك سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بریتییە لە تێکشکاندنی داعش، بەڵام هاوشانی ئەم ستراتیژیەتە پێناچێت ستراتیژیەتێکی سیاسی هەبێت بۆ ئەوەی بارودۆخی ناوچەکەی دوای داعشی پێ رێك بخاتەوە و کێشەکانی پێ چارەسەر بکات، ئەمەش بۆتە جێگەی رەخنە و گازندەی ئەو توێژەر و پسپۆڕ و دیپلۆماتکارانەی کە لەسەر پرسی سەقامگیری ناوچەکە دوای تێکشکاندنی داعش، یان راشکاوانەتر دوای گرتنەوەی هەردوو شاری (رەقە و موسڵ) کاردەکەن، بۆیە ئەم توێژینەوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەگەر ئەو کێشە سەرەکییە چارەسەر نەکرێت کە بۆتە هۆکاری دروستبوونی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و بووە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا دابمەزرێت، ئەوا داعشیش تێکبشکێندرێت و هەردوو شاری موسڵ و رەقەش ئازاد بکرێنەوە، کێشەکە هەر بەردەوام دەبێت و، هەروەك چۆن داعش خراپتر و ترسناکتر لە ناوچەکە لە بری رێکخراوی قاعیدە دروست بوو، بە هەمان شێوە دوای داعشیش هیچ دوور نییە رێکخراوێکی دیکەی تیرۆریستی لەناوچەکە دووبارە سەرهەڵبداتەوە.

هەوڵەکانی تورکیا بۆ دووبارە رێکخستنەوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پێش کودەتا شکستخواردووەکەی ١٥ی تەموزی رابردوو دەستی پێکرد، بەڵام دوای کودەتاکە هەنگاوەکانی خێراتر بوو، بەتایبەتی کە دڵنیابوو لەوەی ئەمریکا بۆ دوای نەمانی داعش هیچ ستراتیژیەتێکی سیاسی بۆ رێکخستنەوەی ناوچەکە نییە، بەتایبەتیش کە تورکیا مەرجی پێشوەختەی بۆ بەشداریکردنی کارای لەشەڕی دژی داعشدا بە نەمانی رژێمی ئەسەدەوە گرێدابوو، بەڵام کە لە ئەیلوولی ٢٠١٥ رووسیا راستەوخۆ هاتە ناو شەڕی سووریا و هەڵمەتە ئاسمانییەکانی رووسیا

بوونە هۆکاری ئەوەی پرسی لابردنی ڕژێمەکەی ئەسەد ببێتە شتێکی زۆر لاوەکی لە ستراتیژیەتی ئەمریکا، تورکیا هەوڵیدا بە پشتی هاوپەیمانی ناتۆ ڕووبەڕووی ڕووسیا ببێتەوە، بۆ ئەمەش فڕۆکەیەکی ڕووسیای لە ئاسمانی سووریا خستە خوارەوە، بەڵام ڕووسیا ڕێگەی نەدا ئەم هەنگاوەی تورکیا سەر بکێشێت بۆ شەڕی نێوان ناتۆ و ڕووسیا، لە بری ئەوە بە شێوازی گەمارۆی ئابووری و پشتگیری لە پەیەدە و پەکەکە سزای تورکیای دا و، لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا تورکیا ناچار بوو داوای لێبووردن لە ڕووسیا بکات، سەرۆك کۆماری تورکیاش سەردانی ڕووسیای کرد. بە پێکهاتنەوەی ڕووسیا و تورکیاش، هێندەی دیکە ئەو بەرەی ڕووسیا و ئێرانە کە بەرگرییان لە مانەوەی ئەسەد دەکرد بەهێزتر بوو، تورکیاش چاوی لەوە پۆشی کە لابردنی ئەسەد لە دەسەڵات بکاتە پێشمەرجی بەشداریکردنی لە شەڕی سووریادا. لەمەش زیاتر پێش ئەوەی تورکیا بێتە ناو ئەم بەرەیە، ئێران لە دژی تورکیا پشتگیری هێزەکانی پەیەدە و پەکەکەی دەکرد، هەروەها ڕژێمی ئەسەدیش جیالەوەی چەك و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی پەیەدە دەنارد، لە هەمانکاتدا ئەو ناوچانەشی بەدەست هێزەکانی پەیەدەوە بوون، هێرشی نەدەکرانە سەر و زەمینەی ئەوەی بۆ ڕەخساندبوون بە تەواوەتی بگەنە سنوورەکانی تورکیا.

ئەمریکا کە ئەوکات و ئێستاش ستراتیژیەتی تەنیا تێکشاندنی داعش بوو، لەبەر ئەوەی هێزەکانی پەیەدە توانیبوویان لە ناوچەکانی خۆیان شەڕی داعش بکەن، ئەوا ئەمریکا وەك هاوبەشێکی لۆکاڵ (Local partner) چەك و تەقەمەنی دەدایە هێزەکانیان، بەمەش توانیبوویان لەچەند قۆڵێکەوە سەرکەوتنی باش تۆمار بکەن.

ئەم ستراتیژە تازەیەی تورکیا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لە پرسی سووریا لەگەڵ ئەوەی پێش هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکە بەرنامەی بۆ دارِشتبوو، بەڵام تورکیا هەر ترسی ئەوەی هەبوو لە پرسی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی بۆ ناو شەڕی سووریا، ئەمریکا هەڵوێستێکی قورسی بەرامبەر بگرێتەبەر، بەڵام دوای هەوڵی کودەتاکە و ڕاستەخۆ تۆمەتبارکردنی ئەمریکا لەلایەن تورکیاوە بەوەی دەستی لە پشتی ئەو کودەتایە هەبووە کە بزووتنەوەی گولەن ئەنجامیان دا، یان لانیکەم ئاگاداربووە و هاوپەیمانەکەی خۆی لێ ئاگادار نەکردۆتەوە، ئەمە وایکرد ئەو زەمینەیە لەناو تورکیا بێتەئاراوە کە بە سادەیی هەست بە دژایەتی ئەمریکا لە شەقامی تورکیا بکرێت، ئەمریکاش بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە لەگەڵ تورکیا هێوربکاتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی زەمینەی سیاسی ناوخۆی تورکیا لەبارە بۆ ئەوەی تورکیا هەنگاوی دیکە بەرەو نزیکبوونەوە لە ڕووسیا و دوورکەوتنەوە لە ناتۆ هەڵبگرێت، ئەوا وەك ئێستا دەیبینین لە پێناوی ڕاگرتنی دڵی تورکیا، هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر پەیەدە لە ڕۆژئاوا بەو جۆرەیە کە چاوپۆشی لە هەموو هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر پەیەدە دەکات، لەبەرامبەریشدا لەبەر ئەوەی ئێران ئەم هاتنەناوەوەی تورکیا وەك بەرژەوەندی ستراتیژیەتی خۆی لە شەڕی سووریا دەخوێنێتەوە، ئەوا جیا لەوەی ڕژێمی ئەسەد ناوچە کوردییەکانی بندەستی پەیەدە بۆمباران دەکات، لەهەمانکاتدا ئێرانیش پشتی لە پەیەدە کردووە.

ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی لە شەڕی سووریا هاتۆتەئاراوە بە شێوەیەکی گشتی و دژی پەیەدە بەشێوەیەکی تایبەتی، جێگەی داخ و نیگەرانییە کە بە هۆی کەم ئەزموونی و تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی لە ڕوانگەی سیاسەتی پەکەکەوە، ئێستا پەیەدە تێی کەوتووە، بە مانایەکی دیکە ئەوە تەنیا سیاسەتی پەکەکەیە وایکردووە لەناو جەمسەربەندی و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییە جیاوازەکان لە هاوکێشەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کورد وەك توخمێکی کاریگەر لەم هاوکێشەدا ئاڵۆزەدا، جەمسەربەندییەکی تایبەتی و یەکگرتووی نەبێت و ئاراستەیەکی ڕوونی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی نەبێت، خۆی گرێبداتەوە بە جەمسەرێکەوە کە لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا و لەو هەلە مێژووییەی بۆ کورد هاتۆتەپێشەوە، هیچ بەرژەوەندییەکی نەبێت و بە ئاشکرا دژی ئەو هەلە بێت کە بۆ کورد ڕەخساوە!

کەواتە هەڵسەنگاندن بۆ ڕەوشی تازەی جەمسەربەندییەکانی ناوچەکە و سوودمەندنەبوونی کورد لە ڕۆژئاوا و باکوور، پرسەکە ئەوە نییە کە باس لە هەڵە و شکستی پەکەکە دەکەین، بەڵکو پرسەکە ئەوەیە ئەو فرسەتەی لەم هاوکێشە ئاڵۆز و ناجێگیرەدا بۆ کورد هاتووەتەپێشەوە، ئەگەر هەموو لایەنە کوردییەکان بەتایبەتی پەکەکە واز لە تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی خۆی بهێنایە و بە دیدێکی کراوەی کوردانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم

**لە باشووری کوردستان، لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆر دراوە ئەم پارچەیە دابەش بکرێت بەسەر جەمسەربەندیی ناوچەکەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆک بارزانی هەرچۆنێک بێت و بەهەر نرخێک بێت، باردۆخەکەی ڕاگرتووە، ئەوا کە باس لە چارەسەری کێشەی عێراقی دوای داعش دەکرێت، باس لە دامەزراندنی سێ دەوڵەتی سەربەخۆ، یان لانیکەم سێ دەوڵەتی کۆنفیدراڵی دەکەن**

**بارزانی پێشمەرگەی نەنارد بۆ ئەوەی لە کۆبانێ بمێننەوە و کۆبانێ داگیر بکەن، بەڵکو پێشمەرگەی نارد بۆ هاوکاری و پاش تەواوبوونی ئەرکەکانیان گەڕانەوە، بەڵام هاوکاریکردن بگۆڕێت بۆ خۆ فەرزکردن وداگیرکردن، ئەمە لە لۆژیک و بیرکردنەوەی کوردانە دەردەچێت، بۆیە گرنگە پەکەکە بگەڕێتەوە بۆ لۆژیک و بیرکردنەوەی کوردانە و واز لە خۆ فەرزکردن و خۆسەپاندن بهێنێت**

**هەموو مەرجی سەرۆک بارزانی بۆ پێکهاتنەوە و ڕێکخستنەوەی نێومالّی کوردستانیش، ئەوەیە کە حزبەکان خۆیان نەکەن بە کوێخا بەسەر گەلی کوردستاندا و خۆیانی بەسەردا فەرز نەکەن، بەڵکو گەلی کوردستان لە هەر پارچەیەکی کوردستان لە ئێستادا چ بڕیارێک بدات، دەبێت ئەو حزبانە ملکەچی بڕیاری خەڵکی کوردستان بن**

**پەکەکە بە ئاراستەیەک سەری لە خۆی شێواندووە کە نەک هەر لەگەڵ باشووری کوردستان، بەڵکو دەیەوێت بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتیش خامۆش بکاتەوە، ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی کوردانی ڕۆژهەڵات دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان وەک دەوڵەتی خۆیان سەیر دەکەن، هەروەک چۆن مستەفا بارزانیی نەمر کۆماری کوردستانی لە ڕۆژهەڵات وەک کۆماری خۆی سەیر دەکرد و بەرگری لێدەکرد**

**پەکەکە لە بری ئەوەی خۆی بکاتە ئامرازێک بە دەست ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی داگیرکاری کوردستانەوە بۆ ڕووخانی دەوڵەتی ئەمری واقیعی باشووری کوردستان، دەیتوانی ئەم دەوڵەتە و دامەزراوەکانی بۆخۆی بکاتە چەتری پاراستن و ناسنامەیەک بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی خۆی لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتی و کردنی بە پێگەیەک بۆ پێوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ خۆیدا**

بارودۆخە هەستیارە بکردایە، ئەوا نەك لە ڕۆژئاوا، بەڵکو لە باکووریش ئێستا پەیەدە دەبووە یەكێك لە حزبە کاریگەرەکانی ناو پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی تورکیا و حکومەتی ئاك پارتی نەیدەتوانی بە ئاسانی پەراوێزی بخات و بیکاتە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەکە، یان بەپشتی حزبە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا وەك مەهەپە بیباك بێت لەوەی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارەکانی ئەو حزبە هەڵبگرێت.

بۆیە وەك ئاکامی ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو ئەمساڵ دەریدەخەن، پەکەکە کاتێك شەڕی خستە ناو شارەکانی تورکیا، کە ئەگەر حکومەتی ئاك پارتی بەشێکی سەرەکی لە تاوانی ئەو شەڕەی بکەوێتەئەستۆ، بەڵام وەك ئێستا دەبینین بە بیانووی ئەوەی ئەو فەرماندە سەربازییانەی لە باکووری کوردستان بوون و بەشێك بوون لە بزووتنەوەی گولەنییەکان و وەك خۆئامادەکردنێك بۆ کودەتاکەی ١٥ی تەموز، ئاك پارتی ئەو پشکەی بەر حکومەتی تورکیا دەکەوێت، دەیخاتە ئەستۆی گولەنییەکان، لە بەرامبەریشدا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی قەندیل لە ئاراستەکردنی هەدەپە، ئەوا ئەو پشکەی بەر پەکەکە دەکەوێت ڕاستەوخۆ کەوتە سەر شانی هەدەپە، لە ئێستاشدا کە بارودۆخی نائاسایی دەوڵەتی تورکیا لەبارە و ئاك پارتی دەستکراوە کردووە بۆ ئەوەی چی دەوێت، بیکات، ئەوا هەدەپە لەناو پرۆسەی سیاسیی تورکیا گۆشەگیر کراوە، داشی تورکیا سوار بووە بۆ ئەوەی باس لە دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد نەکرێتەوە.

ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەوە نییە پاکانە بۆ سیاسەتی حکومەتی تورکیا بەرامبەر باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بکرێت، بەڵکو خوێندنەوەی شێوازی گەمەکردنی ئەو یاریزانانەیە کە لەناو گەمەکەدا یاری دەکەن. دیارە تورکیا لەماوەی یەك دوو ساڵی ڕابردووی شەڕی داعش، پێگەی وەك دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەکە لەناو هاوکێشەی سیاسیدا پێگەیەکی بەهێز نەبووە، لەلایەك نەیدەتوانی خۆی لەگەڵ ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بگونجێنێت کە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرد، لەلایەکی دیکە بەهۆی بەکارهێنانی کارتی پەنابەران وەك دروستکردنی کێشە بۆ یەکێتی ئەورووپا، لەسەر ئاستی یەکێتی ئەورپاش پێگەی باش نەبوو، لەسەر ئاستی ناتۆش کە یەکێکە لە ئەندامانی دەوڵەتی ناتۆ و هێز بەرامبەر گەلەکەی خۆی بەکار دەهێنێت، دیسان پێگەی زۆر خراپ بووە، لەگەڵ ڕووسیاش کە هێزێکە لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکەش و گاڵتەی لەگەڵ ناکرێت، لە شەڕێکی تەواودا بوو، ئەمە بێجگە لەوەی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەیەك کاتدا کەوتبووە بەرەی دژی ئێران و ئیسرائیلەوە. ئەگەر سەرنج بدەین دەوڵەتێك لەیەك کاتدا دژی ئێران و ئیسرائیل بێت، دەبێت لە چ پێگەیەکی خراپدا بێت، بەڵام تورکیا توانی لەم بارودۆخە خراپەوە و وێڕای ئەوەی گەورەترین کێشەی ناوخۆییشی هەبوو، ئەوەی پێی دەگوترێت (دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا)، کەچی توانی هەم هاوکێشەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی ڕاست بکاتەوە، هەمیش توانی هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەش پووچەڵ بکاتەوە. لە بەرامبەردا پەکەکە و ئەوانەشی وەك پەکەکە بیردەکەنەوە بەتایبەتی پەیەدە، ئەوەندە بەسە بڵێین بە پێچەوانەی تورکیا، پەیەدە و پەکەکە پێگەیان ئەوەندە باش بوو لە یەك کاتدا ئێران و ئیسرائیل پشتگیری لێدەکردن، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش جیا لەوەی لە ئاسمانەوە چەترێکی ئاسمانی بۆ دروستکردبوون، لەسەر زەویش هاوکاری سەربازی باش دەکران، لە سەرووی هەمووی ئەمانەشەوە هەرێمی کوردستان بە گشتی و شەخسی سەرۆك بارزانی دەرگای کوردستانی واڵاکردبوو بۆ ئەوەی هەموو پشتگیرییەکیان بۆ دابین بکات و بارزانی وەك نمایندەی هەموو کورد لە ناوچەکە بەرگری لە پەیەدە دەکرد و لە کاتی پێویستیشدا هێزی پێشمەرگەی بۆ ڕەوانەکردن بۆ ئەوەی کۆبانێ لە کەوتن ڕزگاربکەن. سەبارەت بە باکووریش دیارە ئەوانەی بە ویژدانەوە چاودێری بارودۆخی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەکەن، دەزانن جیا لەوەی سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی هێجگار کارای هەبووە لە پێشخستنی پرۆسەی کرانەوە و ئاشتی لە تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتە، لەهەمانکاتدا سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ ئامەد و هەڵواسینی ئاڵای کوردستان لە کۆبوونەوەی شارەوانی ئامەد لەگەڵ بارزانی، بووە هاندەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی کوردی باکوور هەموویان دەنگ بۆ ئەوە بدەن، پارتێکی کوردی لە پەرلەمانی تورکیا نوێنەرایەتییان بکات، ئەمەش لە هەڵبژاردنی حوزەیرانی ٢٠١٥ تەواو تەواو ڕەنگی دایەوە کە هەدەپە توانی زیاتر لە ٨٠ کورسی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆماری



تورکیای نوێدا تۆمار بکات. خۆ ئەگەر پەکەکە پشتگیری ئەم ئاراستەی بکردایە کە سەرۆك بارزانی نەخشەڕێگەی بۆ داڕشتبوو، ئەوا نەك تورکیا نەیدەتوانی راستەوخۆ بچێتە ناو سووریا و شەڕ لەگەڵ هێزەکانی پەیەدە بکات، بگرە تورکیا نەشیدەتوانی هەدەپە لە پرۆسەی سیاسی پەراوێز بخات، بەڵکو ئەگەر تورکیا هەر سوور بوایە لەسەر ئەوەی پەکەکە وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پێناسە بکات و پەیەدەش بە پاشکۆی پەکەکەوە گرێبداتەوە، ئەوا ئەندامیەتی تورکیا لە ناتۆ چاوی پێدا دەخشێندرایەوە و ئەندامیەتی تورکیاش لە یەکێتی ئەوروپا لانیکەم هەتا ١٠-١٥ ساڵی دیکە پشتگوێ دەخرا.

**● کورد و بەرژەوەندییەکانی لەم جەمسەربەندی و ئاڵۆزییەدا**

گرنگە لەسەر ئەو خاڵە کۆك بین کە کورد ئەوجا باشوور بێت، یان باکوور، یان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لەم هاوکێشە ئاڵۆزە و ناجێگیرەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك یەك توخم سەیردەکرێت، بۆیە کورد دەتوانێت ئەم سەیرکردنە گشتگیرە هەم وەك لایەنێکی هێزی خۆی بەکاری بهێنێت و هەمیش دەتوانێت بیکاتە خاڵێکی لاواز و سەر لە خۆی تێکبدات و پێگەی خۆی وەك توخمێکی سەرەکی لەهاوکێشەکەدا وەك خۆی نەهێڵێتەوە، بۆیە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، کورد وەك یەك توخم و چەندین لایەنی جیاواز، وەك ئەوەیە سێرکمانێك بێت و بەسەر پەتێکی باریکدا نمایشێکی ترسناك بکات، بۆیە ئەگەر لەم نمایشەدا زۆر هۆشیار و وردبینانە هەنگاو هەڵنەگرێت و هاوسەنگیی خۆی نەپارێزێت، ئەوا لەسەر پەتەکە دەکەوێتە خوارەوە و لە گەمەکەشدا رەنج بەخەسار دەبێت، بۆیە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا کاتی ئەوە نییە ئۆباڵی نەزانی و کەم ئەزموونی و خۆبەزلزانینی لایەك بکرێتە پارسەنگی ئەو شکستەی کە بەچاوی خۆمان دەیبینین، لەبری ئەمە گرنگە بە دیدێکی رەخەگرانە لایەنی کورد لە هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جارێکی دیکە خۆی بخوێنێتەوە و ئەو پرسیارە لەخۆی بکات: «ئایا لە کوێدا هەڵەمان

**پەکەکە دەبێت بزانێت کاتێک پرۆسەی کرانەوە و ئاشتی لەلایەن حکومەتی تورکیا دەستی پێکرد، هەموو ئەوانەی لەسەر ئاستی جیهان خۆیان بە دۆستی کورد و دیموکراتی دەزانن، گوشاریان دەخستە سەر حکومەتی تورکیا بەوەی پرۆسەی کرانەوە و ئاشتی هیچ مانایەکی نابێت، ئەگەر پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەرنەهێنرێت و ئۆجەلان ئازاد نەکرێت و هەر لە ئیمرالی بمێنێتەوە**

کردووە؟»

ئەم پرسیارە کە پرسیارێکی سەرەکیی ناو جیهانی سیاسەتە، سەرەتای کردنەوەی کێشەکان و هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها دەبێت بزانین تورکیا کە یەکێکە لە دەوڵەتە گەورە و بەهێزەکانی ناوچەکە بەگشتی، سەرەتای راستکردنەوەی پێگەی خۆی لەو هاوکێشەیەدا هەر بەو پرسیارە دەستی پێکردووە: «ئایا لەکوێدا هەڵەم کردووە؟» بێگومان تورکیا لەوەدا هەڵەی کردبوو کە شەڕ لەگەڵ رووسیا رابگەیەنێت بەو ئامانجەی شەڕەکە بگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان ناتۆ و رووسیا. تورکیا لەوەدا هەڵەی کردبوو کە ئیسرائیلی کردبووە دوژمنی سەرسەختی خۆی، تورکیا لەوەدا هەڵەی کردبوو کە دەیویست مەرجی پێشوەختە بەسەر زیاتر لە ٦٠ دەوڵەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بسەپێنێت، بۆیە تورکیا کە دەستی پێکرد، پێش هەمووان داوای لێبووردنی لە رووسیا کرد، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردەوە و وازی لەمەرجی پێشوەختە بەرامبەر هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی داعش هێنا، ئەمەش هەموو هاوکێشەکەی گۆڕی بۆ بەرژەوەندی تورکیا.

لەبەرامبەردا ئەگەر کورد بیەوێت بەدوای ئەوەدا بگەڕێت کە لە کوێ هەڵەی کردووە و چۆن راستی دەکاتەوە و دەبێت لە کوێوە دەست پێبکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١. هەڵەی گەورەی پەکەکە کە کاریگەریی گەورەی لەسەر باکوور و رۆژئاوا هەبووە و هەروەها دەرهاویشتەی نەرێنی لەسەر باشوور، رۆژهەڵات و رۆژئاواش هەبووە، ئەوەیە کە توخمی کوردی لە هاوکێشە ئاڵۆزەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردۆتە دوو توخم و دوو جەمسەربەندی جیاواز، ئەو جەمسەرەی پەکەکە بەرەو پێشەوەبردنی توخمی کوردی لەم هاوکێشەیەدا پێوە گرێداوە، جەمسەرێکە بەشێوەیەکی کاتی و تاکتیکی کورد بۆ شەڕی بەوەکالەت بەکار دەهێنێت، هەر کاتێك کاری پێی نەما، پشتی تێدەکات، بۆیە دوای ئەوەی بچووکترین گۆڕانکاری لە جەمسەربەندی ناو هاوکێشەکە روویدا، ئێستا دەبینین رۆژئاوا و باکوور چۆن زەرەرمەند بوون، بۆیە ئەگەر پەکەکە بیەوێت خۆی راست بکاتەوە، با وەك تورکیا داوی لێبووردن لە وڵاتێکی دیکە نەکات، بەڵکو داوای لێبووردن لە گەلەکەی خۆی بکات و هەوڵی یەکەمی بۆ ئەوە بێت کورد بکاتەوە بە یەك توخمی کاریگەر و بچێتە ناو ئەو جەمسەربەندییەی لەسەر بنەمای دژایەتی تیرۆر و دیموکراتی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەرگری لە کورد دەکەن، نە بۆ شەڕی بەوەکالەت، دیارە ئەو جەمسەرە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعشە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا.

٢. پەکەکە خۆی باش دەزانێت تورکیا هەموو

**کورد ئەوجا باشوور بێت، یان باکوور، یان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لەم هاوکێشە ئاڵۆزە و ناجێگیرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک یەک توخم سەیردەکرێت، بۆیە کورد دەتوانێت ئەم سەیرکردنە گشتگیرە هەم وەک لایەنێکی هێزی خۆی بەکاری بهێنێت و هەمیش دەتوانێت بیکاتە خاڵێکی لاواز و سەر لە خۆی تێکبدات و پێگەی خۆی وەک توخمێکی سەرەکی لەهاوکێشەکەدا وەک خۆی نەهێڵێتەوە**



هەوڵی بۆ ئەوەیە ئەو وەك گروپێك لەناو لیستی تیرۆردا بمێنێتەوە، هەڵەی سیاسەتی پەکەکە و بەرژەوەندی ئەو جەمسەرەی پەکەکە پشتی پێبەستووە، بۆ مانەوەی لە لیستی تیرۆریستان، بەردەوام ئاوی کردۆتە ئاشی سیاسەتی تورکیا و بۆتە بیانوویەکی زۆر بەهێز بۆ ئەوەی تورکیا لە ژێر پەردەی تیرۆردا شارەکانی باکووری کوردستان وێران بکات و هەروەها دەرگای بۆ واڵا بێت بۆ ئەوەی ئەو هەلەی بۆ رۆژئاوا هاتۆتەپێشەوە، لەناو بەرێت، بۆیە لەبری ئەوەی پەکەکە ئارەزوومەندانە خۆی بکاتە پرد بۆ سیاسەتەکانی تورکیا لە دژی کورد، دەتوانێت ببێتە بەربەرستێکی باش بۆ پەکخستنی ئەو سیاسەتە، ئەمەش بە رێگەی پەنابردن بۆ سیاسەتی هاوچەرخانە، ئەو سیاسەتەی ئەمڕۆ جیهانی ئازاد تێی دەگات و بەرگری لێدەکات. پەکەکە دەبێت بزانێت ئەگەر کورد لە باکوور خاوەنی فراکسیۆنێکی گەورەی پەرلەمانی بێت، با ٨٠ کورسیش نەبێت و وەك ئێستا ٦٠ کورسی بێت، ئایا ئەگەر حکومەتی تورکیا بیەوێت فراکسیۆنێکی پەرلەمانی بایکۆتی پرۆسەی سیاسی بکات و پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارەکانی هەڵبگرێت، چ دەنگدانەوەیەکی نەرێنی بەرامبەر سیاسەتی تورکیا دروست دەبێت؟ بەڵام کاتێك تورکیا هەدەپە دەکاتە پاشکۆی پەکەکە و هەدەپەش ئەمە دەسەلمێنێت، ئەوا جیهان لەبەرامبەر رەفتارە نادیموکراتییەکانی ئاك پارتی بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، بۆیە گرنگە پەکەکە دان بەو راستییەدا بنێت کە سیاسەتێکی هەڵەی بەرامبەر باکوور پیادە کردووە و زۆر ئاساییشە داوای لێبووردن لە هاووڵاتیانی خۆی لە باکوور بکات و سیاسەتی خۆی راستبکاتەوە. ئەگەر پەکەکە بتوانێت تەنیا لە باکوور سیاسەتی خۆی راست بکاتەوە، دەرگایەکی گەورەی بۆ دەرچوونی لە لیستی تیرۆر بۆ دەکرێتەوە، پەکەکە دەبێت بزانێت کاتێك پرۆسەی کرانەوە و ئاشتی لەلایەن حکومەتی تورکیا دەستی پێکرد، هەموو ئەوانەی لەسەر ئاستی جیهان خۆیان بە دۆستی کورد و دیموکراتی دەزانن، گوشاریان دەخستە سەر حکومەتی تورکیا بەوەی پرۆسەی کرانەوە و ئاشتی هیچ مانایەکی نابێت، ئەگەر پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەرنەهێنرێت و ئۆجەلان ئازاد نەکرێت و هەر لە ئیمرالی بمێنێتەوە، گرنگە لەم خاڵەدا پەکەکە زۆر راستگۆیانە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و بەرپرسیاریەتی ئەوە هەڵبگرێت کە بەشێك لە مانەوەی ئۆجەلان لە بەندیخانەی ئیمرالی لە ئەستۆی سیاسەتە هەڵەکانی ئەودایە.

٣. سیاسەتی پەکەکە بەرامبەر بە دەوڵەتی ئەمری واقیعی باشووری کوردستان کە ئەم دەوڵەتە دیفاکتۆیە بۆتە هیوایەکی گەش بۆ هەر تاکێکی ئەم کوردستانە لە هەموو جیهاندا، نەك هەر سیاسەتێکی هەڵەیە، بەڵکو سیاسەتێکە

**ئەم وێکچوونەی شەڕی نێوان سوننە و شیعە، یان شەڕی نێوان داعش و دەوڵەتانی ناوچەکە، لەگەڵ شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی لە ئەوروپا هەنگاو بەرەو چارەسەرێکی هاوشێوەی رێککەوتنی ویستفالیا لە سەدەی پانزەیەمی ئەوروپا هەڵدەگرێت، کە سەرەنجام بە دووبارە کێشانەوەی نەخشەی ناوچەکە و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ کێشەکان چارەسەر کران**



**هەڵەی گەورەی پەکەکە کە کاریگەریی گەورەی لەسەر باکوور و رۆژئاوا هەبووە و هەروەها دەرهاویشتەی نەرێنی لەسەر باشوور، رۆژهەڵات و رۆژئاواش هەبووە، ئەوەیە کە توخمی کوردی لە هاوکێشە ئاڵۆزەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردۆتە دوو توخم و دوو جەمسەربەندی جیاواز**

**ئەگەر پەکەکە بیەوێت خۆی راست بکاتەوە، با وەک تورکیا داوی لێبووردن لە وڵاتێکی دیکە نەکات، بەڵکو داوای لێبوردن لە گەلەکەی خۆی بکات و هەوڵی یەکەمی بۆ ئەوە بێت کورد بکاتەوە بە یەک توخمی کاریگەر و بچێتە ناو ئەو جەمسەربەندییەی لەسەر بنەمای دژایەتی تیرۆر و دیموکراتی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بەرگری لە کورد دەکەن، نە بۆ شەڕی بەوەکالەت**

**مامەڵەکردنی کورد لەناو ئەم هاوکێشەیە وەک رۆیشتنی سێرکمانێکە لەسەر پەتێکی باریک و دەبێت هەموو هەنگاوەکانی جیا لەوەی بە حیساب بێت، لە هەمان کاتدا دەبێت بە وریاییەکی زۆرەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر رەچاوی ئەم هەستیارییە نەکات، ئەوا لە پەتەکە دەکەوێتە خوارەوە و لە گەمەکەشدا رەنج بەخەسار دەبێت**

داماڵدراوە لە لۆژیك و تێڕوانینی کوردانە، بۆیە پەکەکە لە بری ئەوەی خۆی بکاتە ئامرازێك بە دەست ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی داگیرکاری کوردستانەوە بۆ رووخانی دەوڵەتی ئەمری واقیعی باشووری کوردستان، دەیتوانی ئەم دەوڵەتە و دامەزراوەکانی بۆخۆی بکاتە چەتری پاراستن و ناسنامەیەك بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی خۆی لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتی و کردنی بە پێگەیەك بۆ پێوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ خۆیدا، بەڵام پەکەکە بە ئاراستەیەك سەری لە خۆی شێواندووە کە نەك هەر لەگەڵ باشووری کوردستان، بەڵکو دەیەوێت بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە رۆژهەڵاتیش خامۆش بکاتەوە، ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی کوردانی رۆژهەڵات دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان وەك دەوڵەتی خۆیان سەیر دەکەن، هەروەك چۆن مستەفا بارزانیی نەمر کۆماری کوردستانی لە رۆژهەڵات وەك کۆماری خۆی سەیر دەکرد و بەرگری لێدەکرد، سەبارەت بەم خاڵە پەکەکە دەبێت باش بزانێت، سەرۆك مسعود بارزانی جیا لەوەی گیانی تۆڵەسەندنەوەی بەرامبەر کورد نییە، ئەوجا کوردی باشوور بێت، یان باکوور، یان رۆژهەڵات، یان رۆژئاوا، بۆیە بەبێ ئەوەی داوای لێبووردن لە باشوور بکات، دەتوانێ زۆر بە ئاسانی سوود لە دەوڵەتی کوردستان وەربگرێت و هەڵەی خۆی راست بکاتەوە، هەموو مەرجی سەرۆك بارزانی بۆ پێکهاتنەوە و رێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستانیش، ئەوەیە کە حزبەکان خۆیان نەکەن بە کوێخا بەسەر گەلی کوردستاندا و خۆیانی بەسەردا فەرز نەکەن، بەڵکو گەلی کوردستان لە هەر پارچەیەکی کوردستان لە ئێستادا چ بڕیارێك بدات، دەبێت ئەو حزبانە ملکەچی بڕیاری خەڵکی کوردستان بن، لەمەش زیاتر حزبی سیاسیی هیچ پارچەیەکی کوردستان بۆی نییە دەستێوەردان و خۆفەرزکردن بەسەر هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا بکات، بەڵام ئەمە رێگری لەوە ناکات کە لەنێوان حزبە سیاسییەکانی پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا هاوکاری هەبێت، هەر بۆ نموونە سەرۆك بارزانی فەرمانی کرد پێشمەرگە بچن بۆ هاوکاری براکانیان لە کۆبانێ، سەرنج بدەن، بارزانی پێشمەرگەی نەنارد بۆ ئەوەی لە کۆبانێ بمێننەوە و کۆبانێ داگیر بکەن، بەڵکو پێشمەرگەی نارد بۆ هاوکاری و پاش تەواوبوونی ئەرکەکانیان گەڕانەوە، بەڵام هاوکاریکردن بگۆڕێت بۆ خۆ فەرزکردن و داگیرکردن، ئەمە لە لۆژیك و بیرکردنەوەی کوردانە دەردەچێت، بۆیە گرنگە پەکەکە بگەڕێتەوە بۆ لۆژیك و بیرکردنەوەی کوردانە و واز لە خۆ فەرزکردن و خۆسەپاندن بهێنێت، ئەگەر ئەمە بکات، باشوور و بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان نەك هیچ کێشەیەکی لەگەڵ پەکەکە نییە، بەڵکو پارتی خۆی دەبێتە فاکتەریکی بەهێزی ئەرێنی بۆ ئەوەی پەکەکە چیتر لە لیستی تیرۆردا نەمێنێت، هەروەك تا ئێستا و لەگەڵ ئەو هەموو سیاسەتە هەڵەیەی پەکەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆك بارزانی بۆ یەکجاریش پەکەکەیان بە تیرۆریست ناو نەبردووە.

لە ئێستادا وێڕای ئەوەی بارودۆخە زۆر شڵەژاو و جەمسەربەندییەکان زۆر تێکهەڵکێشراو و ئاڵۆز بوون، بەڵام هێشتا شەڕەکە کۆتایی نەهاتووە و بەشی ئەوەی بەدەمەوە ماوە جارێکی دیکە کورد خۆی لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا رێکبخاتەوە، لەمەش زیاتر شەڕی داعش دۆستێکی هێجگار گەورەی بۆ کورد دروستکردووە و پێگەی کوردیش لەشەڕی دژی تیرۆردا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە پرۆسەی دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکە لەدوای داعشیش فەرامۆش نەکرێت، بەڵام هەموو ئەمانە پێویستی بە وەڵامدانەوەی راستگۆیانەی ئەو پرسیارە هەیە: «ئایا لەکویدا هەڵەمان کردووە؟»

### ● دەوڵەتی دیفاکتۆی باشوور و سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی

ئەو دەوڵەتەی کە بووە رێگر و نەیهێشت پلانەکەی جۆزیف بایدن وەك پلانی (B) لەساڵی ٢٠٠٧ بۆ رێکخستنەوەی عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سێ هەرێمی (سوننە و شیعە و کورد) سەرکەتوو بێت، عەرەبستانی سعودی بوو، رێگرییەکەشی لە دژی دروستکردنی هەرێمێکی شیعە، یان سونە نەبوو، بەڵکو لە دژی دروستبوونی هەرێمی فیدراڵی کوردستان بوو لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەوەی وایکرد کە تورکیا نەبێتە یەکێك لە ئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣، ترسی تورکیا بوو لەوەی دوای رووخانی رژێمی بەعس، هەرێمی کوردستان ببێتە هەرێمێکی فیدراڵیی دانپێدانراو لەناو دەستووری عێراقدا، هەر لەترسی ئەمەش تورکیا نەیهێشت هاوپەیمانان لە تورکیاوە بەرەیەکی شەڕ بۆ ئازادکردنی عێراق بکەنەوە، بەڵام سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك مسعود بارزانی و ئەزموونی لە

سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئەم هاوکێشەیە بە ئاراستەیەک گۆڕیوە، کە ئێستا کۆشکی شاهانەی سعودیە و بە هەموو بنەماڵەی شاهنشایەوە پێشوازی لە سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن، تورکیا کە هەتا هەشت نۆ ساڵێک لەمەوپێش خۆی وەک دوژمنی سەرسەختی هەرێمی کوردستان دەخستەڕوو، ئێستا بە ئاستی سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێشوازیی سەرۆک بارزانی دەکات.

دیارە ئەم وەرچەرخانەی سەرۆک بارزانی لە تێڕوانینی جیهان بۆ کورد و کێشەکەی و تەنانەت چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکەی دروستکردووە، تەنیا بۆ باشووری کوردستان نەبووە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتە بە وەرچەرخانی گەورە بۆ پارچەکانی دیکەش شکاوەتەوە، بەتایبەتیش بۆ ڕۆژهەڵات و باکوور.

دیارە لەناو وەرچەرخانی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، ئێران وەک دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەکە بۆتە پارێزەری هەر دوو ڕژێمی شیعەی باڵادەست لە بەغدا و عەلەوی باڵادەست لە دیمەشق، ئەو هەلەشی هاتۆتە پێشەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئاکامی شەڕی سووریا و عێراق بۆ کورد، هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات بە پلەی یەکەم دەگرێتەوە، ئێستا ئێران بە ئاشکرا بۆ مانەوەی باڵادەستیی دوو ڕژێمی شیعە لە بەغدا و دیمەشق بەرگری لە یەکپارچەیی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق دەکات، دژایەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات.

دیارە لە باشووری کوردستان، لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆر دراوە ئەم پارچەیە دابەش بکرێت بەسەر جەمسەربەندیی ناوچەکەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆک بارزانی هەرچۆنێک بێت و بەهەر نرخێک بێت، باردۆخەکەی ڕاگرتووە، ئەوا کە باس لە چارەسەری کێشەی عێراقی دوای داعش دەکرێت، باس لە دامەزراندنی سێ دەوڵەتی سەربەخۆ، یان لانیکەم سێ دەوڵەتی کۆنفیدراڵی دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیەدە کەوتە ژێر کاریگەری سیاسەتی پەکەکە و نەیتوانی لەو نەخشەڕێگەیەی بارزانی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی هەولێر و دهۆک بۆی دیاریکرابوون، هەنگاو هەڵبگرن، بەمەش پەیەدە نەیتوانی نموونەیەکی دیموکراتی و فرەیی سەرنجڕاکێش پیشانی جیهان بدات، ئەوا ئێستا کە باسی سووریا دوای داعش دەکرێت، یەکپارچەیی خاکی سووریا دەکرێتە هێڵی سوور، لەمەش خراپتر جیا لەوەی هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە سووریا وەک خۆی بمێنێتەوە، لە هەمانکاتدا ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، پەیەدە وەک نوێنەری کورد لە کۆنگرەکانی ژنێف بۆ سووریای دوای ئەسەد قبووڵ ناکەن، ئەمە لە کاتێکدا لە چوارچێوەی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، نەک هەر بەبێ کوردی باشوور هیچ کۆنگرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن بۆ عێراقی دوای سەدام حوسێن گرێنەدەدرا، بەڵکو زۆرجار کورد خۆی سەرۆکایەتی کۆنگرەکانی دەکرد.

ئەو هەلە مێژووییەی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان لەم یەک دوو ساڵەی هاتنی داعش و دڕندەیی ڕژێمی ئەسەد هاتەپێشەوە، بە درێژایی مێژوو بۆ هیچ پارچەیەکی کوردستان نەهاتۆتە پێشەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕۆژئاوای کوردستان کەوتۆتە نێوان دوو دوژمنی هەموو جیهانی ئازادەوە کە (ئەسەد و داعشە) و جیهان لەیەک کاتدا داوای ڕووخانی هەردوولایان دەکات، بەڵام کاریگەری سیاسەتی پەکەکە لەسەر پەیەدە وایکردووە، جیهان لەنێوان نوسرە و پەیەدە، نوسرە هەڵبژێرن و لەنێوان ئەسەد و پەیەدە، ئەسەد هەڵبژێرن، ئەمە لە کاتێکدا هەموو لایەک دەزانن کە ئەمریکا خۆی بە خاوەنی حکومەتی ناوەندی عێراق دەزانێت و هەموو سیاسەتی ئەمریکا بۆ مانەوەی عێراقە بەیەکگرتوویی، بەڵام سیاسەتی بارزانی وایکردووە کە نەک هەر ئەمریکا ڕازی بێت بەوەی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕەفتاردەکات، بەڵکو کاتێک هەرێمی کوردستان داوای ئەوە دەکات وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەشداری کۆبوونەوەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بکات و عێراق نارەزایی دەردەبڕێت، ئەمریکا و هاوپەیمانان لەنێوان عێراق و کوردستاندا، ڕێز لە داواکەی کوردستان دەگرن و جێگەی نوێنەری کوردستان دەکەنەوە و نارەزاییەکەی عێراق لەبەرچاو ناگرن.

دیارە ئەم تێڕوانینە بۆ دوو ئەزموون و دوو بیرکردنەوەی جیاواز، بۆ ئەوە مەبەستە نییە کە ڕۆژئاوای کوردستان خۆی هەر بە جیاوازی بهێڵێتەوە، بەڵکو ئەمە بۆ بەرچاوڕوونییە بۆ ئەوەی پشتی خۆی بداتە دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردستان و بە زمانی دیموکراتی و فرەیی و یەکتری قبووڵکردن دەرگای جیهان لە ڕێگەی باشوورەوە بەسەر خۆیدا بکاتەوە.

**سیاسەتی پەکەکەیە وایکردووە لەناو جەمسەربەندی و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییە جیاوازەکان لە هاوکێشەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کورد وەک توخمێکی کاریگەر لەم هاوکێشەدا ئاڵۆزەدا، جەمسەربەندییەکی تایبەتی و یەکگرتووی نەبێت و ئاراستەیەکی ڕوونی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی نەبێت**

**ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی لە شەڕی سووریا هاتۆتەئاراوە بە شێوەیەکی گشتی و دژی پەیەدە بەشێوەیەکی تایبەتی، جێگەی داخ و نیگەرانییە کە بە هۆی کەم ئەزموونی و تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی لە ڕوانگەی سیاسەتی پەکەکەوە، ئێستا پەیەدە تێی کەوتووە**

**لەبەر ئەوەی زەمینەی سیاسی ناوخۆی تورکیا لەبارە بۆ ئەوەی تورکیا هەنگاوی دیکە بەرەو نزیکبوونەوە لە ڕووسیا و دوورکەوتنەوە لە ناتۆ هەڵبگرێت، ئەوا وەک ئێستا دەیبینین لە پێناوی ڕاگرتنی دڵی تورکیا، هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر پەیەدە لە ڕۆژئاوا بەو جۆرەیە کە چاوپۆشی لە هەموو هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر پەیەدە دەکات**



نێد لازاروس
پسپۆڕی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوەی هەلومەرجی ئەوروپای سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانییە

**پرۆفسیۆر نێد لازاروس، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پێشتر وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەك، وەك زانکۆی جۆرج تاون و جۆرج مەیسون وماڵتا، پێش ئەوەی بێتە ناو بواری ئەکادیمییەوە بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئاشتی بووە لە تەل ئەبیب. بۆ لێکدانەوەی بارودۆخ و پەرەسەندنەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگی هەبوونی چارەسەرێکی سیاسی لە پاڵ هەڵمەتە سەربازییەکەدا بۆ تێکشکاندنی داعش، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی ئەگەری سەربەخۆبوونی کوردستان و گۆڕانی سنووری وڵاتانی ناوچەکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** هەروەك ئاشکرایە لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی وڵاتە عەرەبییەکانی ئەم ناوچەیە، بەدەست کێشە و ئاژاوە و توندوتیژییەکی زۆرەوە دەناڵێنن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە ڕوانگەی ئێوەوە چی لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە من کەسێکی شارەزام لە ناکۆکیی نێوان عەرەب-ئیسرائیل، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چاودێری بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەکەم. ئەوەی پێوەندی هەبێت بە پرسیارەکەتانەوە کە چۆن لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانم، ئەوا من کەسێکم لە واشنتۆن دەژیم، بەڵام بەردەوام سەردانی ئیسرائیل و فەلەستین و میسر و ئەردەن دەکەم، بەڵام دەبێت بە خاکەڕاییەوە قسە بکەم، چونکە من لە نێو جەرگەی ڕووداوەکاندا نیم کە لە عێراق و سووریا و لیبیا و یەمەندا ڕوودەدەن. کەوابێت پێویست بوو من سەرەتا ئەم ڕوو کردنەوەیە بدەم، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەك هەبێت. ئەگەر ئێستاش بێینەسەر پرسیارەکە ئەوا لە ڕوانگەی منەوە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوەی دۆخی ئەورووپای سەروەختی جەنگی یەکەمی جیهانییە، لەو ڕوانگەیەوە کە لە ئێستادا ناکۆکییەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە کە سەرجەم دەوڵەت و لایەنەکانی بەلای خۆیدا کێش کردووە و تێکڕای هێزەکان تێوەگلاون، ئیدی ئەو هێزانە ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکەن، یاخود چەك و دارایی بۆ گرووپە جیاوازەکانی دەستەبەر بکەن، بۆ نموونە، بڕواننە سووریا کە وڵاتانی کەنداو و ئەمەریکا و تورکیا و سەرجەم کاراکتەرە بەهێزەکان ئەم کارە دەکەن لەو وڵاتەدا و پشتیوانی گرووپێکی دیاریکراو دەکەن لەسەر زەوی. ئەمەش بە ئاست و ئەندازەی جیاواز ڕاستە بۆ یەمەن و بۆ عێراقیش. هۆکارێکی دیکەی ئەوەی کە هەل و مەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوەی دۆخی ئەورووپای ڕۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانە، بەهۆی بوونی ئەو هەموو هاوپەیمانێتییە و بوونی ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندی جیاوازی وڵاتە جیاوازەکان، ئەوا هەموولایەك بەرەو شەڕەکە کێش کراون. چونکە ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، بۆتەهۆی ئەوەی سەرجەم کاراکتەر و وڵاتە بەهێز و دەستڕۆیشتووەکان هەوڵ بدەن کە کاریگەرییان هەبێت و دەرئەنجامی شەڕ و ناکۆکییەکە ببێتەهۆی بەهێزبوونی نفووزی ئەوان. هۆکارێکی دیکەی ئەم لێکچوواندنەی کە کردم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە چەشنی ئەورووپای سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان نیزام تێیدا باڵادەست نییە، واتە کێشمەکێش و ململانێیەك هەیە لە نێوان ئایدیۆلۆژیا و پارتە سیاسییەکان و لە نێوان دەوڵەت و کاراکتەرە غەیرەدەوڵەتییەکان، لەبەر ئەوە ئێمە دڵنیانین لەوەی دەرئەنجامی کۆتایی سووریا بە چ لایەکدا دەکەوێت، یان لە عێراق و بە دڵنیاییەوە لە لیبیا و ناوچەکە بەگشتی. هەروەها لە ئەورووپای سەروەختی جەنگی یەکەمی جیهانیش ئیمپراتۆرەکان هەوڵیان دەدا خاکی زیاتر کۆنترۆڵ بکەن و لەم ڕووەوە ڕووبەڕووی ڕەوتی ناسیۆنالیستی دەبوونەوە لە ناوچەی بەلقان و ئەورووپا و دواتر ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی سەریهەڵدا.

**ئەگەر کورد سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، ئەوا خەڵکی ئەمەریکا پشتیوانی دەکات، بەڵام لەم باوەڕەدا نیم ئیدارەی ئەمەریکا پاڵپشتی بکات**

*** وێنەیەکی وردی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستتان کێشا، هەروەها لە میانەی وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان بە وڵاتی سووریا کرد کە بۆتە گۆڕەپانی ململانێی کاراکتەر و دەوڵەتە دەستڕۆیشتووەکان، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا سەرنج دەدرێت ئەوەیە کە خەریکە لایەنە پێوەندیدارەکان بە کێشەی سووریا مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا قبووڵ دەکەن- بەلای کەمەوە لە قۆناغی**

**نە سووریا و نە عێراق لە دۆخێکدا نین کە بتوانن شەڕ لە دژی سەربەخۆیی کورد بکەن، هێزێک کە بتوانێت بە شێوەیەکی کارا شەڕ و دژایەتی دەوڵەتی کوردستان بکات- ئەو دەوڵەتەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دروست دەبێت- تورکیا و ئێرانن**

**ئەمەریکادا تێڕوانینێکی ئیجابی هەیە لەسەر کورد و هەرێمی کوردستان، چونکە هێزێکی گرنگ و کارایە و نەبووەتە بەشێک لە هەڵکشانی ناکۆکییە تایفەگەرییەکە و لە دوای ساڵی ٢٠٠٤یشەوە ئارامترین ناوچەی عێراق بووە**

**ئێران دەوڵەتێکی بەهێز و گرنگە و خاوەن دانیشتووانێکی زۆر و وڵاتێکی بەهێزە. بەڵام بە دڵنیاییەوە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا رژێمەکەی ئەو وڵاتە مایەی گرفتە**

**ئینتیقالیدا- پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مانەوەی ئەسەد نابێتەهۆی درێژەپێدانی بارودۆخەکە و بەردەوام بوونی خوێنڕێژی لەو وڵاتەدا؟**

- راستە ماوەی پێنج ساڵە سووریا بە کارەسات و تراژیدیایەکی مەترسیداردا تێدەپەڕێت، بەڵام ئێمە نازانین ئایندە چی دەبێت و چۆن دەبێت، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم کە لە روانگەی ئەخلاقییەوە رازیبوون بە مانەوەی ئەسەد قابیلی قبووڵ نییە. هەرچەندە ئێمە ئەو راستییە دەزانین کە سیاسەت لە روانگەیەکی ئەخلاقییەوە کار ناکات، بەڵام ئەگەر ببێتەهۆی کۆتاییهێنان بە ئێش و ئازار و کوشتار و بێ ماڵ و حاڵ بوونی خەڵك و سەربکێشێت بۆ قۆناغێکی راگوزەری کە ببێتەهۆی ئەوەی ئاشتی باڵ بەسەر بارودۆخەکەدا بکێشێت، ئەوا رەنگە ئەنجامدانی کارێکی لەم شێوەیە پێویست بێت. چونکە ئەو دۆخە مەترسیدارەی سووریا سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیرکردنی خودی ئەو وڵاتە و ناوچەکە و ناسەقامگیرکردنی تورکیا و ئەوروپا و تەنانەت کێشە و کارەساتی نێودەوڵەتیشی لێدەکەوێتەوە. کەواتە ئەگەر مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بۆ ماوەیەکی کاتی ببێتەهۆی ئەوەی کە هەنگاو هەڵبگیرێت بۆ تێپەڕاندنی شەڕە ناوخۆییە مەترسیدارەکە بەرەو هێنانەئارای دۆخێکی ئارامتر، ئەوا کێ دژی ئەمە دەوەستێتەوە و بەرهەڵستی دەکات؟ بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، من ناتوانم پێشبینی بکەم.

*** هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ ئەو ستراتیژیەتەی لە ئێستادا ئەمەریکا دژی داعش گرتوویەتیەبەر، ئایا پێتانوا نییە تەنیا تەرکیزی لەسەر ئەوەیە کە داعش لە رووی سەربازییەوە تێکبشکێندرێت، ئەمە لە کاتێکدا هۆکاری سەرهەڵدان و دروستبوونی داعش بۆ سیاسەتە تایفەگەرییەکانی هەردوو حکومەتی سووریا و عێراق دەگەڕێتەوە؟ واتە پرسیارەکە ئەوەیە نابێت هاوشان بەم هەوڵ و هەڵمەتە سەربازییەکە، کار لەسەر چارەسەری سیاسیش بکرێت بۆ ئەوە رێگری لە دروستبوونی گروپی هاوشێوەی داعش بکرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەمە گومانی تێدا نییە، چونکە کێشەی سیاسەتی تایفەگەری کێشەیەکی قووڵە، لەبەر ئەوە ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن تەواو راست و دروستە. هەروەها من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەمەریکا توانایەکی سنووورداری هەیە بۆ کاریگەربوون لەسەر پرس و بابەتە سیاسی و ئایینییەکان، لەبەر ئەوەی کاتێك ئەمەریکا هەوڵیدا تەواو کاریگەر بێت و عێراقی داگیرکرد، ئەوا ئەمە دەرئەنجامێکی خراپ و چاوەڕواننەکراوی لێکەوتەوە. لەبەر ئەوە پێموایە بوونی ستراتیژیەتێکی سیاسی گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە داعش هەر تەنیا هێزێکی شەڕکەر نییە، واتە داعش یەکێکە لە دەرهاویشتەکان و ئێمەش ئەو راستییە دەزانین کە داعش لە ئەلقاعیدەوە گەشەی کرد، کە کاتێك ئەمەریکا سەرکردەی ئەلقاعیدەی لە عێراقدا کوشت، پێنج ساڵ دوای ئەو گروپێکی نوێ دروست بوو. بەڵام هەڵمەتی سەربازیش پێویستە، چونکە تۆ رووبەڕووی دوژمنێکی سەربازی بوویتەوە، واتە هەڵمەتە سەربازییەکە پێویستە، بەڵام بەس نییە.

*** چۆن لە رۆڵی ئێران دەڕوانیت لە ناوچەکەدا، ئایا پێتانوایە ئێران سوودمەندی سەرەکییە لەو شەڕی داعش و لە شەڕی سووریا؟**

- بە دڵنیاییەوە من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران کاراکتەرێکی گرنگ و خاوەن کاریگەرییە، ئاشکرایە کە ئەگەر ئێران نەبووایە ئەوا ئەسەد لە دەسەڵاتدا نەدەمایەوە، یاخود ناکرێت بە بێ ئێران وێنای ئەو شەڕەی یەمەنمان بکردایە، کەواتە ئێران دەوڵەتێکی بەهێز و گرنگە و خاوەن دانیشتووانێکی زۆر و وڵاتێکی بەهێزە. بەڵام بە دڵنیاییەوە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا رژێمەکەی ئەو وڵاتە مایەی گرفتە. ئەوەش ئاشکرایە کە هەندێ وڵاتی ئەم ناوچەیە رەخنە لە سیاسەتەکانی ئیدارەی ئۆباما لە ئاست ئێراندا دەگرن، لەوانە ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو، بەڵام پێموایە هەڵگرتنی ئەو هەنگاوە —رێککەوتنە ئەتۆمییەکە- لەگەڵ ئێراندا شایستەی ئەوە بوو کاری بۆ بکرێت و ئومێدی منیش ئەوەیە سەرکەوتوو بێت.

*** روون و ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەرەنگاربوونەوە و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشدا، هەروەها ئەم هەرێمە هۆکارێك نەبووە بۆ دروستبوون و قووڵبوونەوەی ناکۆکیی تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننە و بەشێکیش نییە لەو کێشەیە، لە ئێستاشدا کورد لە هەوڵی ئەوەدایە کە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ ئەوەی بیپارێزێت لە ئاژاوە و کێشەکانی عێراق و ناوچەکە، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا ئەمە ساتەوختێکی یەکجار گرنگە و کوردیش لە هەرێمی کوردستاندا کارێکی ژیرانەیان کردووە و دەتوانم ئەوە بڵێم کە لە ئەمەریکادا تێڕوانینێکی ئیجابی هەیە لەسەر کورد و هەرێمی کوردستان، چونکە هێزێکی گرنگ و کارایە و نەبووەتە بەشێك لە هەڵکشانی ناکۆکییە تایفەگەرییەکە و لە دوای ساڵی ٢٠٠٤یشەوە ئارامترین ناوچەی عێراق بووە. ئەوەی پێوەندی بە پرسی سەربەخۆییەوە هەبێت، ئەوا ئەمە





پرسێکی پڕ لە تەحەددییە و پەیوەستە بە بوونی توانا و ژێرخانەوە بۆ هەڵسووڕاندنی دەوڵەت، بەڵام من ناتوانم ئەوە یەکلابکەمەوە و بڵێم کە لە رووی سیاسیەوە ئەمە ساتەوەختێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە و من ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە ئەمە چ کاردانەوەیەکی لەلایەن تورکیا و و ئێران و عێراقەوە لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئەوەندەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە لە ئێستادا تێڕوانینێکی ئیجابی هەیە لە ئەمەریکا لە ئاست کورددا.

*** ئایا بۆ گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیری پێویست بە گۆڕین و دەستکاریکردنی سنورەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە ناکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە، لە روانگەیەکی مێژووییەوە شتێکی لۆجیکییە کە کورد ببێتە خاوەنی کیان، یان دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، یاخود ئاستێکی بەرزی خوبەڕێوبەری لە ناوچەکەدا، کە پێموا نییە هەموو ئەو ناوچانە لەخۆبگرێت کە کوردی تێدا نیشتەجێن. ئەوەش شتێکی ئاشکرایە کە لە سەتاسەری جیهاندا شەڕ لەسەر سنوور و خاك و مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئارادایە، ئەوەتا هێشتا شەڕ لە ناگورنوکاراباخ و فەلەستین و چەندین ناوچەی جیاواز هەیە. لەبەر ئەوە پێموا نییە هەرێمێك بێت کە سەرجەم ئەو ناوچانە لە خۆبگرێت کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، چونکە ئەمە کارێکی مەحاڵە، لەبەرئەوەی چەندین دەوڵەتی بەهێز هەن لە ناوچەکەدا، تورکیا دەوڵەتێکی بەهێزە، ئێران دەوڵەتێکی بەهێزە، سووریا دەوڵەتێکی لاوازە، بەڵام لەلایەن رووسیا و ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت، بەدڵنیاییەوە عێراقیش دەوڵەتێکی بەهێز نییە. واتە نە سووریا و نە عێراق لە دۆخێکدا نین کە بتوانن شەڕ لە دژی سەربەخۆیی کورد بکەن، تاکە هێزێك کە بتوانێت بە شێوەیەکی کارا شەڕ و دژایەتی دەوڵەتی کوردستان بکات- ئەو دەوڵەتەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دروست دەبێت- بریتییە لە تورکیا، یان ئێران. ئەوەی پێوەندی بە هەڵوێستی ئەمەریکاوە هەبێت، ئەوا ئەگەر کورد سەربەخۆیی رابگەیەنێت، ئەوا خەڵکی ئەمەریکا پشتیوانی دەکات، بەڵام لەم باوەڕەدا نیم ئیدارەی ئەمەریکا پاڵپشتی بکات. لەبەر ئەوە ریسکێکی گەورەیە کە پشتیوانی ئەمەریکا لە دەست بدەن، یان دژی هەڵوێستی ئەمەریکا هەنگاوهەڵبگرن. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە سەرکەوتنی هەندێ لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان بڕوانین کاتێك سەربەخۆییان راگەیاند، ئەوا هۆکارەکە ئەوە بوو کە پشتیوانییەکی زۆریان لە نێو نەتەوە یەکگرتووەکاندا مسۆگەر کرد.

**لە روانگەی ئەخلاقییەوە رازیبوون بە مانەوەی ئەسەد قابیلی قبووڵ نییە. هەرچەندە ئێمە ئەو راستییە دەزانین کە سیاسەت لە روانگەیەکی ئەخلاقییەوە کار ناکات**

# فاکتەرێن ب هێز یێن حوکمرانیا هەرێما کوردستانێ بۆ دەرباز بون ژ قوناغا فیدرالیەتێ



نەجات محەمەد نهێلی

ژ دەسپێکا سەرهەلدانا پیروزا سالا ١٩٩١ جەنابێ سەروك مسعود بارزانی د ئێکەم کومبونا خو یا بەرفراوان یا جەماوەری ل باژێرێ کوێی بریاردا دەستهەلاتا سیاسی برێکا هەلبژارتنان بیت کۆ ئێك ژ بنەمایێن سەرەکی یێن پراکتیزەکرنا راستەوخویا دیموکراسییەتێ یە خوشبەختانە د ئێکەم پێنگاڤ دا ل ١٩ \١٩٩٢\٥ نوینەرێن پەرلەمانی ژ لایێ خەلکێ کوردستانێ د پروسەیەکا ئازاد ل باشورێ کوردستانێ هەلبژارتن ب شانازی ڤە بەرهەمێ خوینا شەهیدان و قوربانیدانا پێشمەرگەهێن قەهرەمان و خەبات خوراگریا میللەتێ مە پەرلەمان و حکومەتا هەرێما کوردستانێ بونە کەتوار کۆ سەرەراییێ هەمی جیاوازی و ناکوکیێن سیاسی لێ هەست کرنا بەرپرسایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەدەری کرنەکا واقعبینانە دگەل بارودوخێ کوردستانێ پارتی باجدەرا سەرەکی بۆیە ژ پێناڤی بەرژەوەندێن گشتی یا میللەتێ مە بەردەوام قوربانی ب ئستحقاقێن خو یێن هەلبژارتنا دایە وی دەمی تا پێکئینانا کابینا ٨ ژی یا حکومەتا هەریمی واتە حوکمڕانی کوردستانی سەر بنەمایی تەوافوقییە، ماوەیەکێ زۆر کێم دا پەرلەمانێ کوردستانێ و حوکومەتا هەرێما کوردستانێ بونە خودان پێگەهەکێ ب هێز سەر ئاستێ نێڤدەولەتی و هەرێمایەتی ونافخویی دەرئەنجامێ پێشڤەچونێن بەرچاڤ ل کەرتێن جوداجودا دا بخوڤە دیتی شیا ببیتە نمونا دیموکراسیەتێ و شارستانیەتی د روژهەلاتا ناڤین ب گشتی.

پێکڤەژیان و یەکتر قەبول کرنا هەمی پێکهاتێن کوردستانی بێ جیاوازیێن ئایینی ونەتەوەیی ب سایەی سیاسەتا جەنابێ سەروك بارزانی کو بەردەوام پشتەڤان و داکوکی کەرەکی سەرسەخت بویە ژ بو بەرجستەکرنا ماف وئازادیێن سیاسی وئایینی و نەتەوەیی بریکێن یاسایی یێن هەمی پێکهاتان کو ب ئازادانە مومارسا مافێن خو بکەن و کارانە رولێ خو دناڤەندێن بریاردانێ دا بینن وەکو هاوبەشێن سەرەکی دەستهەلاتێ دا ئەڤرو باشورێ کوردستانێ بویە نمونا پێکڤەژیان و یەکتر قەبولکرنێ هەر ئەڤە بو فاکتەرەکێ ب هێز ل دەمێ روبەروبونا مە دگەل مەزنترین رێکخراوا تیرۆرستی کومەلگەە نێڤدەولەتی و نەتەوەیێن ئێکگرتی و ئێکەتیا ئەوروپی هاتییە سەرخەتێ و ئامادەیا خو دەربری بو پشتەڤانیکرنا مادی و مەعنەوییا هەرێما کوردستانێ و پاراستنا هەرێمێ ژ هەر جۆرە مەترسییەکێ.

سەقامگیریا سیاسی و ئەمنی ل باشورێ کوردستانێ هەر ژ دەسپێکا دامەزراندنا پەرلەمان و حکومەتا هەرێما کوردستانێ سەرەرای هەمی جیاوازی و ناکوکیێن سیاسی تاکو سالا ٢٠٠٣ ژ ناڤچونا رژێما فاشیا حکومەتا عیراقی و ل هەمان سالا تاکو سالا ٢٠١٥ لسەر ئاستێ نێڤدەولەتی هەرێمایەتی و نافخویی ئێك هەلوێستی و ئێك گوتارا سیاسی کو دەنگ لسەر پرسێن نیشتیمانی و نەتەوایەتی دگەل حکومەتا ناڤەندی و چەسپاندنا مافێن میللەتی مە

ژ هەمی روویەکی ڤە ل دستوریْ هەمیشەیی عیراقا فیدرال داکو ئەڤ رامانا ویْ چەندێیە سەرکردایەتیا سیاسی زور بەرپرسانە و هەستیارانە سەرەدەری دگەل هەر پێشهاتە و پیلانەکا نە چاڤەریْ کری کرییە ئەو ژ لایێ وەلاتێن هەریمایەتی بەرامبەر پێشڤەچونا ئەزمونا هەرێما کوردستانی هاتە کرین لێ ب مخابنی ڤە سالا ٢٠١٥ لایەنەکێ سیاسی کو بزوێنەرێ سەرەکی بویە بو تێکدانا سەقامگێریا سیاسی ل کوردستانێ ب سەرپەرشتیا وەلاتەکێ هەرێمێ پیلانەکی هاتە داریشتن بو لەکەدارکرنا پروسا سیاسی و دیموکراسی ل باشوریْ کوردستانێ بێ بەرچاڤ وەرگرتنا بارودوخێ سیاسی و ئەمنی و ئابوری یێ هاولاتییێن کوردستانێ کو ل وی دەمی میللەتێ مە شەرێ مەزنترین رێکخراوا تیرورستی یا داعش ب سەرپەرشتیا سەروك بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ کر هاتنا دوو ملیون ئاوارە و پەنابەران ژ پێناڤێ بەرژەوەندێن بەرتەسکێن خوێن حزبایەتی و جێبەجێ کرنا ئەجندایین دەرەکی کو ب تەنها ب دروشما کار سەر هەست و سوزێن هاولاتییان دکەت بێ هیچ ئەنجامەکێ کرداری هەبیت ژ بو تێکدانا ئەمنی و ئاسایشی دلەراوکی دناڤ هاولاتیان دا تاکو کار گەهشتییە وی رادەیی دەستکەفت و پیروزیێن میللەتی مە کرنە ئارمانجا سیاسەتا خو یا شاش و ئێخستنە ژێر پرسیارێ، بیرکریە کو ب هەبونا پیگەهێ ب هێز یێ پارتی دیموکراتی کوردستانی مەحالە ئەجندایەك پیچەوانە بەرژەوەندێین نەتەوایەتی ل کوردستانی بهێنە جێبەجێکرن.

راگەهاندنا ئازاد و جیاوازیێن سیاسی و فرە حیزبی ئەڤروکە سەدان دەزگاییێن راگەهاندنێ بینراو و بیستراو رۆژنامە و گوڤار و نامیللەکە یێن ئەهلی و حیزبی زور ب ئازادانە دەربرینێ ژ کەتواریْ روژانە یێ کوردستانێ دکەن و پەیاما خو ئاراستەی رەئیا گشتی یا کوردستانێ دکەن کو ئەڤە دەرئەنجامێ باوەری بونا پارتی دیموکراتی کوردستانە ب فرەحزبایەتی و روژنامەگەریا ئازاد و زەمینەسازی بو دانا مولەت ب حزبێن سیاسی کو ب ئازادانە مومارسا ماف و ئەجندایین خو یێن سیاسی ل باشوریْ کوردستانێ بکەن.

هەبونا ئەمن و ئاسایشا کوردستانێ جهێ شانازیا هەر تاکەکییە ڤی وەلاتی هەم خەلکێ کوردستانێ دلنیایانە و ئازادانە هەست بهەبونا ماف و ئازادیێن خو دکەت و ژیانا خو روژانە دەرباز دکەت و هەم ژی بویە فاکتەریْ بهێز بو ڤەژاندن پێشڤەبرنا کەرتێ ئابوری کو دبیتە هاندەرەکێ بهێز بو هاتنا چەندین قونسولخانا و نوینەراتییێن وەلاتێن بیانی و هاتنا سەدان کومپانیین بیانی و ئینانا سەرمایەکی زور بو وەبەرهێنانێ ل کوردستانێ.

هەبوونا ئافرەتێ دناوەندین بریاردانێدا یا خویایە ژ دەسپێکا سەرهەلدانا پیروزا بهارا سالا ١٩٩١ سەرکردایەتیا سیاسی دیدگایەکا روشن هەبویە بۆ کاراکرنا رولێ ئافرەتێ دوارین سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی و روشەنبیری و باشترین گروڤە بۆ ڤێ چەندێ زەمینەسازی بۆ دامەزراندنا سەدان رێکخراوێن ئافرەتان و کۆمەلگەهێ مەدەنی وسەنتەرێن روشەنبیری دوارێن جوداجودا دا ب ئارمانجا پێشڤەبرنا رەوشا ئافرەتێ خوشبەختانە ب سایەی سیاسەتا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژ بو زێدەتر پێشڤەبرنا رەوشا ئافرەتێ و کاراکرنا رۆلێ وێ د ناڤەندێن بریاردانێ دا سیاسەتەکا گونجاو و پەیرەو کریە چ ب رێکا دەرکرن و راستڤەکرنا یاساێن گونجاو بو هەر قوناغەکێ بەرژەوەندا ئافرەتاندا چ ژی ب رێکا دامەزراندنا دەزگاییێن یەکسانی و رێڤەبەرێن گشتێین دویف چونا توندوتیژ و دەزگایێ بالایێ خانمێن کوردستانێ دانانا بوردەکێ ب سەرپەرشتیا سەروکێ حوکمەتا هەرێما کوردستانێ و ئەندامەتیا چەندین وەزیرێن پەیوەندیار واتە هەر کابینەکێ سیاسەتەکا گونجاو هەبویە بو باشترکرن و کاراکرنا رولێ ئافرەتێ د گشت وارانـدا.

خواندن و زمینە سازی بو تێکەل بون لگەل جیهان ئازاد حکومەتا هەرێما کوردستانێ گرنگییەکا تایبەت دایە بواریْ خواندنێ چ ب رێکا ڤەکرنا زانکویا تا ئاستی قەزایا ژی و ڤەکرنا بە شێن نوی چ ژی ب رێکا بەرنامێ توانا سازی بو ئامادەکرنا کادرێن پسپور و تایبەتمەند د بوارێن جوداجودا دا و مفا وەرگرتن ژ ئەزمونا خواندنا جیهانێ.

پروژێ دەستوری کو مافێ خەلکێ کوردستانێ بۆ دماویْ (٢٥) سالێن حوکمرانییێ ببیتە خودان دەستورەك کو رەوایەتیا خو میللەتی وەربگریت سەرەرای کو رەشنڤیسێ دستوری هاتییە ئامادەکرن لیژنە یەك هاتە پێکئینان و رەئی بوچونین شارەزایین بیانی نافخویی وەرگرتێن و رەزامەندی و ئیمزایا (٣٦) حزبێن سیاسی وپەسەندکرن (٩٦) ئەندام پەرلەمان ژڤێ زێدەتر سازانا نیشتیمانی چییە لێ رێکری هاتە کرن بدەنە راپرسیی میللەت بریارا خو بدەت.

**٢٠١٥/٥/١٨ رۆژەکا مێژویی د دیروکا کورستانێ دا سەروکێ هەرێمێ پشتی کو ل ئەمریکا زڤری یەڤە کومبونەک دگەل هێزو لایەنێن سیاسی و سەروک پەرلەمانی بەشەک ژ حکومەتێ ئەنجامدا دویْ کومبونێ دا بریار هاتەدان ژورەکا عەمەلیاتا بهێتە دروستکرن کو گشت نوێنەرێن بلندیێن حزب و دامەزراوێن هەرێمێ کاربکەن بۆ سەربخویا کوردستانێ**

**دەلیڤە هاتییە پێش کو ئەو گورانکارییێن چاڤەرێنە روژهەلاتا ناڤین بهێنەکرن ژ بو مفا وەرگرتن ڤێ دەلیڤێ سەروک بارزانی چەندین پێنگاڤێن پراکتیکی دگەل هێز و لایەنێن سیاسی هاڤێتینە و ب راشکاوانە دگەل هێز و لایەنێن سیاسی گفتوگو کرینە کو پروژێ سەربخویا کوردستانێ پروژەیەکی نەتەوەیی نیشتیمانییە**

**ب مخابنی ڤە سالا ٢٠١٥ لایەنەکێ سیاسی کو بزوینەرێ سەرەکی بو یە بو تێکدانا سەقامگێریا سیاسی ل کوردستانێ ب سەرپەرشتیا وەلاتەکێ هەرێمێ پێلانەکی هاتە داریشتن بو لەکەدارکرنا پروسا سیاسی و دیموکراسی ل باشورێ کوردستانێ بێ بەرچاڤ وەرگرتنا بارودوخێ سیاسی و ئەمنی و ئابوری یێ هاولاتیێن کوردستانێ کو ل وی دەمی میللەتێ مە شەرێ مەزنترین رێکخراوا تیرورستی یا داعش ب سەرپەرشتیا سەروک بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ کر**

شەرێ داعشێ و سەرکەفتنێن پێشمەرگەهێن قەهرەمان دەرئەنجامێ پیلانێن وەلاتێن هەرێمایەتی و ئارمانجا ژناڤبرنا ئەزمونا پێشکەفتی یا حوکمرانیا کوردستانێ (٢٠١٤\٨\٣) بێ جیاوازیێن ئایینی و نەتەوایەتی خەلکێ کوردستانێ کرنە ئارمانج کو کارەساتا شنگالێ برینەکا مەزنە چ جار سارێژنا بیت لێ خوشبەختانە پێشمەرگەهێن قەهرەمان ب سەرپەرشتیا راستەوخویا جنابێ سەروک بارزانی مەزنترین دەستکەفت تومارکرن و دەڤەرێن کوردستانێ یێن دەرڤەی ئیدارا هەریما کوردستانێ واتە مادێ (١٤٠) یێ دەستوری هەمیشەیی عیراقێ ب دیڤاکتو هاتە جێبەجێکرن کو ئەڤرۆ پێشمە رکەه بویە سمبولا بەرخودانی وئیك ژ شانازیێن مەزن یێن میللەتێ مە دناڤەندێن جیهانێ دا .

سەربەخویا کوردستانێ ئایا ئەڤ هەمی فاکتەرە زەمینە سازی نینە کو خەلکێ کوردستانێ ئازادانە بریارا چارەنڤیسێ خو بدەت ئایا خەبات و قوربانی دانا میللەتێ مە ژ پێناڤێ ڤی چەندی نەبویە مخابنی ڤە ب هێجەتێن بێ بنەما تازە بەحسی نەبونا زەمینەسازی دکەن یان لایەنەکێ کریە پروژێ خو کو د بنەرەت دا ئەڤ دژایەتیا هێتەکرن و دروستکرنا بەرەبیێن سیاسی ب سەرپەرشتیا وەلاتێن هەرێمایەتی بو دژایەتی کرنا پارتی دیموکراتی کوردستان و جێبەجێکرنا ئەجندایێن دەرەکی ژ بو ناڤبرنا ئارمانجا پیروزا میللەتێ مە بی هەست کرن بە رپرسایە تیا خوینا شەهیدان دوبارکرنا مێژووی کریە ئارمانجا خو لێ هاولاتیێن کوردستانێ بلا دلنیابین ب سەروکاتیا سەروک بارزانی هیچ بەربەستەك نابیت رێکر بەردەوام ئیرەدا و بریاردانا میللەتی گومان تێدا نینە پارتی دیموکراتی کوردستان ژ پێناڤێ خوشگوزەرانی ومافێن نەتەوەیی هاتییە دامەزراندن و مێژوو شاهدە قوناغ بۆ قوناغێ پراکتیکی دور ژ دروشما کار بو ڤێ ئارمانجا پیروز کریە زور بەرپرسانە و هەستیارانە سەرەدەری دگەل هەمی قوناغێن میللەتێ مە تێدا دەرباز بو کریە هەر بو ڤێ مەبەستێ پشتی کو ئەڤرو زێدەتر هەر وەختەکێ دی دەلیڤە هاتییە پێش کو ئەو گورانکاریێن چاڤەرێنە روژهەلاتا ناڤین بهێنەکرن ژ بو مفا وەرگرتن ڤێ دەلیڤێ سەروك بارزانی چەندین پێنگاڤێن پراکتیکی دگەل هێز و لایەنێن سیاسی هاڤێتینە و ب راشکاوانە دگەل هێز و لایەنێن سیاسی گفتوگو کرینە کو پروژێ سەربخویا کوردستانێ پروژەیەکی نەتەوەیی نیشتیمانییە ژ وانا :-

١-٢٠١٤/٧/٣ سەرەدانا سەروك بارزانی بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ کو دوێ کومبونێ دا پەرلەمان بۆ(٢) ئەرکان راسپارد:-

أ-دەرئێخستنا یاسایا کومسیونا سەربەخویا هەلبژارتنا و راپرسیا.

ب- دیراسەت کرن بۆ دەست نیشانکرنا رۆژەکێ بۆ ئەنجامدانا گشتپرسیێ لێ پەرلەمانێ کوردستانێ تەنها مژویلی جێ بەجێ کرنا ئەجندایێن خۆیێن حزبی بوو.

٢- ٢٠١٥/٥/٣ شاندەکێ هاوبەش یێ هیز و لایەنێن سیاسی ب سەرپەرشتیا جنابێ سەروکێ هەرێما کوردستانێ سەرەدانا وەلاتێ ئەمریکا و چەند وەلاتێن ئەوروپی کر سەبارەت چەندین مەلەفا یا هەر سەرەکی سەربەخویا کوردستانێ بو.

٣- ٢٠١٥/٥/١٨ رۆژەکا مێژویی د دیروکا کورستانێ دا سەروکێ هەرێمێ پشتی کو ل ئەمریکا زڤری یەڤە کومبونەك دگەل هێزو لایەنێن سیاسی و سەروك پەرلەمانی بەشەك ژ حکومەتێ ئەنجامدا دوێ کومبونێ دا بریار هاتەدان ژورەکا عەمەلیاتا بهێتە دروستکرن کو گشت نوێنەرێن بلندیێن حزب و دامەزراوێن هەرێمێ کاربکەن بۆ سەربخویا کوردستانێ.

٤- ٢٠١٦/١/٢٦ سەروکێ هەرێمێ کومبونەك دگەل هەمی هێزو لایەنێن سیاسی ژبلی کو بزوتنەوەی گوران و کومەل ئامادەنەبون بەشدارییا بکەن و هەر بۆ هەما ن مەبەستا.

٥-٢٠١٦/٦/٢٣پەیامەك راگەهاند تێدا دیوانا سەروکاتیا هەرێما کوردستانێ ب فەرمی بانگەشتا گشت لایەنێن سیاسی ژ بۆ ئەنجامدانا کومبونەکێ هەر بۆ هەمان مەبەست زۆر بەداخەوە ئامادەنەبون بو ئەنجامدانا کومبونێ.

٦- جەژنا رەمەزانێ پیروز هەر بۆ هەمان مەبەست دپەیاما خودا داخازا گشت هیز و لایەنێن سیاسی کر هە ر بو هەمان مەبە ست کومببن هەر بریارەکا بدەن دێ جێبەجێ کەم هەر کوم نەبون.

ژ ڤی زیدەتر پینگاڤین پراکتیکی چنە لە وما پێتڤیە هەرتاکێ ك ڤی وەلاتی هەست بەرپرساتیا قوناغا ئەڤرو یا کوردستانی بکەت ژ بو تەحقیق کرنا ئارمانجا پیروزا نیشتمانی و نەتەوەیی کو دی ب دوو ریکا بیت هەم ئیرادا هاولاتیێن کوردستانێ خوراگریا وان بەرامبەر هەر بارودوخەکی و هەم ژی ئێکریزیا هیز و لایەنێن سیاسی.

**هەست کرنا بەرپرسایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەدەری کرنەکا واقعبینانە دگەل بارودوخێ کوردستانێ پارتی باجەدرا سەرەکی بۆیە ژ پێناڤی بەرژەوەندێن گشتی یا میللەتێ مە بەردەوام قوربانی ب ئستحقاقێن خو یێن هەلبژارتنا دایە وی دەمی تا پێکئینانا کابینا ٨ ژێ یا حکومەتا هەریمی واتە حوکمرانی کوردستانی سەر بنەمایی تەوافوقییە**

# شاری هەڵمەت و قوربانی بە قسەی هیچ حزبێک لە سەربەخۆیی دوورناکەویتەوە



ڕێباز عوسمان

ئەگەر باسی مێژووی شاری سلێمانی بکەین کە شارێکی باشووری کوردستانە، ئەوا لەو ساتەوە کە کوردستان دابەش کراوە، تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد ئەم شارە بەردەوام لانکەی شۆڕش بووە و خەڵکی ئەم شارە سەری بڵندیان بۆ هیچ دەسەڵاتێك دانەنواندووە و هیچ کاتێك و هیچ دەسەڵاتێك نەیتوانیوە ئیرادەی خۆی زاڵ بکات بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا، تەنانەت جێگە بەنچەی لەسەر هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلی کوردستان دیار بووە، هەمیشە شاری ڕۆشنبیران و شۆڕشگێڕان و دڵسۆزانی سەربەخویی کوردستان و سەروەریی گەلی کورد بووە و بە سەدان و هەزاران کەس خوێنی پیرۆزیان کردە قوربانی سەروەریی خاکەکەیان و هەموو هەوڵێکی ئەم شارە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێك بووە کە کورد سەرۆك و حاکم و دەسەڵاتداربێت، نەك عەرەبێکی دوژمنی بەناحەق سەپێندراو بەسەر گەلێکی ستەملێکراودا، هەروەها لاپەڕەکانی مێژوو پڕیەتی لە داستان و چیرۆکی ئەو کەسایەتی و سەرکردە و پیاوە ماقووڵانەی شار کە ڕۆڵیان لە بەرزڕاگرتنی کەرامەت و شکۆی گەلی کورددا هەبووە. لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد خەونە گەورەکەی ئەم گەلە هاتەدی کە کورد سەرۆك و حاکم بێت و دەسەڵاتەکەش کوردبێت، بەڵام سالانێکە هەندێك لایەن لەدایك بوون کە ئامانجی سەرەکییان گەیشتن بە دەسەڵاتە، ئیتر بە هەر ئامراز و شێوەیەك بێت و ئەوەی کورد و کوردستان پێی گەیشتووە، ئەمڕۆ دەیانەوێت لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان هەمووی لە بەرد بدەن و تا گەیشتن بەم ڕۆژەی کە دەیانەوێ شاری سلێمانی دابەش بکرێت و پاش ڕێککەوتنێکی بەپەلە لەگەڵ لایەنی دەسەڵاتی ئیداری سلێمانی، دەیانەوێ ئەو پارێزگایەی کوردستان بەرەو ئایندەیەکی نادیار ببەن!

هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی سلێمانی و خەڵکەکەی لە سەربەخۆیی و لە سەروەریی خوێنی شەهیدان و خاکی کوردستان، نموونەی بەرچاویان زۆرە، لەوانە ڕۆژێك پێشوازی لە کۆنە سەرۆك وەزیرانێك دەکرێت کە مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستانی بڕیوە و لە سەردەمی حوکمڕانیی ئەودا هێزەکانی دیجلە- یان هێنایە سەر کوردستان و تۆپە دوورەهاوێژەکانی ئاراستەی شاری خۆشەویستی هەولێر کرد.

ئەوەی لە شاری سلێمانی روو دەدات ئەمڕۆ بۆ سلێمانی زۆر قورسە و خەڵکی ئەم شارە نابنە مقاشی ئەم خەڵووزە گەورە و ڕەشە و جێگای قبووڵیان نابێت کە شارەکە لە پێش چاوی سلێمانییەکانەوە دابەش بکرێت.

بە بێ هیچ بنەما و یاسایەك خەڵکی ڕەسەنی ئەم شارە زیندانی کران، لە سێدارە دران و سووکایەتییان پێکرا. ئێستا کەسانێك کە لەدایکبووی ئەم شارەش نین، بەڵام بوونەتە دەم سپی و دابەشکاری شارەکە! ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ سلێمانی پێیدا تێدەپەڕێ، نە جێی ڕەزامەندی زیندووەکانە و نە پاداشتیشە بۆ شەهیدان و کەسوکاریان. ئەوەی ئەمڕۆ شاری شۆڕشگێڕان و ڕۆشنبیران بە خۆیەوە دەیبینێ، مێژوویەکی تاڵ لە سبەی و ئەمڕۆیەکی ناشیرین تۆمار دەکات.

کاتی ئەوە نەماوە ڕەنگی کام لایەن جوانترە. کاتی ئەوەیە کێ دڵسۆزترە بۆ کوردستانەکەمان. ئەمڕۆ زۆر روون و ئاشکرایە کە کێ بۆ کوردستان و سەربەخۆیی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد هەوڵدەدات. پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و یەکڕیزی لە خاڵە یەکەمەکانی پەیڕەو و پڕۆگرامی بووە، هەر بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجەشی هەموو قوربانییەکی داوە.



## جۆزێف ئۆڵمەرت

### پسپۆڕی كاروبارەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# سعودیە و ئیسرائیل هاوپەیمانی و میحوەری نوێیان لە ناوچەكەدا دروستكردووە

جۆزێف ئۆڵمەرت پرۆفسیۆرە لە زانكۆی ئەمەریكی لە واشنتۆن دی سی، پێشتر پرۆفیسۆر بوو لە دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانكۆی تەل ئەبیب و زانكۆی بار ئیلان لە ئیسرائیل. هەروەها لە زانكۆی كۆرنێڵ و زانكۆی یورك وانەبێژ بووە. جگە لە كاری وانەبێژی، پرۆفیسۆر ئۆڵمەرت چەندین پۆستی باڵای لە حكومەتی ئیسرائیلدا هەبووە، وەك بەڕێوبەری پێوەندییەكان لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران ئیسحاق رابین و راوێژكاری سیاسیی وەزیری بەرگری ئیسرائیل موشی ئارێنس بووە. هەروەها چەندین ئەركی دیپلۆماسیشی ئەنجامداوە و لە كۆنفرانسی ئاشتی لە مەدرید لە ساڵی ١٩٩١بەشداربووە. بۆ شیكردنەوەی دۆخی پڕ لە تەحەددی و نائارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات و هەوڵەكانی ئێران بۆ تۆكمەكردنی باڵادەستی خۆی بەسەر ناوچەكە و پرسی سەربەخۆبوونی هەرێمی كوردستان، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.

*** هەروەك دیارە لە ئێستادا کۆمەڵێك تەحەددی و تەنگژەی بێ پێشینە رووبەڕووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتەوە و بە جارێك ناوچەکەیان هەژاندووە، بەتایبەتی کە دەبینین خەریکە هەڵوێستی وڵاتە بەهێزەکان لە ئاست پرسی مانەوەی ئەسەددا گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بەرەو ئەوە دەچێت کە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا قبووڵ بکەن، بەلای کەمەوە لە ماوەی راگوزەریدا، بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا سەرناکێشێت بۆ بەردەوامبوونی ئەو پشێوی و خوێنڕێژییەی لە ئێستادا هەیە؟**

- هێشتا ئەسەد لە ئارادایە و کۆنترۆڵی چەند بەشێکی ئەو خاکەی کردووە کە پێشتر پێی دەوترا سووریا، کەواتە ناکرێت فەرامۆش بکرێت. ئەو راستییەش دەرکەوت کە گروپە موعارەزە و یاخیگەرییە جیاوازەکانیش ئەوەندە بەهێز نەبوون بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵاتەکەی ئەسەد بڕووخێنن، یاخود بەلای کەمەوە بەرەو ناوچە عەلەوییەکان پاشەکشەی پێبکەن، هێشتا ئەو لە دیمەشقدایە. هەروەها لە لایەن رووسیا و ئێرانی شیعەوە پشتیوانییەکی گەورە دەکرێت.

*** بەڵام پێشتر تورکیا سەرسەختانە پێداگیری دەکرد لەسەر لابردن و دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵات، بەڵام ئێستا لێدوانی جیاواز بەدی دەکرێت، ئەویش لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتنی بەرژەوەندییەکانی نێوان تورکیا و رووسیا و ئێرانە، کەواتە خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم ریزبەندییە نوێیانە چین؟**

- من لەوە دڵنیانیم کە ریزبەندییەکی ستراتیژی لە نێوان تورکیا و ئێران و رووسیادا دروست بووبێت. بەڵکو ئەمە ریزبەندییەکی تاکتیکییە و گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. لە راستیدا ئەردۆغان پتر تەرکیز لەسەر کێشە و پرسە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی دەکات، نەك پرس و بابەتەکانی دیکە و لە ئێستادا ئەو سیاسەتێك لە ناوچەکەدا دەگرێتەبەر کە سەرئێشەی بۆ دروست نەکات. ئەوە بوو رێککەوتنی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجامدا، کە ئەمەش زۆر دوور بوو لە خواست و ویستە بنەڕەتییەکەی خۆیەوە، دواتر پۆزشی بۆ رووسیا هێنایەوە و دەستی دایە داگیرکاری سووریا بۆ تێکشکاندنی یەپەگە، کە ئەو پێیوایە ئەمە بەشێکە لە کێشەی کورد و بەلای ئەویشەوە ئەمە پرسێکی ناوخۆییە. کەواتە ئەو بەردەوام دەبێت لە سەر پشتیوانیکردنی یاخیگەرییە سوورییەکانی سەر بە خۆی و لە ئایندەدا سووریایەکی یەکگرتووی لە سایەی دەسەڵاتی ئەسەددا قبووڵ ناکات.

*** بەڵام ئەگەر هاوشان بە هەڵمەتە سەربازییەکەی هاوپەیمانان دژی داعش، ستراتیژیەتێکی سیاسی لە ئارادا نەبێت بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆخی دوای داعشدا، بارودۆخەکە خراپتر دەبێت و ئایا ئەوە بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر سەرناکێشێت؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەو هێزانە بە شێوەیەکی راست و دروست لێکدانەوە بۆ بارودۆخی سووریا ناکەن، چونکە مەسەلەکە بریتییە لە کێشە تایفەگەرییەکە، بەڵام هەمووان ترس و نیگەرانییان هەیە لەوەی دەست بخەنەسەر ئەم برینە، کە پەتای تایفەگەرییەو لە جیهانی عەرەبیدا گوازراوەیە.

*** هەندێ لە شیکەرەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شەڕی سووریا و شەڕی داعش لە بەرژەوەندی ئێراندایە، کەواتە ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە لە بەرژەوەندی ئێراندا بمێنێتەوە و ئێران بتوانێ باڵادەستی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت، ئایا تا چەند ئەمە ئاسایش و ئاشتی ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە و دەبێتە هەڕەشە بۆسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- ئێران براوەی ئەم بارودۆخە نییە، رەنگە وا دەرکەوێت کە ئێران براوە بێت، بەڵام رەنگە دەستێوەردانی لە سووریادا لە مەودای دووردا لە بەرژەوەندی ئێران نەشکێتەوە. جیهانی سوننە ئەمە قبووڵ ناکەن، هاوپەیمانێتی و میحوەری نوێ گەڵاڵە بوون و هاتوونەتە پێکهاتن. بۆ نموونە، لە عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل بڕوانن.

*** ئایا تا چەند گرنگە لەم قۆناخەدا کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بۆ ئەوەی لە کێشە و نائارامی و پشێوییەکانی عێراق پارێزراو بێت؟**

- کورد شایستەی ئەوەیە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی کە سەرجەم کوردستان بگرێتەوە، بەڵام هەروەك کورد خۆی دەڵێت، چیاکان باشترین دۆستمانن، بە دڵگرانیەوە دەبێت ئەوەی بۆ زیاد بکەم کە جیۆپۆلەتیك باشترین دۆستی ئێوە نییە، بەلای منەوە ئەو دۆخەی لە عێراقدایە ئەو سنووربەندییە دەردەخات کە لە چوارچێوەیدا پێشبینی واقیعییانە بکەین.

*** ئایا گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیری پێویست بە گۆڕینی سنوورەکانی ئێستای ناوچەکە ناکات؟**

- بەڵێ، پێویستی بە گۆڕینی سنوورەکان هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەمە روونادات، لانیکەم بە دڵنیاییەوە بە شێوەیەکی فەرمی روونادات، چونکە ئەمە کاریگەرییەکی دۆمینەئاسای لێدەکەوێتەوە و هەر کاتێك بەشێکی داڕووخا ئەوا تەواوی سایکس-پیکۆی لەگەڵدا دادەڕووخێت، لەبەر ئەوە ئەمە روونادات.

*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان چییە؟**

بە قارەمانیەتی پێشمەرگە سەرسامم و دەڵێم: بژی پێشمەرگەی قارەمان. بژی کوردستانی ئازاد.

**دڵنیانیم کە ریزبەندییەکی ستراتیژی لە نێوان تورکیا و ئێران و رووسیادا دروست بووبێت. بەڵکو ئەمە ریزبەندییەکی تاکتیکییە و گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت**

**بە شێوەیەکی راست و دروست لێکدانەوە بۆ بارودۆخی سووریا ناکەن، چونکە مەسەلەکە بریتییە لە کێشە تایفەگەرییەکە، بەڵام هەمووان ترس و نیگەرانییان هەیە لەوەی دەست بخەنەسەر ئەم برینە، کە پەتای تایفەگەرییەو لە جیهانی عەرەبیدا گوازراوەیە**

**کورد شایستەی ئەوەیە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی کە سەرجەم کوردستان بگرێتەوە، بەڵام هەروەک کورد خۆی دەڵێت، چیاکان باشترین دۆستمانن، بە دڵگرانیەوە دەبێت ئەوەی بۆ زیاد بکەم کە جیۆپۆلەتیک باشترین دۆستی ئێوە نییە**



پرۆفسیۆر میلانی کامێت، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسی کە لە زانکۆی کالیفۆڕنیا بەدەستی هێناوە و حاڵی حازر پرۆفیسۆرە لە زانکۆی هارڤارد، پێشتریش وانەبێژ بووە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی براون. تایبەتمەندە لە ئابووریی سیاسی و پرسی پەرەپێدان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و وانەبێژی سیاسەتی بەراوردکاری و پەرەپێدان و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بۆ تیشکخستنەر دوایین پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمەریکا بۆ تێکشکاندنی داعش و ڕۆڵ و چالاکیی ئێران و کێشەی وڵاتانی ناوچەکە، گوڵان لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.

## میلانی کامێت

### پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# چارەسەرێکی ئاسان بۆ دۆخی سووریا لە ئارادا نییە تەنانەت ئەگەر ئەسەدیش لە دەسەڵاتدا نەمێنێت

*** لە ئێستادا خەریکە لایەنە پێوەندیدارەکان بە شەڕی سووریاوە بەوە ڕازی دەبن کە ئەسەد بۆ ماوەیەك لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئایا لەو باوەڕەدان هەنگاوێکی لەم چەشنە دەبێتەهۆی درێژەپێدانی شەڕەکە، یان ئاکام و دەرئەنجامێکی دیکەی لێدەکەوێتەوە؟**

- زەحمەتە بتوانم پێشبینی بکەم، بەڵام تێوەگلانی هێزە دەرەکییەکان بارودۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە، لەبەر ئەوە هەر هەوڵێك بۆ دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا، ڕووبەڕووی هەوڵێکی پێچەوانە دەبێتەوە لەلایەن ئەو هێزە نێودەوڵەتییانەی پشتیوانی ئەسەد دەکەن. کەواتە بە تێڕوانینی من بە بنبەستگەیشتنێك هەیە لە بارودۆخەکەدا، لەبەر ئەوە بارودۆخەکە زۆر دژوار و زۆر مەترسیدارە و چارەسەرێکی ئاسان لە ئارادا نییە و ڕێگایەکی ئاسان بوونی نییە بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، ئیدی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە یان نا. ڕاستە ئەسەد لە هەموو لایەنەکان زیاتر دەستی بە خوێنی خەڵکی وڵاتەکەی سوورە، بەڵام لابردنی مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، بەهۆی فاکتەری نێودەوڵەتییەوە.

*** پێشتر تورکیا سەرسەختانە پێداگیری لەسەر لابردنی ئەسەد لە دەسەڵات دەکرد، بەڵام لە ئێستادا هەست بە نزیکبوونەوەیەك لە نێوان تورکیا و ئێران و ڕووسیادا دەکەین، ئایا تێڕوانین و بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە و چۆن لەم لێکنزیکبوونەوەیە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پەرەسەندنێکی نوێ و ئاشکرایە و تورکیا بارگرژییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەمەریکادا و ئەمەش بەشێکی پرسەکەیە. ئەمەش بەندە بەوەی چۆن لە بارودۆخەکە دەڕوانێت، چونکە لەلایەکەوە دەکرێت بە پەرەسەندنێکی

باش لێکبدرێتەوە، لەبەر ئەوە بارگرژیی نێوان رووسیا و تورکیا کەم دەکاتەوە و رووسیاش لایەنێکی چالاکە لە نێو بارودۆخەکەدا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە مایەی ئاڵۆزبوونی زیاتری بارودۆخەکەیە بۆ کورد، چونکە دەستێوەردانی تورکیا لە سووریادا هەر تەنیا پەیوەست نییە بە رژێمی ئەسەدەوە، بەڵکو پەیوەستە بە پێوەندییەکانی بە گروپە کوردییەکانەوە. ئەمەش نموونەیەکە کە چۆن هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان دەبنەهۆی دژوارکردنی بارودۆخەکە.

*** ئایا بێ کۆتاییهێنان بە ململانێ و ناکۆکیی تایفەگەری دەتوانین مەترسیی سەرهەڵدانی گروپی هاوشێوەی داعش بڕەوێنینەوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە هۆکاری دروستبوونی داعش سیاسەتە تایفەگەرییەکانە کە ئەو سیاسەتەش بەهۆی داگیرکاری ئەمەریکا بۆ عێراق — لە ساڵی ٢٠٠٣- هاتەئاراوە، کە ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە و نابێت لە یادی بکەین کە بووە هۆی ئەوەی ئەم بارودۆخەی ئێستا دروست بێت. هەرچەندە ناکرێت سەرجەم دۆخەکە تەنها بۆ یەك فاکتەر بگەڕێنینەوە. بەڵام ئەو رەخنەیەی لە ئیدارەی ئۆباما دەگیرێت، ئەوەیە کە پتر تەرکیزی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعش کردووە، نەك بەرپەرچدانەوەی ئەسەد، ئەمە لە کاتێکدا زۆر کەس ئاماژە بە بوونی بەرژەوەندی هاوبەش دەکەن لە نێوان داعش و ئەسەددا، چونکە هەردوولایان تەرکیز لەسەر تێکشکاندنی گروپەکانی دژ بە ئەسەد دەکەن. ئەوەی پەیوەست بێت بە دۆخی دوای داعشەوە — کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە رووبدات، واتە داعش تێکبشکێندرێت-، ئەوا دەبێت ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت کە ئەگەرچی داعش خاك لە دەست بدات و ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن دەوڵەت لە ناوبچێت، ئەوا هێشتا وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی دەمێنێتەوە و کاری تیرۆریستی لە ناوچەکە و لە ئەوروپا و شوێنەکانی دیکە ئەنجام دەدات. ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەن کە ئایا سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە مانگەکانی داهاتوودا چی دەبێت، ئەوا لەم باوەڕەدا نیم کە هەوڵی رووخاندنی دەسەڵاتی ئەسەد بدات، یان بە شێوەیەکی چڕتر پشتیوانی هێزەکانی دژ بە ئەسەد بکات، بەڵام رەنگە وەزیری دەرەوە جۆن کێری هەوڵی دیپلۆماسیی زیاتر بخاتەگەڕ بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ رووسیادا لەو بارەیەوە. ئەگەر هیلاری کلینتۆن ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا رەنگە ئەو سیاسەتە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، هەرچەندە لەمەش دڵنیانیم.

*** بەڵام لەم هاوکێشەیەدا هەتا ئێستا ئێران رۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕاوە و لەلایەك نەیهێشتووە ئەسەد بڕووخێت، لەلایەکی دیکە پشتیوانی گەورەی حکومەتی شیعەی بەغدایە، ئایا تاکەی بارودۆخەکە هەروا لە بەرژەوەندی ئێران دەمێنێتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە داگیرکردنی عێراق بە قازانجی ئێران شکایە و ئێران سوودمەندی سەرەکی بوو لەو رووەوە، هەروەها ئێران بەرژەوەندیەکی زۆری هەیە لە سووریادا —کە بە شەڕێکی ناوخۆییدا تێدەپەڕێت-، چونکە رووخانی ئەسەد واتە لەدەستدانی هاوپەیمانێکی سەرەکی ئێران لە ناوچەکەدا. کەواتە سەرکەوتنی ئێران لە سووریادا هێندەی سەرکەوتن لە عێراقدا روون نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێران دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە لە سووریادا. ئەوەی پێوەندی بە سیاسەتی تایفەگەرییەوە هەبێت، ئەوا من هاوڕا نیم کە ناکۆکیی تایفەگەری رەگ و ریشەیەکی درێژخایەنی هەبووە لە ناوچەکەدا، چونکە بۆ چەندین سەدە جیاوازی شیعە و سوننە بە سیاسی نەکراوە و هۆکارێکی نەبووە بۆ خوێنرێژی، بەڵکو لە دەیەی رابردوودا کە پتر بە سیاسی کراوە، هۆکارێك بووە بۆ توندوتیژی، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ داڕووخانی دەوڵەت و ناکۆکی لە ناوچەکەدا. واتە ئەوەی لە سووریا دەگوزەرێت بۆ هۆکاری تایفەگەری ناگەڕێتەوە، هەرچەندە بۆتە هۆی قووڵکردنەوەی ئەو تایفەگەرییە، بەڵام ناکرێت بڵێین ئەمە هەمیشە خەسڵەتی ناوچەکە بووە، بەڵکو ئەمە پەیوەست بووە بە هەل و مەرجە سیاسییەکەوە.

*** هەرێمی کوردستان هێزێکی کارا و کاریگەر بووە لە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا، لە ئێستاشدا کورد پێیوایە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەم مافێکی سروشتی خۆیەتی و هەم دەبێتەهۆی ئەوە خۆی بە دوور بگرێت لە شەڕ و ئاژاوەی ناوچەکە و عێراق، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- هیچ گومان لەوەدا نییە کە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە بەرژەوەندی بەشی هەرە زۆری کوردە، بەڵام ئەمە بارگرژی ناوچەیی لێدەکەوێتەوە، بە دڵنیاییەوە تورکیا نیگەران دەبێت لەبارەی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردییەوە، هەروەها وڵاتانی دیکەش نیگەران دەبن بەم هەنگاوە. ئەوەی جێی سەرنجی منە ئەوەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە ئەمری واقیع لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دروست بووە، بەڵام نەك بە شێوەیەکی رەسمی و دانپێدانراو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. لەبەر ئەوە روون نییە ئەمە هەنگاوێك بێت بۆ هێنانەئارای سەقامگیری سیاسی لە ناوچەکەدا، چونکە ئەمە کارێکە کە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە نیگەران دەکات. ئەوەش راستە کە هەرێمی کوردستان نەبۆتە بەشێك لە کێشەی تایفەگەری، ئەوە روونە.

*** ئایا پێتانوایە چارەسەرکردنی ئەو تەنگژانە بە دووبارەداڕشتنەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتانە دەکرێت؟**

بەلای منەوە ئەمە روون نییە. راستە لەنێوان ئەم بارودۆخەدا پەیوەست بوونێك هەیە بەو سنوورانەوە ئەگەرچی ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا بە شێوەیەکی دەستکرد داڕێژران. بەڵام بە بۆچوونی من کێشە سەرەکییەکە بریتییە لە شکستی دەوڵەت و لە شکستی دامەزراوەکانی دەوڵەت و لە بێتوانایی دەوڵەت لە دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئەگەری گەشەی ئابووری بۆ هاووڵاتییەکانی، لەبەر ئەوە تاوەکو ئەو دامەزراوانەی دەوڵەت نەبێت کە هەمووان لەخۆبگرێت، بە چاوپۆشین لە ناسنامەی ئایینی و ئیتنی، ئەوا دڵنیا نیم چۆن دەتوانێت ئاسایش دەستەبەر بکات.

**دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە ئەمری واقیع لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دروست بووە، بەڵام نەک بە شێوەیەکی رەسمی و دانپێدانراو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە**

**بۆ چەندین سەدە جیاوازی شیعە و سوننە بە سیاسی نەکراوە و هۆکارێکی نەبووە بۆ خوێنرێژی، بەڵکو لە دەیەی رابردوودا کە پتر بە سیاسی کراوە، هۆکارێک بووە بۆ توندوتیژی**

**هۆکاری دروستبوونی داعش سیاسەتە تایفەگەرییەکانە کە ئەو سیاسەتەش بەهۆی داگیرکاری ئەمەریکا بۆ عێراق — لە ساڵی ٢٠٠٣- هاتەئاراوە**

**زۆر کەس ئاماژە بە بوونی بەرژەوەندی هاوبەش دەکەن لە نێوان داعش و ئەسەددا، چونکە هەردوولایان تەرکیز لەسەر تێکشکاندنی گروپەکانی دژ بە ئەسەد دەکەن**



### دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# بەداخەوە دزینی ئاسایی بەتاوانێکی گەورە دادەنرێت، کەچی خۆدەوڵەمەندکردن لەسەر موڵکی گشتی بە ئازایەتی

## پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی یاساکان بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی پێویستییەکی بنەڕەتین

**ئاشکرایە دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوچاری قەیرانێکی دارایی قووڵ بۆوە، دەستی دایە پرۆسەی پێداچوونەوە و چاکسازی و لایەنێکی گرنگی ئەم هەوڵانەش لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا بەرجەستە بوو، کە لێرەدا رۆڵی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان زەق دەبێتەوە. بۆ تیشکخستنەسەر کار و چالاکی و رۆڵی ئەم دەزگایە لە بەرپەرچدانەوەی گەندەڵیدا، دیمانەیەکمان لەگەڵ دکتور ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەستپاکیدا ئەنجامدا و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئایا دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان پێوەندی لەگەڵ پرۆژەی سەرۆکی کوردستان بۆ چاکسازی چۆنە و چۆن مامەڵەتان لەگەڵ ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم پرۆژەیە کردووە؟**

- کێشەی زۆری ئێمە لەم وڵاتەدا کێشەی کارگێڕییە، بەداخەوە ئێمە هەستاین بەقەبەکردنی کەرتی گشتی بەشێوەیەك کە لەهەموو وڵاتانی جیهاندا نموونەی نییە. بۆ نموونە لە سەرووی ٦٠-٧٠٪ی داهاتی خۆمان دەدەین بەمووچە، ئەمەش وادەکات پارەی بەردەست بۆ وەبەرهێنان و بووژانەوەی ژێرخانی وڵات کەم بکات، راستە پارەی مووچە دەچێتە گیرفانی هاووڵاتیان و ژیانی خەڵکی پێ دابین دەکرێت، بەڵام هەڵاوسان لەکەرتی ئیدارە کۆمەڵێك کێشەی گەندەڵی و رۆتینی دروست کردووە، ئەوەی زیاتر ئەو بارودۆخەی زەق کردووەتەوە، بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بوو لەساڵی ٢٠١٤ لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە کە قەیرانێکی ئابووری قووڵی بۆ وڵاتەکەمان دروست کردو لە مانگی ٦ی هەمان ساڵیشدا شەڕی داعشیش رووبەڕوومان بووەوە، بەمەش بارێکی قورس و خراپتر کەوتە سەرشانی حکومەت و خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئاوارە. ئەمانە هەمووی وایکرد جارێکی تر پێویستی دووبارە چاوخشاندنەوە بە رێکخستنەوەی هەیکەلی کارگێڕی ببێتە پێداویستییەکی هەنووکەیی بۆ ئەوەی لە رووی ئەداوە توانای بەرزبێتەوە و لە رووی تێچوونیشەوە بە کەمترین داهاتی بەشەری ئیدارەیەکی سەرکەوتوو بەڕێوەببەین، هونەری ئیدارەش ئەوەیە بەکەمترین داهاتی بەشەری باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکەیت، ئەمە کورتترین پێناسەی ئیدارەی سەرکەوتووە، ئەم پرۆسەو ئامانجە سەرەتا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووەو لەکۆتایی ساڵی رابردوو لەسەرەتای ئەمساڵیشدا حکومەت دەستی بە پرۆژەی چاکسازی کرد، پاشان جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆیشی کۆمەڵێك بەرنامەو پلانی دانا، ئەوانیش ماوەیەکە کار لەسەر ئەم بەرنامەو پرۆژەیە دەکەن. چەندین لیژنەی لەسەر هەیکەلیەتی حکومەت و کەمکردنەوەی بەش و هۆبەکان و تێکەڵکردنی بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکان و دیاریکردنی میلاکات کاردەکەن. واتە لەخودی پرۆسەی چاکسازیشدا ئێمە هاوکاری حکومەت بووین لەرێگەی کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی مەیدانی لەسەر میلاکاتی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بەتایبەتی لەسەر پلەکانی (١،٢،٣) کە تێیدا ئەو خروقاتانەی کراوە، هەر هەموویمان بە راپۆرت داوە بە حکومەت، بگرە لەزۆر بواردا هاوکاری حکومەت بووین، ئێستا زۆر راپۆرتمان لەبەردەستدایە لەبەشی یاسایی لەسەر مەسەلەی بڕوانامەکان و خروقاتی دامەزراندن و ئەو خانەنشینانەی بەدەر لە یاساو رێنماییەکان کراوە. هەروەها دەبێت ئەوە بڵێم کە هیچ پرۆسەیەکی چاکسازی بەبێ ئازار و نارەزایەتی نییە، بۆ نموونە رەنگە پێشتر کەسانێك هەبووبێتن کە پێشتر ماندووبوونێکی زۆر و داهاتێکی زۆریان هەبووە، ئێستا ئەمجۆرە دەستکەوتانەیان نەماوە، بۆ فەرمانبەرانیش بەهەمان شێوە دەبێت. داهات بۆ ئەو فەرمانبەرانە بێت کە کارو ئیشەکان رادەپەڕێنن. ئێستا کاتی ئەوە نییە کەس بنێریتەماڵەوە، یا مووچەی ببڕیت، یان کەمی بکەیتەوە، بەڵام دەبێت بەرنامەیەکت هەبێت بۆ ژیاندنەوە و چالاککردنی کەرتی تایبەت، دەتوانین هەلی کار بۆ خەڵك زیاتر و زۆرتر بڕەخسێنین، ئێستا هەنگاو نراوە بۆ چاککردنی کەرتی گشتی تەنانەت فەرمانبەران هەلی ئەوەیان بۆ رەخساوە مۆڵەتی (٣،٥) ساڵی وەربگرن، لەپاشان دەتوانرێت هەیکەلیەتی کەرتی گشتی بەشێوەیەکی زانستی و راست چاك بکرێتەوە کە لەگەڵ داهاتی هەرێمی کوردستان بگونجێت، هەروەها دەتوانرێت ئەو فەرمانبەرانەی زیادن لەوەزارەتێکدا کۆبکرێنەوە دواتر لە وەزارەت یا فەرمانگەیەك کە پێویستن دابنرێن، ئەم پرۆسەیەش بۆی هەیە دوای تۆمارکردنی سەرجەم مووچەخۆرانی کوردستان بێت کە من زانیاریم هەیە پاش ٢٠١٦/١٠/١ بڕیارە تۆمارکردنی سەرجەم مووچەخۆرانی کوردستان دەست پێ بکات، واتە هەموو مووچەخۆران و ئەوانەی پارە لە حکومەتی کوردستان وەردەگرن لە رێگەی پەنجەمۆر و گلێنەی چاوەوە تۆماردەکرێن. ئەمەش یەکێکە لەمەرجەکانی ژیانەوەی کەرتی ئابووری کە بانکەکان بەئیش بخەیت و متمانە بدەیتەوە بانکەکان، راستە ئێستا مووچە رەنگە ئەوەندە زۆر نەبێت، مووچەکەی لە بانکەکاندا بهێڵێتەوە، بەڵام لەمەودایەکی زیاتر ئەگەر چاککرایەوە دۆخەکە دەگۆڕدرێت.

*** ئێستا لەسەر ئاستی هەموو کوردستان قەناعەتێك دروست بووە کە لە دامەزراوە شەرعییەکان بە کردەیی گەندەڵی بوونی هەیە، بەڵام دەستنیشانکردنی گەندەڵی جگە لە قسەو قسەڵۆك شتێکی دیکە نییە، ئایا چوارچێوەی کارکردنی ئێوە چییە بۆ ئەوەی گەندەڵی پێناسە بکەن؟**

- لە راستیدا پێناسەی گەندەڵی زۆرە، یەکێکیان پێناسەی شەفافیەتی نێودەوڵەتییە بۆ گەندەڵی، بەڵام ئێمە هاتووین لەتەعدیلی یەکەمی یاساکە کە لە٢٠١٤ دەرچووە، تاوانەکانی گەندەڵیمان دەستنیشان کردووە، واتا بەمادده و بەژمارە لەیاسای سزاکان تاوانەکان دەزانین. بۆ نموونە ئێستا چ تاوانێك بەگەندەڵی دەژمێردرێت؟ بۆ نموونە بەرتیل و دزینی پارەی گشتی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بەفیڕۆدانی سامانی گشتییە. گەندەڵیش وەکو تیرۆر پێناسەیەکی تایبەتی نییە کە هەموو خەڵك لەسەری رێککەوتبن، بەڵام تۆ مادده یاساییەکانت پێناسەکردووە کە دەڵێت: دژایەتیکردنی گەندەڵی مەبەستمان لەو تاوانەیە کە مادده یاساییەکانی لەخوارەوە هاتووە کە یاسای تاوانەکان دەیگرێتەوە کە تاوانێکیش لە یاسای تاوانەکان و لەیاسای دەستپاکی نەبێت، ئەوە ئێستا پێی دەگوترێت دەستکەوتی ناڕەوا، ئەمەش تاوانێکە لەگەڵ ئەم یاسا تازەیە داهێنراوە کە پێشتر لەعێراق هەبوو، ئەمەش ئەوەیە کاتێك بەرپرسێکی باڵا ئەوانەی ساڵانە فۆرم پڕدەکەنەوە بۆ ئاشکراکردنی سەروەت و ماڵ و موڵکیان دەیانگرێتەوە کە ئەم بەرپرسە باڵایە نەیتوانیوە فۆرمی ئاشکراکردنی داهاتەکەی پڕبکاتەوە، یا تێیدا زیادە هەبوو، دیارە ئەمەی بەشێوەیەکی ناڕەوا دەستکەوتووە، ئەمەش یەکێکە لەتاوانەکان واتە یاساکە

**لەهەموو وڵاتان باج سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتی وڵاتە، کەچی لەکوردستان خەڵك و کاسبکار و بیزنسکار بە ئارەزووی خۆی کاردەکات و شت دەفرۆشێت، یان خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرێت، کەچی کەس ئامادە نییە باج بدات**

**هەندێك لە یاساکان کە کەموکورتی تێدایە بوار بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی خۆش دەکات هەروەکو چۆن لەیاسای وەبەرهێناندا بینیمان کە کۆمەڵێك کەموکورتی تێدایە لەبری ئەوەی سەرمایەیەکی زۆری دەرەکی و ناوخۆیی لەم بوارەدا بەگەڕبخات، کەچی بە پێچەوانە کەوتەوەو داهاتی بەفیڕۆ داو بەقازانجی کەسانێکی کەم شکایەوە**

**گەشبینم لەوەی پرۆسەی لێپێچینەوە لەگەندەڵکاران وردە وردە ئاکامی دەبێت و متمانەی خەڵکی بەدەست دەهێنێت، دەبێت ئەوەش بزانین چەکی دەستی ئێمە تەنیا یاساکەیە و ئێمە هێزی تایبەتی خۆمان نییە**

**لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی گەندەڵی لەسەرجەم وڵاتانی جیهان پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و وردە، چونکە زۆربەی جار مەلەف و دۆسیەی گەورەی گەندەڵی هەیە، بەڵام مەرج نییە بەڵگەی پێویست و تەواو لەبەردەستدا بێت**

**من ناڵێم سەروەریی یاسا لەکوردستان نەماوە، بەڵام پاشەکشەی کردووە و ئەمەش کاریگەریی خراپی هەیە**

**نزیکەی ١٠ کەیس لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە و ئامادەیە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی دادگاییکردن، رەنگە تا کۆتایی ئەمساڵیش ئەم ژمارەیە دوو هێندەی لێبێت. بۆ ئەوەی لێپێچینەوە لەخەڵکی گەندەڵکار لە لێکۆڵینەوەوە بکەینە پراکتیک و ساڵانە چەند کەیسێکی گەندەڵی یەکلابکرێتەوە، پێویستمان بەهاوکاری دەسەڵاتی دادوەری هەیە**

بە وردی و زانستی روونکراوەتەوە، ئەوەی یاسای دەستەی دەستپاکی ئێمە بخوێنێتەوە کە دەڵێت تاوانەکانی گەندەڵی دەزانێ مەبەستمان چییە.

*** لەهەموو جیهان پرۆسەی دژە گەندەڵی دوو قۆناخی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێت، لایەنێکیان یاساییە کە بەیاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام لایەنی دووەم کە زۆر گرنگە ستراتیژیەتی هاندانی دژە گەندەڵییە، ئایا ئێوە بەرنامەیەکتان بۆ هاندانی دژە گەندەڵی بەکردەیی هەیە؟**

- ئەمە خاڵێکی گرنگە؛ لە راستیدا لە هەرێمدا ستراتیژییەتی نیشتمانیمان نییە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، گەرچی لەعێراقدا لەساڵی ٢٠١٠ ئەم ستراتیژیەتییە بوونی هەیەو ئێمەش لەساڵی رابردووەوە نوسراوو پێشنیارێکمان بەفەرمی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووەو وتوومانە داوادەکەین هاوشێوەی عێراق ئەنجومەنی وەزیران بەفەرمی دەستەی دەستپاکی راسپێردرێت بە دارشتنی ئەو ستراتیژییە، بەڵام تا ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە، لەکاتێکدا ئێمە لەساڵی پارەوە لەگەڵ رێکخراوێکی بەریتانی (وێس وێنسر) گفتوگۆمان هەیەو پێمان گوتوون ئێوە فەندێکتان بۆ ئەم مەبەستە هەیە، ئێمەش وەکو یاسا ئەرکمانە لەسەر ئەم پرۆژەیە ماوەی شەش مانگە دەستمان بە پرۆسەی نووسینەوەی رەشنووسێك کردووە لەسەر ستراتیژیەتی نیشتمانی هەمە لایەنە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و پێشبینی ئەوە دەکەین تا کۆتایی ئەمساڵ ئەو رەشنووسەی ستراتیژیەتی نیشتمانی تەواو بکەین، ئەو ستراتیژییەتە بۆ ٤ ساڵ دەبێت، لەم ستراتیژییەتەدا کارو ئیشێکی ورد دەکەین، ماوەیەك پێش ئێستا داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی داهاتوو برگەیەك دیاری بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم ستراتیژییەتەو چاوەروان دەکەین کە رازی بن بۆ ئەوەی گرنگی و کاریگەری ئەم ستراتیژە نیشتمانییە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر ئەنجام بدرێت. ئەوەی تر پێمانوایە دژایەتیکردنی گەندەڵی پرۆسەیەکی زۆر وردو درێژخایەنە یەکەم هۆشیاری دەوێت، دووەم دروستکردنی رای گشتی دەوێت، لەمبارەیەوە بۆ ماوەی ساڵێك دەبێت پەرتووکێکمان بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی ئامادە کردووە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە تا بتوانین پەرتووکێك چاپ بکەین و لەپۆلی یەك تا نۆ بەشێوەیەکی رەوان بخوێندرێت، بەڵام لەبەر بێ پارەیی کە پێویستی بە١٥٠ ملیۆن دینارە بووە، نەمانتوانیوە چاپی بکەین، لەکۆتایی هەفتەی رابردوودا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لامان بوو پێمان راگەیاندن کە ئەگەر بتوانن هاوکاریمان بکەن لەرێگەی رێکخراوی یونسیفەوە ئەو پەرتووکەمان بۆ چاپ بکات، ئەم پرۆسەیەش دەبێت لەقۆناغی یەکی سەرەتاییەوە دەست پێبکات، بۆ ئەوەی کەلتووری دژایەتی گەندەڵی لە زهنیەتی کەسایەتی تاکی کورد بونیادبنرێت، کە جێگای داخە لای خەڵکێکی زۆر دزینی ئاسایی تاوانێکی گەورەیە، کەچی خۆدەوڵەمەندکردن لەسەر موڵکی گشتی ئاسایی و بگرە پێی دەوترێت پیاو و ئازا کە توانیوێتی خۆی بەمشێوەیە دروست بکات. کەواتە دەبێت دژایەتی گەندەڵی لەکەڵچەری پەروەردەوە دەست پێ بکرێت، لایەنی دووەمیش ئەوەیە بەدەستهێنانی نارەوا ئەو فۆرمەیە کە ساڵانە دابەشی دەکەین، ئەمەش جۆرێك لەسەر چاودێری فەرمانبەرانی باڵا لەم وڵاتە دروست دەکات، هەروەها چەندین رێنمایی تر دەردەکەین، بەڵام لەهەمووی گرنگتر لێپێچینەوەیە لە کەیسەکان و رەوانەکردنی گەندەڵکارانە بۆ بەردەم دادگا، ئومێدمان زۆرە ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆری ئەو کەیسانەی گەندەڵی کە لای دەستەکەمانە یەکلابکرێنەوە و بچنە بەردەم دادگا، کە ئێستاکە نزیکەی ١٠ کەیس لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە و ئامادەیە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی دادگاییکردن، رەنگە تا کۆتایی ئەمساڵیش ئەم ژمارەیە دوو هێندەی لێبێت. بۆ ئەوەی لێپێچینەوە لەخەڵکی گەندەڵکار لە لێکۆڵینەوەوە بکەینە پراکتیك و ساڵانە چەند کەیسێکی گەندەڵی یەکلابکرێتەوە، پێویستمان بەهاوکاریی دەسەڵاتی دادوەری هەیە، رەنگە تا رادەیەك ئەم پرۆسەیە خاو بروات و لەئاست ئومێدەکانی هەموان نەبێت، بەڵام دەبێت ئەو راستییە بزانین کە خودی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی گەندەڵی لەسەرجەم وڵاتانی جیهان پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و وردە، چونکە زۆربەی جار مەلەف و دۆسیەی گەورەی گەندەڵی هەیە، بەڵام مەرج نییە بەڵگەی پێویست و تەواو لەبەردەستدا بێت. سەروەریی یاسا لەکوردستان من ناڵێم نەماوە، بەڵام پاشەکشەی کردووە و ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا من گەشبینم لەوەی پرۆسەی لێپێچینەوە لەگەندەڵکاران وردە وردە ئاکامی دەبێت و متمانەی خەڵکی بەدەست دەهێنێت، دەبێت ئەوەش بزانین چەکی دەستی ئێمە تەنیا یاساکەیە و ئێمە هێزی تایبەتی خۆمان نییە. بۆ نموونە ئەگەر دادگای لێکۆڵینەوە فەرمانێکی دەستگیرکردن دەربکات لە رێگەی دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لەم دۆخە خراپەشدا پێویستە کارێك بکەین، ئەوەتا ئەم دامەزراوەیە لە ٢٠١٣ لە نەبوونەوە دەستی بە کارەکانی کرد. ئەو کاتە تەنیا سەرۆکی دەستەکە لە پەرلەمانەوە بوونی هەبوو، ئێستا بۆتە دامەزراوەیەك و بوونی هەیە و حیسابی بۆ دەکرێت و هەوڵ دەدات کار بکات، ئێستا نۆ مانگێکی ماوە بۆ ئەوەی خولی سەرۆکایەتی ئێستای تەواو بێت کە ٤ ساڵە، تا ئەو کاتە ئومێدمان هەیە بەشێك لەکارەکان تەواو بکەین، با پێداویستی ماددی و مرۆیی پێویستیش نەبێت، بەڵام هەر جێگە بەنچەمان دیارە.

*** هەر لەبواری گەندەڵیدا زۆرجار یاسا خۆی پێوە دەبێت، واتە گەندەڵییەکە بەیاسا کراوە، ئایا پێش ئەوەی بەدواداچوون بۆ گەندەڵی بکرێت، تا چەند پێویستە پێداچوونەوە بەیاساکەدا بکرێت و هەوڵبدرێت بەشێوەیەك هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی زەمینەی گەندەڵی دروست نەکات؟ هەروەها بەدواداچوونتان لەسەر چەند یاسا کردووەو چەند پرۆژەتان بۆ هەموارکردنەوەی یاسا کردووە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر رێك و جوانە؛ راستە هیچ یاسایەك

بەئاشکراو راستەوخۆ ناڵێت گەندەڵی بکرێت، چونکە گەندەڵی تاوانە، بەڵام بۆ نموونە هەندێك لە یاساکان کە کەموکورتی تێدایە بوار بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی خۆش دەکات هەروەکو چۆن لەیاسای وەبەرهێناندا بینیمان کە کۆمەڵێك کەموکورتی تێدایە لەبری ئەوەی سەرمایەیەکی زۆری دەرەکی و ناوخۆیی لەم بوارەدا بەگەڕبخات، کەچی بەپێچەوانە کەوتەوەو داهاتی بەفیڕۆ داو بەقازانجی کەسانێکی کەم شکایەوە، یاخود ئەو هەموو پارە بەخشین و زیادکردنی دەرماڵەو مووچە بەشێکی زۆری بەیاسا کراوە کە رەنگە لەم دۆخەدا وا بەئاسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێت چاکی بکاتەوە، واتا لەمەودوا دەبێت پارە پێدان لەبەرامبەر کار بێت. بۆ نموونە لەوڵاتی سویسرا لەسەر ئەوەی توانایەکی دارایی باشیان هەبوو، راپرسییەك کرا بەوەی بڕە پارەیەك بە خۆڕایی بدرێتە خەڵك، لە راپرسییەکەدا ٧٠٪ی خەڵکی ئەو وڵاتە رەتی کردەوە، ریفراندۆمێکی وا لەکوردستاندا بکرێت، هەموومان دەزانین دەرئەنجامەکەی زۆر جیاوازتر دەبێت. ئێمە ٣٠٠ بۆ ٣٥٠ یاسامان هەیە لەهەرسێ خولەکەی پەرلەمان کە دەبێت لیژنە پەرلەمانی و یاساییەکان بتوانن چاوخشاندنەوە بەسەرجەم یاساکان بکەین. لەغیابی پەرلەمان و ئەو قەیرانە سیاسییەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، جێبەجێکردنی ئەم کارە ئاسان نییە، بەڵام خۆ دەکرێت هەندێك پرۆژەیاسا ئامادە بکرێت، یا ئامادەی هەموارکردنەوە بکرێت و تەنانەت لیژنەکانی پەرلەمان ئیش لەسەر ئەم مەسەلانە بکەن هەر لەکاتی چارەسەرکردنی دۆخەکەو هێوربوونەوەی کارەکان خێراتر بەڕێوەبچن. لەم رووەوە دەستەکەمان هەموارکردن و تەعدیلکردنی دوو سێ پرۆژەیاسامان ئامادە کردووە، هەرکاتێکیش ئیرادەیەك هەبێت بۆ ئەو چاکسازییانەی لەبواری یاساکاندا ئەنجام دەدرێت، ئەو کات ئێمە ئامادەین هاوکارو یارمەتیدەریان بین.

*** لایەنێکی گرنگ لە پرۆژەی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا کاراکردنی سیستمی باج وەرگرتنە، دیارە لەهەموو جیهان میکانیزمی باج وەرگرتن دەبێت بۆ دەوڵەمەندەکان و خاوەن کۆمپانیان و بیزنسکاران لەئاستێکی بەرزدا بێت، بەڵام بۆ هاووڵاتی ئاسایی دەبێت رێژەی باج کەم بێت، کەچی لەکوردستان لەسەر هاووڵاتیان بەرزە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ دەوڵەمەند و بازرگان و بیزنسکاران، ئایا پێداچوونەوەی سیستمی باج بەشێك نییە لەکاری ئێوە و ئەگەر بەشێك بێت لەکاری ئێوە پرۆژەتان بۆ رێکخستنی باج لەکوردستان چییە؟**

- دووبارە رێکخستنەوەی باج بەشێکە لەو ئامانجانەی کە حکومەت لە پرۆژەی چاکسازی دەیکات. پرۆسەی باج لە هەرێمی کوردستان پڕیەتی لەکەموکورتی، پێش هەموو شتێك پێویستە باج سیستەمێکی چالاك بێت، دواتر بە ئەلیکترۆنی بکرێت و خەڵکی ئەکتیڤ و شارەزا لەو بوارەدا کار بکات، تەنانەت پێویستە سیستەمی باج لەگەڵ داهات چاوخشاندنەوەی پێدا بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهای رەنج، یا فراری بهێنی منیش ئۆتۆمبێلێکی کیا بهێنم بەهەمان مۆدێل و پستۆن یەکجۆر گومرکمان لێ وەردەگیرێت، لەکاتێکدا بەهای نێوان هەردوو ئۆتۆمبێلەکە زۆر جیاوازە، ئەمە نادادپەروەری و نازانستیانەی تێدایە، سەبارەت بەبابەت و بوارەکانی تریش بەهەمان شێوە بەپێی ئەو زانیارییانەی هەمانە ئێستاکە سەرقاڵی دەستکاریکردنی ئەو رێنمایی و راسپاردانەن، هەر لەم بوارەدا نموونەی ترمان زۆرە ئێستا بەشێکی زۆری کۆمپانیاکان بەیاسا لەپێدانی باج لێیانخۆش بوون، راستە ئەم سیاسەتە لەهەموو وڵاتان هەیە بە مەبەستی راکێشانی جۆرە کۆمپانیایەك، بەڵام لەکاتێکدا هەرێمەکەمان لە قەیراندا بوو، ئەو ئیستسنایە نامێنێت و دەبێت سیستەمی باج وەرگرتن بۆ هەموو کۆمپانیاکان بێت، بەڵام باجدان لەنێوان کۆمپانیاو کارگەی بچووك و گەورە دەبێت جیاواز بێت و باجدان بەپلە هەڵکشاو بێت، خودی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی باج تا ئێستا کەموکورتیەکی زۆری تێدایە و جار بەجار گەندەڵی و مەحسوبیەتی تێدەکەوێت. چارەسەرکردنی ئەم کەموکورتییانە بۆ گۆڕینی یاسا، یان هەموارکردنەوەی یاساکە یاخود بەدامەزراویکردنی دامەزراوەکان دەگەڕێتەوە. باج وەرگرتنیش بەبێ یاسا زەحمەتە جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی یاسایەك کە لە پەرلەمان دەرچووبێت، بەڵام رەنگە دەستکاری، یاخود هەموار بکرێتەوە، لەهەموو وڵاتان باج سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتی وڵاتە، کەچی لەکوردستان خەڵك و کاسبکار و بیزنسکار بە ئارەزووی خۆی کاردەکات و شت دەفرۆشێت، یان خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرێت، کەچی کەس ئامادە نییە باج بدات.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ کە رووبەڕووی دەستەی ئێوە دەبێتەوە، بریتییە لەناهاوسەنگی نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، خەڵك چاوەڕێ ئەوە لەئێوە دەکات گوزەرانی خۆش بێت، نەك دڵی حکومەت رازی بکەن، لەکاتێکدا حکومەت مووچەی کردووە بە پاشەکەوت، بەڵام بازاڕ هەر وەك خۆیەتی، ئایا هیچ هەوڵێکتان هەیە بۆ ئەوەی هاوسەنگی لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دروست بکەنەوە؟**

- سەبارەت بەوەی چۆن هاوسەنگی نێوان هەردوو کەرت رێکبخرێتەوە ئێمە هانی حکومەت دەدەین یاسا هەبێت و سەروەر بێت و نرخ و بەهای خزمەتگوزاری رێکبخرێتەوەو وەکو یەکی لێ بێت، نەك هەر کەس و بیزنس و کۆمپانیایەك بەشێوەیەك کاربکات، تەنانەت لەکەرتی پەروەردەش ئەمە روویداوە کە دەبینیت زانکۆیەك لەگەڵ زانکۆیەکی تر جیاوازی هەیە. ئێمە چەند جار لەگەڵ خوێندنی باڵا دانیشتین و گفتوگۆمان لەسەر ئەم بابەتە کرد وبەڵێنیان دا هەوڵی خۆیان بدەن بۆ چاککردنەوەی ئەم دۆخە و چاودێریان هەبێت لەسەریان، چونکە زۆر زانکۆ هەیە جۆرێك لەبازرگانی دەکات، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە ئێمە بە بەردەوام پێشنیاری باش دەکەین و هەموو ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە ئەگەر یاسا سەروەر بێت و ستراتیژیەتێکی روونت هەبێت بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی و جێبەجێکردنی چاکسازی بە بەرنامەیەکی پشوودرێژ چارەسەری زۆر لەو کێشەو گرفتانە دەکرێت.

**پاش ٢٠١٦/١٠/١ بڕیارە تۆمارکردنی سەرجەم مووچەخۆرانی کوردستان دەست پێ بکات، واتە هەموو مووچەخۆران و ئەوانەی پارە لە حکومەتی کوردستان وەردەگرن لە رێگەی پەنجەمۆر و گلێنەی چاوەوە تۆماردەکرێن**

**پەرتووکێکمان بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی ئامادە کردووە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە تا بتوانین پەرتووکێک چاپ بکەین و لە پۆلی یەک تا نۆ بەشێوەیەکی رەوان بخوێندرێت، بەڵام لەبەر بێ پارەیی کە پێویستی بە١٥٠ ملیۆن دینارە بووە، نەمانتوانیوە چاپی بکەین**

**ماوەی شەش مانگە دەستمان بە پرۆسەی نووسینەوەی رەشنووسێک کردووە لەسەر ستراتیژیەتی نیشتمانی هەمە لایەنە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و پێشبینی ئەوە دەکەین تا کۆتایی ئەمساڵ ئەو رەشنووسەی ستراتیژیەتی نیشتمانی تەواو بکەین،**



# به رزگارکردنی بیرەنەوتەکانی گەیارە توانای ئابووریی داعش تێکشکێندرا



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

لە ماوەی رابردوودا هەندێ لە بیرەنەوتەکانی پارێزگای نەینەوا کەوتبوونە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعش، کە دیارترینیان دامەزراوە نەوتییەکانی گەیارە بوون، کە بریتین لە: (کێڵگەی گەیارە- ٥٢ بیری تێدایە، کێڵگەی جاوان ٣ بیری تێدایە، کێڵگەی قەسیب ٣ بیر و کێڵگەی نەجمە کە ٤ بیر لەخۆدەگرێت. کێڵگە نەوتییەکانی گەیارە بە نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری شاری موسڵ، بە دووریی ٢٥ کیلۆمەتر لە شارۆچکەی حەمام عەلیل، ئەو چوار کێڵگەیە لە باشووری رۆژهەڵاتەوە بە ئاراستەی باکووری رۆژهەڵات بە درێژایی ٥٣ کیلۆمەتر و بە پانیی ٢-٣ کیلۆمەتر درێژدەبنەوە، رووبەری هەر چواریان ١٠٦ کیلۆمەتر دووجایە، قەبارەی یەدەگی نەوت لە کێڵگەی گەیارە بە ٢ ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت، وێڕای بوونی قیر و گۆگرد، هەروەها گەیارە پاڵاوتگەیەکی تێدایە لەگەڵ دوو وێستگەی جیاکردنەوەی غازی دەرچوو لەگەڵ نەوتی خاو هاوکات وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا. شایانی باسە هەندێ کێڵگەی



دیکەی نەوتیش لەو شوێنە دۆزراونەتەوە بە ناوی (عەتشان و ئیبراهیم و ساسان و عەلان) کە لەژێر دەستی داعشدان.

**● عەمبارە نەوتییەکان لە کێڵگەکانی گەیارە**

لە دوو عەمباردا بەرهەمی نەوتیان هەیە، یەکێکی سەروو کە پەیوەستە بە قیربەردی پێوەندیدار بە فوراتی سەردەمی مایۆسین کە تەمەنی جیۆلۆجی لە نێوان ١٥ بۆ ٢٣ ملیۆن ساڵدایە، عەمباری خواروو کە لە قیرە بەردی تەباشیریی سەردەمی تەباشیری سەرووە و تەمەنی جیۆلۆجیی لەنێوان ٧٠ بۆ ٨٠ ملیۆن ساڵدایە.

نەوت لە کێڵگەکانی گەیارە لە (گومەز)دامی نەوتی بەرهەم دەهێنرێت کە بە تەوەری زنجیرە تەلانی باریك لە شێوەی پێکهاتەی نەوتی کەرکوك درێژدەبنەوە. نەوتی کێڵگەی گەیارە بەوە ناسراوە کە نەوتی قورسە، پلەی (أ،ب،ی)ی نەوتەکە لەنێوان ١١،٥- ١٨ پلەدایە، سەرەڕای ئەوەی کە عەمباری سەرەوەی پێکهاتەی فورات ڕێژەیەکی بەرزی گۆگردی تێدایە.

گومەزی بچووکی غاز کەوتۆتە سەر عەمباری سەرووی پێکهاتەی فورات، وێڕای بوونی گومەزی غازیی لە کێڵگەی قەسیب لە عەمباری تەباشیری. بوونی شوێنەواری ڕەنگدانەوەی نەوت لە عەمباری سەرووی پێکهاتەی فورات وای کرد کە بە هەزاران تەن قیر لە ڕێگەی درزو دەرچەکانی ئەو کێڵگانەی گەیارە سەر زەوی بکەوێت، لەمیانی ئەو درزانەدا بە درێژایی ڕێڕەوی ڕووباری دیجلە لە گەیارەو نەمرودو حەمام عەلیل، هاوشێوەی حەوزی کێڵگەکانی کەرکووك.

**● توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی گەیارە**

توانای بەرهەمهێنانی ٦٢ بیری کێڵگەکانی گەیارە لە ڕۆژێکدا بە ٢٠ هەزار بەرمیل مەزەندە دەکرێت، ئەم کێڵگانە ڕێژەیەکی بەرزی غازی (کبریتیدی هایدرۆجین)ی ژەهراوی تواوەی نەوتی خاوی تێدایە، کە بە ١٢٠٠ پێ سێجا دەخەملێنرێت لە هەر بەرمیلێك نەوتی خاوی بەرهەمهێنراو، بۆیە تیرۆریستان هەڕەشەیان دەکرد بە تەقاندنەوەی بیرە نەوتەکان لە حاڵەتی هێرش بۆ سەر کێڵگەکانی نەوتی گەیارە.

توانای پاڵاوتگەی گەیارە بە ١٠ هەزار بەرمیل لە

ڕۆژێکدا مەزندەدەکرێت، ئەم کێڵگەیە بەر لە ماوەیەك لەلایەن فرۆکەکانی هێزی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی پەکخرا، هەروەها وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەباش بە ٧٥٠ میگاواتی لێیە، ئەمە وێڕای دوو وێستگەی جیاکردنەوەی غاز لە نەوتی خاو.

لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٥ی ئابی ٢٠١٦ کێڵگەکانی گەیارە کە لەژێر دەستی داعشدا بوون ڕۆژانە ٢٠ هەزار بەرمیل نەوتیان لێ دەردەهێنان، کە هەموو ڕۆژێك بە ٢٠٠ تانکەر دەگوازرایەوە بۆ هەندێ پاڵاوتگەی ئەهلی نزیك لە شارۆچکەی حەمام عەلیل، کە بە ٢٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری شاری گەیارە.

**● دابەزینی بەرهەمی کێڵگەکانی گەیارە لە ساڵی ٢٠١٥**

دوای ئەوەی کە هاوپەیمانان لە نیوەی ساڵی ٢٠١٥دا پاڵاوتگەکانی گەیارەیان بۆردومان کردو پەکیانخست لەگەڵ دوو وێستگەی غازدا، داعش نەیتوانی چیدیکە ڕاستەوخۆ نەوت لەو بیرانە بگوازێتەوە، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی ئاستی ڕۆژانەی بەرهەمهێنان لە ٢٠ هەزار بەرمیلەوە بۆ ٧- ١٠ هەزار بەرمیل، بۆیە بیرەکانیان کردەوە و نەوتی خاویش بەرەڵای دۆڵەکانی دەوروبەر کرا، دواتر(حەوز) یان دەریاچەی نەوتیان بۆ جوداکردنەوەی غاز لە نەوت دروستکرد، تا بتوانن بە هۆی تانکەرەوە بیگوازنەوە بۆ پاڵاوتگە ناوچەییەکان لە حەمام عەلیل بەمەبەستی پاڵاوتنی نەوتی خاو.

**● تەقاندنەوەی بیرەکانی نەوت و دامەزراوە نەوتییەکان لەلایەن داعشەوە**

هێزەکانی داعش پەنایان بردە بەر تەقاندنەوەی بیرەکانی نەوت و دامەزراوە نەوتییەکان و سووتاندنیان بەدرێژایی ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتیان لە سوریا و عێراق دوای ئەوەی ترسان کە لە کۆنترۆڵی ئەواندا نەمێنن، بۆیە هێڵی نەوتی کەرکوك – جەیهان لە ساڵی٢٠١٤ کە لەو شوێنەی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئەوان لەنێوان بێجی و پاڵاوتگەی کسکێ لە نزیك تەلەعفەر تەقێنرایەوە، ئەوە وێڕای سووتاندن و تەقاندنەوەی هەندێ لە بەشەکانی کۆمەڵە پاڵاوتگەی بێجی و بیرە نەوتەکانی ناوچەی ڕەقەو دێرزور لە سوریا، سەرباری هەندێ کرداری دزەکردنی تێکدەرانە لەوەتەی نیسانی ئەم ساڵدا لە هەندێ کێڵگەی نەوت لە کەرکوك و تەقاندنەوەی چەند بیرێکی بای حەسەن و خەبباز، دواتریش تەقاندنەوەی ١١ بیری نەوت لە کێڵگەکانی گەیارە، کە تا ئێستاش ٣٠ بیر لە کێڵگەکانی گەیارە هەر لەژێر دەستی داعشدان، بۆیە داعش لە ئایندەدا پەنا دەباتە بەر تەقاندنەوەی هەموو ئەو بیرە نەوتانەی کە ماون دوای هەڵاتنیان لەبەردەم هێزەکانی عێراقی و پێشمەرگەدا.

**● شەقامەکانی شاری گەیارە بەهۆی ئەو نەوتەی کە دەروات گریان گرتووە**

دواجار داعش پەنای بردەبەر بۆمبڕێژکردنی چەند بیرە نەوتێکی گەیارە و تەقاندنەوەی هەندێك لەو بیرانە دوای ئەوەی هێزەکانی عێراق لە ٢٥ی ئاب دەستیان گرت بەسەر ناوچەی گەیارە( فرۆکەخانەی گەیارەو و شارەکەو هەندێ لە کێڵگە نەوتییەکان) بۆیە ئەوە ١٠ ڕۆژە نەوتی خاو لە ١١ بیرەنەوتدا بە هۆی تەقاندنەوەیان لەلایەن داعشەوە دەسووتێت، ئەمە سەرباری سووتانی ئەو نەوتەی کە لە حەوزە نەوتییەکانی نزیك بیرەکاندایە، هەر ئەمەش بووە هۆی سووتانی چەندین کۆگا لە گەیارە کە ڕۆژانە بە زیاتر لە نیو ملیۆن دۆلار زیانی بە سامانی دانیشتووان گەیاندووە. لەلایەکی دیکەوە داعش نەوتێکی زۆری ڕژاندۆتە دۆڵ و حەوزەکانی سەر ڕووباری دیجلە تاکو ئاوەکەی پیس بێت کە ئەمەش مەترسییە بۆ ژیانی هاووڵاتیانی سەر هەردوو کەناری ڕووبارەکە کە ئەم ئاوە بۆ خواردنەوەو پێداویستیی ڕۆژانە بەکاردێنن.

ڕاپۆرتی وەزارەتی نەوت ئاماژە بەوە دەکات کە لە ماوەی ١٠ بۆ ٣٠ ڕۆژی داهاتوو دەتوانرێت ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت، ئەگەر نەتوانرا بکوژێنرێتەوە ئەوا شەقام و کۆڵانەکانیش پڕدەبن لە نەوت ئەو کاتە دانیشتووانی گەیارە کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠ هەزار کەسە شارەکە جێدێڵن، ئەمەش کارەساتێك دێنێتەئاراوە بۆ ئەوانەی کۆچ دەکەن و کاریگەریی بۆ سەر تەندروستیی دانیشتووانی شارەکە دەبێت و ژینگەی ناوەکەش پیس دەکات لە ڕێی دروستبوونی دووکەڵێکی ڕەش کە ناوچەکە دادەپۆشێت، کە دواتر ناوچەو شارەکانی دیکەش دەگرێتەوە، ئاوی ڕووباری دیجلەش کە نزیکە لەو بیرانە بە تەواوی پیس دەبێت.

جێی بیرهێنانەوەیە کە سووتاندنی بۆڕی هەناردەکردنی نەوتی نزیك گەیارە لە ساڵی ٢٠١١ بووە هۆی دروستبوونی هەورێکی دووکەڵاوی لە ئاسمانی ناوچەکەدا، کە کاریگەرییەکەی گەیشتە زوممار کە بە ٨٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری گەیارە، واتا ماددەی پیسبوو لە ئەنجامی سووتانی نەوتەکە ناوچەیەکی بازنەیی بە تیرەی ١٦٠ کیلۆمەتر دروستکرد، بۆیە ئەم جارە ڕووبەرو تیرەی سووتانی بیرەنەوتەکانی گەیارە لە ئاگرەکەی ساڵی ٢٠١١ زیاتر و فراوانتر دەبێت، ئەگەر بێتو بە خێرایی ئاگرەکەی بیرە نەوتەکانی گەیارە کۆترۆڵ نەکرێت.

**لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٥ی ئابی ٢٠١٦ کێڵگەکانی گەیارە کە لەژێر دەستی داعشدا بوون ڕۆژانە ٢٠ هەزار بەرمیل نەوتیان لێ دەردەهێنان، کە ڕۆژانە بە ٢٠٠ تانکەر دەگوازرایەوە بۆ هەندێ پاڵاوتگەی ئەهلی نزیک لە شارۆچکەی حەمام عەلیل**

**هێزەکانی داعش پەنایان بردە بەر تەقاندنەوەی بیرەکانی نەوت و دامەزراوە نەوتییەکان و سووتاندنیان بەدرێژایی ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتیان لە سووریا و عێراق دوای ئەوەی ترسان کە لە کۆنترۆڵی ئەواندا نەمێنن**

## • نەوتی کێڵگەکانی گەیارە سەرچاوەی دارایی هێزەکانی داعش بوون

بەرهەمە نەوتییەکانی گەیارە سەرچاوەی سەرەکیی هێزەکانی داعش بوونە لە پارێزگای نەینەوا، هەر بە پشتبەستن بەم سەرچاوەیەش ناوبەناو هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق، هاوکات کارتێك بووە لە دەستی داعش کە هەڕەشەی پێ دەکرد لە حاڵەتی هێرشەکانی هێزەکانی عێراق بۆ سەر گەیارە ئەوان ئەو بیرە نەوتانە بتەقێننەوە. هێزەکانی داعش توانیان لە ساڵی ٢٠١٤ تاکو ٢٥ی ئابی ٢٠١٦ واتا بۆ ماوەی دوو ساڵ رۆژانە ٢٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنن، ئەگەر نرخی هەر بەرمیلێکمان بە ٣٠ دۆلار خەملاند، ئەوا کۆی داهاتی ساڵانە بە زیاتر لە ٢١٦ ملیۆن دۆلار دەبێت، بەڵام لە نیوەی ساڵی ٢٠١٥ بەرهەمهێنانی نەوت رۆژانە بۆ ٧٠ هەزار- ١٠هەزار بەرمیل دابەزی، بۆیە ئەگەر بە هەمان نرخ ( ٣٠ دۆلار) پارەکە بخەمڵێنین ئەوا داعش لە ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٦ توانیویەتی ٧٥-١٠٨ ملیۆن دۆلاری دەست بکەوێت.

## • گرنگیی ناوچەی گەیارە بۆ داعش

١. ناوچەی گەیارە و ئەو کێڵگە نەوتییانەی تێیدایە بە ناوەندێکی گرنگی پارەدارکردنی داعش دادەنرێت لە ڕووی سووتەمەنی و بەرهەمە نەوتییەکان لە سنووری هەر چوار پارێزگای سەلاحەدین و کەرکوك و هەولێرو موسڵ کە لە سنووری گەیارەن.

٢. درێژبوونەوەی ناوچەی گەیارە لە ڕووی جوگرافییەوە بە ئاراستەی ناوچەی تەلەعفەر و لەوێشەوە بۆ سووریا، بە تایبەتی دوای رزگارکردنی شاری شنگال لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە.

٣. ئەو سنوورە جوگرافییەی کە لە زنجیرە چیاکانی حەمرین و مەکحول و شێخ ئیبراهیم پێکهاتووە کە بە کاریگەریی تایبەتمەندییەکانی جیۆلۆجی و جیۆمۆرفۆلۆجی- بەرزونزمیی خاك درووستبووە، ئەمەش بریتییە لە زوورگەکانی جەرادو ئەشکەوتەکان و کاریزە قووڵەکان لە ناوچەی گەیارە.

٤. هەروەها ڕێڕەوی رووباری دیجلە بە تەنیشت لای رۆژهەڵاتی ناوچەی گەیارە کە ئاستەنگ بوو بۆ جووڵەی هێزەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگەدا، سەرباری شێوەی نیمچە بیابان کە گەیارەو دەوروبەری دەگرێتەوە، کە بریتییە لە وشکەڵان و گەرمای بەتین ٤٥-٤٨ پلەی سیلیزی لە وەرزی هاویندا، هاوکات گەردەلوولی خۆڵاوی و کەمیی سەرچاوەکانی ئاو، کە تەگەرەن لەبەردەم چالاکییە سەربازییەکانی هێزەکانی عێراق لە ناوچەکەدا.

## • زیانەکانی داعش دوای دەرکردنیان لە ناوچەی گەیارە

١. لەدەستدانی ناوچە نەوتییەکانی ژێر دەستی داعش کە سەرچاوەی سەرەکی و دارایی ئەو رێکخراوە بوو بە تایبەتیش لە رووی بەرهەمهێنانی زۆربەی جۆرەکانی بەرهەمی نەوت، دوای رزگارکردنی کێڵگەی گەیارە لەمەودوا داعش ناتوانێت یەك بەرمیل نەوت لەو کێڵگانە دەربهێنێت، هەروەها لە کێڵگەکانی نەوتی پارێزگاکانی نەینەواو کەرکوك و سەلاحەدین، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەبێت بۆ سەر دابینکردنی سووتەمەنی و بەرهەمەکانی نەوت بۆ هێزەکانی داعش، کە دواتر دەبێتە ئاستەنگ بۆ جووڵەی هێزەکانی لە ناوچەکانی دەوروبەرو گورزێکی کوشندەیان لێدەدات.

٢. لە ساڵی ٢٠١٤دا داعش دەستی بەسەر نزیکەی ٤٠٪ی خاکی عێراقدا گرت و لە تەمموزی ٢٠١٦ بۆ ١٢٪ دابەزی، هاوکات رێژەکە بۆ ١٠٪ دابەزی دوای رزگارکردنی گەیارە،هەروەها رزگارکردنی ١٥٠ کیلۆمەتر دووجا لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە لە مانگی ئابدا کە ٣ تەوەری گرتەوە( مەخموور و گوێر و خازر)، لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئایاری ٢٠١٦ رایگەیاند کە داعش ٤٥٪ی خاکی عێراقی لەدەستداوە وێڕای لەدەستدانی ١٦-٢٠٪ی خاکی سووریا.

٣. رزگارکردنی ناوچەی گەیارە دابەشکردنی ئەو ناوچەیەی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی داعشی کردە دوو ناوچە( ناوچەی حەویجە و باشووری مەخموور و رەشادی رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە) و ( ناوچەی رۆژئاوای رووباری دیجلە — شاری موسڵ ) بەمەش بووە هۆی دابڕانی نێوان هێزەکانی داعش لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوای دیجلە.

٤. بەیەك بەستنەوەی ناوچەی هاوبەشی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی عێراق لە ناوچەی گەیارە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی چالاکی و هەماهەنگیی سەربازی و ئەمنی و گەمارۆدانی هێزەکانی داعش، بەتایبەتیش لە حەویجە، کە لەو شوێنەدا داعش لەهەموو لایەکەوە لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی عێراق بە تەواویی گەمارۆدراوە، لە ئەنجامدا دەبێتە هەنگاوێك بۆ کەمکردنەوەی ئەو رووبەرە خاکەی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی داعش و کەمکردنەوەی چالاکییەکانیان، دواجار ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری موسڵ لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاسان دەکات.

---

* راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان

**سووتاندنی بۆری هەناردەکردنی نەوتی نزیک گەیارە لە ساڵی ٢٠١١ بووە هۆی درووستبوونی هەورێکی دووکەڵاوی لە ئاسمانی ناوچەکەدا، کە کاریگەرییەکەی گەیشتە زوممار کە بە دووریی ٨٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری گەیارە**

**لە ماوەی ١٠ بۆ ٣٠ رۆژی داهاتوو دەتوانرێت ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت، ئەگەر نەتوانرا بکوژێنرێتەوە ئەوا شەقام و کۆڵانەکانیش پڕدەبن لە نەوت ئەو کاتە دانیشتووانی گەیارە کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠ هەزار کەسە شارەکە جێدێڵن**